# کوردستان


ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٨٢٦ ■ پێنج شەممە ١٦ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٧ی جوولای ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## پارێزبەندی بۆ کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی




ڕێککەوتنی دوولایەنەی ئێران و بێلژیک بۆ گۆڕینەوە و گەڕاندنەوەی تاوانبارانی ئەم دوو وڵاتە لەگەڵ یەکتری و باسی پەسندکرانی ئەو ڕێککەوتنە لە پارڵمانی ئەو وڵاتەدا کاردانەوەی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

لە کۆبوونەوەی پارڵمانی بێلژیکدا نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەت بە ئاماژە بە دیپلۆمات تێرۆریستێکی وەک ئەسەدوڵلا ئەسەدی کە بە تاوانی بەشداری لە کردەوەیەکی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیدا سزای ٢٠ ساڵ بەندکران لە زیندانێکی بێلژیکی بەسەردا سەپاوە، نیگەرانیی خۆیان لەو بڕیارەی وڵاتەکەیان ڕاگەیاند. ئەوان دەڵێن پەسندکرانی ئەو بڕیارە ئاکامەکەی دەبێتە هاندنی پتری کۆماری ئیسلامی بۆ سووربوونی لەسەر کردەوە تێرۆریستییەکانی.

کۆمەڵێک لە نوێنەرانی دێموکرات و کۆماریخوازی کۆنگرەی ئەمریکاش لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکوەزیرانی بێلژیک داوایان کردوە پارڵمانی ئەو وڵاتە بە پەسندکرانی ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ دەستئاوەڵایی زیاتر بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە جینایەت و تاوانەکانی دروست نەکا. ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییش داوای دڵنیایی لە بێلژیک کردوە کە ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ئێران پێشێلکەری دەروەستییە نێودەوڵەتییەکانی ئەو وڵاتە نەبێت و نەبێتە هۆی پارێزراوی بۆ جینایەتە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی.

# باجدان بە کۆماری ئیسلامی هاوبەشییە لە تاوان و جینایەتەکانیدا

سەروتار

## دابینکردنی دەستەبەر بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

عەلی بداغی

لە ٢٢ی پووشپەڕ، ٣٣ ساڵەی تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهیدانی دیکەی ڤییەن لەو ڕۆژەدا نیزیک دەبینەوە. ئەم ڕۆژە هەم بیرهێنەرەوەی جینایەتێکی گەورەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەی کوردە کە بە کەلکوەرگرتنی خراپ لە خەسڵەتی بەرزی مرۆیی و دێموکراتیکی د. قاسملوو و، بە ڕاخستنی دێوجامە کاراکتەری کاریزماتیکی جووڵانەوەی کوردی تێرۆر کرد، هەم ڕیسواییەک بۆ نیزامی دادی ئۆتریش کە سەرەڕای هەموو بەڵگە و دێکیۆمێنتەکان بە ئازادکردنی تێرۆریستەکان، بەرژەوەندیی ئابووریی خستە پێش دادپەروەری و بایەخە ئینسانی و پرەنسیپە مرۆییە جیهانداگرەکان، پێچەوانەی ئیدیعاکانی ئەم وڵاتە ڕۆژاواییە.

بەم پشتتێکردنەی حکوومەتی ئۆتریش لە دادپەروەری و بەو چاونووقاندنەی لەهەمبەر کردەوە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دەستی ڕێژیمی تارانی ئاوەڵا کرا تا بە ڕووهەڵماڵاویی زیاترەوە چ ڕاستەوخۆ لەلایەن تیمە نێردراوەکانی خۆیەوە، یا ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بریکارەکانی وەک گرووپی حیزبوڵڵای لوبنان و مافیاکانی چەک و مادەی هۆشبەرەوە هەتا ئێستاش لە کوشتنی نەیارە سیاسییەکانی بەردەوام بێت. سیاسەتی نەگۆڕی ڕێژیم کە لە ڕەوتی بەردەوامیی خۆیدا سپای پاسدارانی لە هێزێکی نیزامی سیاسیی ئیدئۆلۆژیک، ئارمانخواز لە چوارچێوەی وێژمانی توندڕەوانەی شیعەوە کردە مافیایەکی دەسەڵات، کە لە کابولەوە هەتا کاراکاس و لە بەغداوە هەتا بەیرووت تەڕاتێن بکا و ئەمنییەت و ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢




## وەدینەهاتنی ٦٥٠٠ پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان

سیاسەتی هەڵاواردن، پشتگوێخستن و ئەمنیەتیکردنی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بووەتە هۆی ئەوەی نیزیک بە ٦٥٠٠ پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان نیوەچڵ بمێننەوە.

بەپێی ئاماری ڕەسمی و داننانی کاربەدەستانی هەرە ئاستبەرزی ڕێژیم بارودۆخی ئابووری و گەشەسەندنی ناوچەکانی کوردستان لە قەیرانێکی قووڵدایە. ئیسماعیل زارعیی کووشا، پارێزگای سنە نایشارێتەوە کە هەزار و ٧٤٢ پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە لەو پارێزگایەدا بەهۆی ئاوڕنەدانەوەی دەوڵەت نیوەچڵ دەستیان لێ هەڵگیراوە و بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە بڕی پێنج هەزار و ٣٦٠ میلیارد تمەن بودجە پێویستە.

محەممەدسادق موعتەمەدیان، پارێزگاری ورمێ کە چەند ڕۆژ لەوەپێش سەردانی شاری خۆیەی کردبوو، بە مێدیاکانی ڕاگەیاند کە پتر لە ٣ هەزار پرۆژەی نیوەچڵ لەو پارێزگایەدا بەسەر دەستیاندا ماوەتەوە. ئەو گوتی لانیکەم ٨٦ هەزار پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی نیوەتەواو لە ئاستی وڵاتدا بەهۆی نەبوونی بودجە دەستیان لێ هەڵگیراوە.

حەسەن بەهرام نیا، پارێزگاری ئیلامیش دەڵێ بەهۆی زۆربوونی پرۆژە نیوەتەواوەکان لەو ساڵدا بناخەی هیچ پرۆژەیەکی دی دانانێن. ئەو ژمارەی پرۆژە نیوەچل و دەستلێهەڵگیراوەکانی ئەو پارێزگایەی ٥٤٥ پرۆژە ڕاگەیاندوە. بەپێی قسەکانی حەبیبوڵلا وەفایی، سەرۆکی ڕێکخراوی بەڕێوەبەری و پلاندانانی پارێزگاری کرماشانیش لانیکەم ١٢٠٠ پرۆژەی نیوەچڵ لەو پارێزگایەی کوردستان هەن کە بۆ تەواوکردنیان هەرنەبێ ٨٠ هەزار میلیارد تمەن بودجە پێویستە. ئەو دەڵێ سەتا ٨٥ی بودجەی ساڵانەی وڵات بۆ مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و پێدانی یارانە بە خەڵک دەڕوا و ئیدی شتێک بۆ تەواوکردنی پرۆژە نێوچڵەکان، یان دانانی بەردی بناخەی پرۆژەی نوێ نامێنێتەوە.

قسەکانی ئەو کاربەدەستە لە حاڵێکدایە کە لە لایحەی بودجەی وڵاتدا ئەوەندەی بۆ بەشی دەسەڵات و حوکمەت دەگەڕێتەوە، نە هیچ شتێک کەمە و نە شتێکیش بە ناوی قەیرانی ئابووریی هەیە. هەروەها هەمیشە دامەزراوە دەوڵەتییەکانی وەک حەوزەکانی علمییە، ڕێکخراوەکانی تەبلیغاتی ئیسلامی، بەسیج و سپا و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم پشکی شێر و سەرەکییان پێ دەبڕێ و بەشی خەڵک و پەروەردە و سلامەتی و ئاوەدانیش هەر ئەوەندەیە کە گوترا. دەنا چۆن بودجەی حەوزەکانی عیلمییە کە هیچ خێروبێرێکی بۆ کۆمەڵگە نییە دەبێ ٥٤ هیندەی بودجەی بەرنامەی پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات، ١٦ هیندەی بودجەی بنیاتی نەخۆشینە دەگمەن و درێژخایەنەکان بێ؟ یان چۆن دەکرێ کەمترین بەش لە بودجەی وڵات بۆ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە تەرخان بکرێت؟ لەو نێوەدا ئەوەی دەمێنێتەوە «کوردستان»ە کە دیسان پشکی شێری لە هەڵاواردنەکاندا پێبڕاوە.


کورد و دیپلۆماسی؛ تاران و تێرۆر — ل ٧

لێواری هەڵدێر و بەرجامی بێئەنجام — ل ٨

ڕەییسی، میراتگری ڕاستەقینەی خومەینی — ل ١٠

سەرنجێک لەسەر خزمەت و خەیانەتی مامۆستا و پەروەردەکاران — ل ١١

# دووهەمین پلینۆمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو



دووهەمین پلینۆمی ساڵانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی پووشپەڕی ١٤٠١ (٢٠٢٢/٦/٢٦ی ز) بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی، جێگر و ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێموکرات، ئەندامانی کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب، بەرپرسانی ناوەند و ئۆرگانەکانی حیزب و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانی حیزب و هەروەها ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەڕێوە چوو.

پلینۆمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێ کرد و لە بڕگەی یەکەمی دەستووری کاری پلینۆمدا بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەسەر بارودۆخی کوردستان، ئێران و پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان پێشکێش کرد. ئەم لێکدانەوە سیاسییە دواتر بە هەڵسەنگاندن و ڕا و بۆچوونی بەشدارانی پلینۆم دەوڵەمەندتر و وەک دێکیۆمێنتێکی پلینۆم پەسند کرا.

لە سەرەتای ئەم لێکدانەوەیەدا باس لە دۆخی سیاسی و ئابووریی و پێگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا کرا. پلینۆم لەو بەشەدا بە هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕای وابوو کە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە ئێران وڵاتێکی سەرەڕۆ، نەحاواوە و قەیرانخوڵقێن بۆ ئەمنییەت و سەقامگیری لە ناوچە و، نادێموکراتیک و سەرکوتگەر لە نێوخۆی وڵاتی بۆ هەمووان لە بیروڕای گشتیی جیهاندا دروست کردوە.

پلینۆم لەو هەڵسەنگانەدا بە تیشک خستنەسەر دۆخی دژواری ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک لە یەک ساڵی ڕابردوودا، کە لە سۆنگەی بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری و گرانیی لە ڕادەبەدەر کەوتوونەتە تەنگانەیەکی زۆرەوە؛ هۆکاری ئەو بارودۆخە نالەبارەی بۆ گەندەڵیی سیستماتیک لە تەواوەتیی ڕێژیمدا و، مودیرییەتی نالێهاتوو لە ئیدارەکردنی وڵاتدا گەڕاندنەوە و بەرپرسایەتیی ئەم دۆخە تراژیکەی خستە ئەستۆی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، کە بە بەبارمتەگرتنی خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران هەموو سامان و داهاتی گشتیی وڵاتیان خستۆتە خزمەت پەرەپێدان بە سیاسەتە ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆیان لە ناوچە و جیهاندا. پلینۆم هەر لەو بەشەدا بە هەڵسەنگاندنی تایبەتیری بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕای وابوو کە ناوەندە ئەمنیەتییە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم بە پێداگرییان لە سیاسەت و کردەوەی زەبروزەنگ و سەرکوتی ماف و داخوازییەکانی خەڵک -بەتایبەت ئەوەی لە بەردەوامیی پێشێلکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و بە تایبەتیتر لە سەرکوتی مانگرتنی مەدەنییانەی مامۆستایاندا دەیبینین- لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردووشدا لە ئەمنیەتیکردنی پتری ناوچەکانی کوردستان و لە سیاسەتی هەمیشەیی و نەگۆڕی لە بواری هەڵاواردن و سەرکوت لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بەردەوام بووە.

لە تەوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندنەکەی پلینۆمدا تیشک خرابووە سەر ئەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا بە دەکارکردنی کارتەکانی پشتیوانیی ڕووسیە و چین لە ڕێژیم لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا و مانۆڕدان لە کەلێنی نێوان پێکدژیی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز، ستاتوی خۆی لە بەرەی دژی ڕۆژاوادا یەکانگیر بکا و پارێزراوییی پتر بۆ بردنەپێشی پڕۆژە ئابووری، ئەمنییەتی، و سەربازییەکانی و هەروەها سەرکوتی جووڵانەوە ئێعترازییەکانی نێوخۆی وڵات دەستەبەر بکا. لەگەڵ ئەوەشدا پلینۆم بە ئاماژە بە هەوڵەکان بۆ دیسان دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان بۆ ژیاندنەوەی بەرجام، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مەوقعییەتی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا لاوازتر و شکێنەرتر لەوەیە کە ڕێبەرانی ڕێژیم بۆخۆیانی وێنا دەکەن و تەنانەت لە ئەگەری بەئاکام گەیشتنی دانوستانەکانی ژیاندنەوەی بەرجامیشدا هەم دیاردەی کۆماری ئیسلامی هەروەک پێشوو هۆکاری ناسەقامگیری لە نەزمی جیهانیدا دەمێنێتەوە و هەم ئەو ڕێککەوتنەش ناتوانێ دەفریای کۆماری ئیسلامی بێت. چونکی لەلایەک کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی ڕێژیمێکی چاکەخواز و دەروەست بە بەڵێن و پەیمانە نێودەوڵەتییەکان نییە و؛ لەلایەکی دیکەش چارەسەریی کۆی کەڵەکەبووی قەیرانەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە نێوخۆی وڵات دەرەنجامی ڕێککەوتنی بەرجام نییە و هۆکارە بنەڕەتییەکەی بۆ دنیابینیی سیاسی و ئیدۆلۆژیکیی ڕێبەرانی ڕێژیم لە سیاسەتی دەرەوە و بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەگەڕێتەوە کە لەو پێوەندییەدا دوگم و نەگۆڕن.

پلینۆم لە بەشێکی دیکە لە لێکدانەوەکەی خۆیدا بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی کۆمەڵگەی جیهانی کە تا ئێستا کێشە و ئارێشەکانی کۆماری ئیسلامییان تەنیا لە سەرەڕۆیی و بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکانی ئەو ڕێژیمەدا سنووردا کردوە، بە تیشک خستنەسەر کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی پاڵپشتی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی، بارمتەگیری و باجئەستێنی، دەستێوەردان و نانەوەی بشێوی و ناسەقامگیری لە وڵاتانی دراوسێ، لە تەنیشت سیاسەتی هەمیشەیی نواندنی زەبروزەنگ و سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی هەرچەشنە نارەزایەتییەک لە نێوخۆی وڵات لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا؛ ئەو ئاکامگیرییەی کرد کە کۆماری ئیسلامی زەرفییەتی گۆڕانی بە لای چاکسازی و لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا تێدا نییە. بۆیە هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بێت لە دۆخی ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکەدا گۆڕانێک پێک نایەت و هەتا پرسی مافە نەتەوەیی، مەدەنی و دێموکراتیەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتیش چارەسەر نەبن، ئەم وڵاتە لە نێو خۆیشیدا ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ؛ بۆیەکۆمەڵگەی جیهانی نابێ ئەو ڕاستییەی لەبەرچاو ون بێ کە سیاسەتی هەڵکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و چەندی نەرمینواندن بەنیسبەت کۆماری ئیسلامی، ئەوەندە ناوچەکە بەرەو نائارامی و ناسەقامگیریی زیاتر دەبا. هەر لەو بەشە لە باسەکانی پلینۆمدا، پلینۆم بە تاوتوێی ئەو بابەتە کە سیستمی سیاسیی وەک کۆماری ئیسلامی کە پشتئەستوور بە هێزی سەرکوت و داپڵۆسینە بە پڕۆژەی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن و چێبوونی ئاڵترناتیڤی ئەو سیستمە سیاسییە دەڕووخێ، ئەو ئاکامگیرییەی کرد کە ئۆپۆزییسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری جۆراوجۆر و فرەڕەهەند هێشتا نەیتوانیوە ئەو ستاتویە بۆخۆی دروست بکا و لەو سۆنگەیەوە نەبوونی یەکڕیزیی هێزە سیاسییەکان و بەربڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی بە هۆکارێکی بنەڕەتیی شەڕانشۆیی و تەڕاتێنەکانی کۆماری ئیسلامی دانا. پلینۆم دواجار لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێویستە هەوڵی هەمەلایەنە بۆ ئەو مەبەستە بێت کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە عەقڵییەتی ڕێککەوتن و سازان بەرەو دەرکەوتن و خۆپێناسەکردنی وەک ئاڵترناتیڤی بەهێز، دێموکراتیک و جێی متمانە بڕوات و، لەو پێوەندییەدا جووڵانەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ هۆکاری ئەرێنی و بەشێکی بەهێز لە وەها بەرەیەکی دێموکراتیک بۆ لادانی کۆماری ئیسلامی بێت.

پلینۆمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی لێکدانەوەکەی خۆیدا بە ئاماژە بە بەردەوامیی تێکۆشانی سیاسی و بزاوتە فەرهەنگی و مەدەنییەکانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بزاوتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕووناکبیری و مەدەنی و، بەگشتیی ڕەوتی شوناسخوازی و ئیرادەگەریی گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەپێی هەل ودەرەتان و سەرەڕای سیاسەتی هەمیشەیی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی هەر وا بەرەو پێش هەنگاو دەنێ و لەو سۆنگەیەوە ئاستی مافخوازی و شعووری بەرزی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی کە هێماکانی لە دەرکەوتن ڕێکخستنە جۆراوجۆرەکاندا وێنا دەبن، بەرز نرخاند. هاوکات بە سەرنجدان بە جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە سەرکەوتنی یەکجاریی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی پتری بە یەکڕیزی و هاوپێوەندیی بەکردەوەی هەم حیزبە سیاسییەکان و هەم هەموو تاکەکان و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە هەیە.

پێویستیی لێکتێگەیشتنی نەتەوەکانی ئێران بە سەرنجدان بە قورسایی و فاکتەری هاوبەشیی دوو نەتەوەی فارس و ئازەری لە دروستکردنی ئێرانی داهاتووی دێموکراتیک بۆ هەمووان و لێکگرێدانی وزەی خەباتگیڕیی هەموو نەتەوەکان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، ئاوڕدانەوە لە هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی عێراق و دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاریگەریی ئەم ڕەوشە لەسەر پێگەی حیزبی سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم، دۆخ و ئاسۆی مانگرتن، خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران چەند تەوەرێکی دیکەی لێکدانەوە سیاسییەکەی دووهەمین پلینۆمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. پلیۆم لە پێوەندی لەگەڵ هەرکام لەو باسانەدا پاش باس و هەڵسەنگاندن و بەرچاوڕوونی، ڕا و سەرنج و ڕاسپاردەکانی خۆی بە ڕێبەریی حیزب دا.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆمدا کە بۆ باس لە دوا پێشڤەچوونەکانی پرسی یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکرات تەرخان کرابوو، پلینۆم وێڕای بەرزنرخاندن و پەسندکردنی کار و هەوڵی هەیئەتەکانی دانوستانکاری حیزب بۆ پێشکەوتنە بەرچاوەکان لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکاندا، دوو بەڵگەنامەی "ئوسوول و پرنسیپەکان و مکانیزمەکانی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان" و "ڕەشنووسی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"ی تاوتوێ کرد و دەفتەری سیاسیی حیزب و هەیئەتی دانوستانکاری حیزبی بۆ درێژەدان بە ڕەوتی دانوستانەکان لەپێناو بەئەنجامگەیاندنی ئەو بابەتە پێویست وگرینگە ڕاسپارد.

دووهەمین پلینۆمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزب پاش خستنەبەرباسی کۆمەڵە بابەتێکی نێوخۆیی و دەروونتەشکیلاتی و وەرگرتنی بڕیار لەسەریان، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٦ی پووشپەڕی ١٤٠١**

◆ درێژەی سەروتار

# دابینکردنی دەستەبەر بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

**عەلی بداغی**

... سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا بەبارمتە بگرێت. بەڵام ئەم باسە بۆچی لە ئێستادا گرینگە؟ وەڵامەکەی دەبێ لە ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەکارهێنانی چەکی تێرۆر لە ساتوسەودا جیهانییەکاندا بۆی بگەڕێین:

یەکەم، پارلمانی وڵاتی بێلژیک لایەحەی گۆڕینەوەی بەندییە تاوانباران لەنێوان وڵاتانی بۆ پەسندکردن خستۆتە ڕۆژەڤی کاریەوە. بێتوو ئەو پەیماننامەیە پەسند بکرێ، تاوانبارانی چەند وڵات کە یەک لەوان ئێرانە، لەگەڵ بەندکراوانی بێلژیکی دەگۆڕدرێنەوە و دەنێردرێنەوە وڵاتی خۆیان. بەجۆرە دیپلۆمات تێرۆریستێکی وەک ئەسەدوڵڵا ئەسەدی کە بەتەمابوو کۆبوونەوەیەکی سیاسیی لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە پاریس بتەقێنێتەوە و لەو سۆنگەیەوە گیرا و سزای ٢٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا، هەلی ڕادەستکردنەوە بە ئێرانی بۆ دەڕەخسێت. هاوکات ئەوەندەی دیکە دەستی ڕێژیم بۆ بارمتەگیری و کردەوەی تێرۆریستی ئاوەڵاتر دەبێت.

دووهەم، هەر دوو حەوتوو لەوە پێش بوو کە حوسێن تائیب، سەرۆکی ناوەندی هەواڵگریی سپای پاسداران لەسەر کار لابرا. هۆکارێکی گرینگی ئەو بڕیارە لە تەنیشت دەستەوەستانیی ناوەندە ئەمنییەتییەکان لە دەستوەشاندنە گورچکبڕەکانی ئیسرائیل لە خاکی ئێراندا، ڕاست بۆ زەبوونی و دەستەوەستانیی هێزە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران بۆ کوشتنی هاووڵاتییانی ئیسرائیلی لە خاکی تورکیە و وڵاتانی دیکە دەگەڕێتەوە. سیاسەت و پلانێک کە ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بەهۆی باڵادەستیی مووساد و یارمەتیی ناوەندە هەواڵگرییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی ئیسرائیل نەیتوانیوە لە بەرژەوەندیی خۆی دژی ئەم وڵاتەدا بە کاری بێنێ، بەڵام قەرار نییە کۆماری ئیسلامی لە هیچ هەلومەرجێکدا وەلای بنێت. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە جەمسەر و سپۆنسەری تێرۆریزم لە دنیادا دەناسرێ و سەرەڕای سەدان کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوارقوژبنی دنیادا، بەڵام لە چەند پەروەندەیەکدا نەبێ -بۆ نموونە تێرۆری شاپووری بەختیار و تێرۆری مێکونووس- ڕێژیمی تاران وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە. هەروەها لە ژمارەیەکی کەم لەو تێرۆرانەدا نەبێ، لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوی بێلایەنەنانەش لەو کردەوە تێرۆریستییانەی ڕێژیم نەکراون و بڵاو نەبوونەتەوە، ئەوە نەبێ کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی دوو ساڵ لەوە پێش(١٣٩٩ی هەتاوی) ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤١ ساڵەدا ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا کردوە. بڕیاری دادگای مێکونووسیش ئەگەرچی بۆ ماوەیەک ڕێژیمی تارانی هەس دایەوە، بەڵام ماشێنی تێرۆری سپای پاسداران لە وڵاتانی ناوچەی لەگەڕ نەخست. تێرۆری ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستان بە بەردەوامی کە مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات تازەترینیان بوو؛ تێرۆری محەممەدڕەزا کۆلاهی لە ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٤ لە شاری ئالمیرای هۆلەند، تەقینەوەی شەوی یەلدا لە شەوزستانی ١٣٩٥ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات؛ تێرۆری "ئەحمەد مەولا نیسی" لە ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ لە شاری لاهەی هۆلەند مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە خەرمانانی ١٣٩٧؛ تێرۆری "مەسعوود مەولەوی" لە ٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ لە ئیستانبوڵی تورکیە؛ و لیستەیەکی دوور و درێژی دیکە پێمان دەڵێن لەسۆنگەی هەڵکردن و چاوپۆشیی بەرژەوەندخوازانەی وڵاتان هیچ کوێی ئەم دنیایە بۆ دژبەران و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم ئەمن نییە. بەتایبەت کە تێرۆر لە تەنیشت ئێعدامە سیاسییەکان لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا بۆ زەبروەشاندن لە نەیاران و کپکردن و خنکاندنی هەرچەشنە دەنگێکی نارازی جیا لە پێداویستییەکانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و توتالیتێر، بۆ کۆماری ئیسلامی کارێکی پیرۆزیشە و شەرعییەتەکەشی لە دەقە ئاینییەکان وەردەگرێ. بۆیە ئەوەندەی بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ڕێبەرانی ڕێژیم لە هیچ بڕگەیەکی زەمەنی و لە هیچ بارودۆخێکدا ئەو سیاسەتەیان و ئەو چەکە قێزەونە وەلا نانێن.

لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا ئەزموونی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە "تێرۆر" و "باجوەرگرتن" و کردنیانی بە چەکێک لەبەرامبەر وڵاتانی ڕۆژاوادا هەتا ئێستاش بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە. هەر ئەو ئەزموونەش دەریدەخا کە هەڕەشە، شەڕانخێوی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجی بن، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاربەدەستانی ڕێژیم و نێردراوە تێرۆریستەکانیان قیت و قازاخ لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپاییدا بسووڕێنەوە، ئەو سیگناڵە وەردەگرن کە هیچ تێچوویەک بۆ کوشتنی دژبەرەکانیان نادەن. بۆیە ئەمە بۆ وڵاتان هەم دەبێ ئەرک و پڕەنسیپێکی ئەخلاقی بێ و هەم ئەشێ بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا ببیننەوە کە چیدی لە پشت ڕێژیمێکی تێرۆریستدا نەوەستن. ئەویش ڕێژیمێک کە هەتا دێ پتر دەکەوێتە بەر ڕق و بێزاریی خەڵکەکەی و نە لەنێو خۆی وڵاتدا هیچ شەرعییەتێکی هەیە و نە لە نێو هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانیدا دەتوانێ ڕۆڵێکی بۆ سەقامگیری و ئاشتی هەبێ، بگرە پێچەوانە و وەک هەمووان دەزانن هۆکاری زۆربەی قەیران و بشێوییەکانیشە.

## پەیامی خالید عەزیزی بۆ ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست:

# باشترین چارەسەر بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی پشتگرتنی خەڵکی ئێرانە

**ئاماژە: کۆبوونەوەی ساڵانەی شورای ئینترناسیۆنال سۆسیالیست ڕۆژی پێنجشەممە، ١٦ی پووشپەڕ (٢٠٢٢/٧/٧) لە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری ژنێف دەستی بە کارەکانی کرد.**
**هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە ئینترناسیۆنال سۆسیالیست بە هاوڕێیەتی شاندێکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سویس لەم کۆبوونەوانەدا بەشدارن و لە پەراوێزی کاری کۆبوونەوەکەشدا کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتنیان دەبێت. پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی کۆبوونەوەی شوڕادا لەلایەن مەولوود سوارە خوێندرایەوە.**
**کۆبوونەوەکەی شوڕای ئینترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.**

**بەڕێز جۆرج پاپاندریۆ، سەرۆکی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست!**
**بەڕێز لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست!**
**بەشدارانی بەڕێزی کۆبوونەوەی شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست!**
**میوانە بەڕێزەکان!**

وێڕای سڵاوی گەرم، زۆرم پێخۆش بوو ڕاستەوخۆ بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی شوڕا بوایەم، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک سەرقاڵی و ئەرکی حیزبی نەمتوانی خۆم بگەیەنمە کۆڕی یارانمان لەو ڕێکخراوە بەپرستیژ و خاوەن پێگەیەدا.

**بەڕێزان!**

کۆبوونەوەی ئەمجارەی ڕێکخراوەکەمان، شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە کاتێکدا دەگیرێ کە کۆمەڵگەی جیهانی بەرەوڕووی کۆمەڵێک شەڕ و قەیرانی جۆراوجۆر بۆتەوە کە هەرکام لەلایەک و بە شێوەیەک، هەڕەشە و مەترسییان لەسەر ئاشتی و سەقامگیریی جیهانی دروست کردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەو وڵاتانەیە بە شێوازی جۆراوجۆر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییە ڕۆژەڤەکانی وەک بەرجامدا دەوری سەرەکی دەبینێ و هاوکات هۆکاری بەشێکی بنەڕەتی لە قەیران و ناسەقامگیرییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. لە پێوەندی لەگەڵ بەرجامدا کە نیشانەی نیگەرانیی زۆر و قووڵی کۆمەڵگەی جیهانی لە شەڕانشۆیی و مەزنیخوازییە ئەتومی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە، ئێمە پێشتریش گوتومانە و ئێستاش پێداگریی لەسەر دەکەینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پرسی بەرجامدا خەڵک و کۆمەڵگەی ئێرانی بەبارمتە گرتوە و ئەو کارتە بۆ کات کوشتن و سەرقاڵکردنی کۆمەڵگەی جیهانی بەکار دێنێ بۆوەی لە نێوخۆی وڵاتدا سیاسەتی زەبروزەنگ و کپکردنی دەنگی نارەزایەتییەکان درێژە پێ بدا و دەسەڵاتی میلیتاری و سەرکوتگەرانەی خۆی بەسەر خەڵکدا مسۆگەر بێڵێتەوە. ئەوەش لە جێی خۆی کە چەکی ئەتومی و تێکنۆلۆژیی مووشەکیی کۆمەڵکوژ شتێک نییە کە خەڵکی ئێران بیانەوێت و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش تەنیا بۆ دەستەبەر و گەرەنتیی دەسەڵاتەکەیەتی کە بەئاشکرا و بەنهێنی و، بە پێشێلکردنی ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان هەوڵی دەستخستنی دەدات. بۆیە پێم باش بوو جارێکی دیکەش ڕابگەیەنم کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای بەئاکام گەیشتنی پرۆسەی ژیاندنەوەی بەرجام یان شکستی دانوستانەکان، ڕێژیمێکی دڵنیا و جێی باوەڕ بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و هاوبەشە سیاسییەکانی نییە و بە سەرنجدان بە دنیابینیی ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە ناشتوانێ خاوەنی ئەو پێگەیە بێت. ڕێژیمێک کە دەسەڵاتەکەی بە سیاسەتی بارمتەگیری دەست پێ کرد و بە پاڵپشتی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و باجئەستێنی بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەتا ئێرەی هێناوە، هەتا هەبێ و بمێنێ هۆکاری ناسەقامگیری و قەیرانە لە ناوچە و جیهاندا.



**بەڕێزان!**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدرێژایی تەمەنی دێموکراسی ئامانجی بنەڕەتیی بووە. ڕێزگرتن لە پرەنسیپە نێونەتەوەییە جیهانداگرەکان هەم ئەسڵی نەگۆڕی حیزبی ئێمە و هەم چرای خەبات و تێکۆشانی بۆ دەستخستنی ماف و ئامانجەکانی بووە و لەو پێناوەدا خەباتێکی سەخت و خوێناوی و بەرگرییەکی زۆری لە بەردەم شاڵاوی سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی کردوە. جیاواز لەوەش حیزبی ئێمە قوربانیی سەرەکیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بووە. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزب کە لەو مانگەدا یادی ٣٣ ساڵەی تێرۆرکرانی دەکەینەوە، لە ١٣ی جولای ١٩٨٩دا و لە کاتێکدا بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەگەڵ نێردراوانی کۆماری ئیسلامی کۆ ببۆوە، لەسەر مێزی دانوستان لەلایەن ئەو دیپلۆمات تێرۆریستانەوە تێرۆر کرا. سێ ساڵ دواتر د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری حیزبەکەمان کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ١٩ی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە وڵاتی ئاڵمان بانگهێشت کرابوو، شەوی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ و دوو ڕۆژ دوای تەواوبوونی کۆنگرەی ئێس ئای لە بڕلین، لە ڕیستورانتی مێکونووس کەوتە بەر دەستڕێژی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەهید کرا. هەر لەم ساڵانەی دواییشدا کۆبوونەوەی ڕێبەریی ئەو حیزبە دێموکرات و ئاشتیخوازە کە ئەندامی ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستە، لە ڕۆژی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨دا کەوتە بەر هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەم پەلامارە تێرۆریستییەشدا ١٦ تێکۆشەری ئەم حیزبە شەهید کران کە شەش کەس لەوان ئەندامی ڕێبەریی حیزبەکەمان بوون.

**بەشدارانی بەڕێزی کۆبوونەوەی شوڕای ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست!**

خەڵکی ئێران و لەنیو ئەواندا بە تایبەت کوردەکان زیاتر لە چوار دەیەیە لە خەباتێکی سەخت و دژوار بۆ مافەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەربەرەکانێدان. ئێمە لەو باوەڕەدایین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستاش وێڕای پاڵپشتی لە تێرۆریزم، قەیرانخوڵقێنی و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان و نائەمنکردن ناوچەکە بۆ متمانەپێکردن نابێ. بۆیە ئەمن داوا لە شوڕای ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست دەکەم پشتیوانی بزووتنەوە ئێعترازییەکانی گەلانی ئێران لەدژی کۆماری ئیسلامی بەگشتی و، بەتایبەتی جووڵانەوەی مافخوازیی کورد لەو وڵاتە بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێک بە ڕابردووی زیاتر لە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان کە باوەڕی قووڵی بە پەیماننامە و پرەنسیپە جیهانداگرەکان مافی مرۆڤ هەیە لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە باشترین چارەسەر بۆ تێپەڕین لە هەڕەشەی بەردەوام و هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچە، پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی مەدەنیی کۆمەڵانی خەڵکە لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی ئینسانی و دیموکراتیکی خۆیاندا و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێک، کە لە نێوخۆی وڵاتدا دێموکراتیک بێت و شەرعییەت و پاڵپشتیی گەلانی ئەو وڵاتەی لەپشت بێت و؛ لە دەرەوەی وڵاتیش حکوومەتێکی دەرووەست و هاوبەشێکی دڵنیا بۆ کۆمەڵگەی جیهانی بێت.

لە کۆتاییدا داوا لە هاوڕێیان و هاوئامانجەکانمان لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، بەتایبەت گرووپی کاری کوردان دەکەم کە دەوری کاراتر لە پرسە هەستیار و ڕۆژەڤەکانی ناوچەدا بگێڕن و بە گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران یارمەتیدەری چارەسەری پرسی کورد لەم وڵاتە و، لە هەمان کاتدا پشتیوانی پرسی ڕەوا و دێموکراتیکی کورد لە وڵاتانی دیکەی دراوسێی بن.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

# میتینگی کۆمیتەی مەدیتەرانەی یەکیەتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لە پۆرتوغال

ڕۆژی هەینی ١٠ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی، میتینگی کۆمیتەی مەدیتەرانەی یەکیەتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست لەژێر ناوی "دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای کۆڕۆنا"، لە لیسبۆن-ی پێتەختی پۆرتوغال دەستی بەکارەکانی کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی چالاکانەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو، کۆمەڵێک مژار و بابەتی تایبەت بە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتنە گۆڕێ.

کۆبوونەوەکە بە وتاری میگێل کۆستا ماتۆس، سکرتێری گشتیی لاوانی سۆسیالیستی پورتوغال، بروونۆ گۆنزالێس، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست و هەروەها سەیف عەقیل، کۆردیناتۆری کۆمیتەی مەدیتەرانە دەستی پێ کرد. بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکە ناساندنی ڕێکخراو و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی بەشداربووان بوو کە لەم بڕگەیەدا پێشەوا عەلیپوور، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای پلاتفۆرمی زوومەوە باسێکی سەبارەت بە لاوان لە کوردستان و ئێران پێشکەش کرد و هەڵسووڕانی ڕێکخراوەیی یەکیەتیی لاوان بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ بەشداران شی کردەوە.

پێشەوا عەلیپوور لە باسەکەیدا لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران ئاماژەی بەوە کرد کە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی، دەسپێکی دۆخێکی نوێی نادێموکراتیک بوو بۆ گەلانی ئێران و، داخرانی ئازادییە سەرەتاییەکان و دەرکردنی حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لە تێکۆشانی پارلەمانی و ئینتخاباتی، بەهاتنەسەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی بوونە دەسمایەی دیکتاتۆرییەتێکی نوێ.

لە درێژەی باسەکانی ڕۆژی یەکەم و دووهەمدا کەماڵ محیەدینی، وەک نوێنەری یەکیەتیی لاوان لەم کۆبوونەویەدا، چالاکانە لە باس و بابەتەکاندا بەشداری کرد. کەماڵ محێدینی بە ئاماژە بە دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هەڵکەوتی کوردستان لەو جوغرافیایەدا، باسێکی سەبارەت بە دۆخی لاوانی کوردستانی ئێرانی هێنایە گۆڕێ، هەروەها دۆخی ئێران لەسەردەمی کۆڕۆنادا لە مژارە گەرمەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون کە کەماڵ محیەدینی لەم بارەوە کورتەباسێکی لەمەڕ سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئێران و لاسارییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا سەبارەت بە بەکارنەهێنانی ڤاکسینەکانی فایزێر و ئاسترازینکا و هەروەها ئاکامەکانی بەکارنەهێنانی ڤاکسێنی ئیستاندارد لە ئێران هێنایە گۆڕێ.

لە ڕەوتی کاری ئەم کۆبوونەویەدا کەماڵ محیەدینی، نوێنەری یەکیەتیی لاوان زنجیرەیەک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حیزب و هەروەها لاوانی سوسیالیستی پۆرتوگال و، ئەندامانی پارلەمانی ئەم وڵاتە و ئەندامانی پارلەمانی یەکیەتیی ئورووپا هەبوون، کە لە پەراوێزی ئەم دیدارانەشدا مژار و بابەتی تایبەت بە لاوانی کورد هاتنە گۆڕێ.

لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا تا ڕێکارە کردەییەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی بڕیارنامە پەسەندکراوەکانی شوڕای ڕێبەریی لاوان بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە کە تێیدا چەند بڕیارنامەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە دەستووری کاردان.

کۆبوونەوەکە پاش سێ ڕۆژ کاری بەردەوام، ڕۆژی ١٢ی پووشپەڕ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

جێی بیرهێنانەوەیە کە شوڕای ڕێبەری لاوانی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست مانگی ڕابردوو لەژێر دروشمی "ئەجێندای ٢٠٣٠ و ئاڵەنگارییەکانی ئێوە" لە تیرانای پایتەختی ئالبانی بە بەشداری ٨٩ ڕێکخراو لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و مەدیتەرانە و ئورووپا و ئافریقا و ئامریکای لاتین بەڕێوە چوو. لە ڕەوتی چالاکییەکانی شوڕادا چەند بڕیارنامەی گرنگی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەنگی زۆرینەی بەرچاو پەسەند کران کە بریتی بوون لە:

١. نەورۆز کە بۆنەی نوێبونەوەی ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆربەی نەتەوەکان ئەم بۆنەیە جێژن دەگرن، بەڵام لەنێو هەموو نەتەوەکاندا نەتەوەی کورد لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی جیاواز ئەم بۆنەیە بەڕێوە دەبات. لە ڕۆژهەڵات ئەم بۆیە هێمایەکی نەتەوەییە و بە کچ و کوڕ بێ جیاوازی و بەیەکەوە ئەم بۆنەیە جێژن دەگرن و کۆماری ئیسلامی لاوان لەسەر کەرنەڤاڵە نەورۆزییەکان دەسبەسەر دەکات.

٢. بە پێی ڕاپۆرتی فێدراسیۆنی جیهانیی مافی مرۆڤ، کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵی ١٣٦٢ (١٩٨٣) ٥٩ لاوی بێتاوانی تەمەن ١٦ بۆ ٢٥ ساڵی خەڵکی مەهابادی ڕەشبگیر و ئێعدام کرد کە پێویستە بکەرانی ئەم کارەساتە بە سزای خۆیان بگەن، هەر وەک چۆن حەمید نووری لە دادگای سوئید بە سزای جینایەتەکانی گەیشت.

٣. کەماڵ شەریفی ڕۆژنامەنووسی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە حوکمی سێ ساڵ زیندانی بۆ بڕاوەتەوە کە نادادپەروەرانەیە و لە مافی چاوپێکەوتن و دوکتور بێبەشە، ئێمە پشتگیریی کەمپەینی نێونەتەوەیی ئەمنێستی ئینتێرنەشناڵ دەکەین بۆ پاراستن و ئازاد کردنی ئەم ڕۆژنامەنووسە.

٤. سپای پاسداران ئاسایش و ئەمنیەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی خستۆتە مەترسییەوە و ژینگەی لاوانی ئەفغانستان، ئێران، عێراق، سوریە، لوبنان و یەمەنی بە چالاکیی نیزامی تێک داوە.

٥. کۆماری ئیسلامی دۆخێکی ئابووریی نالەباری بەسەر خەڵکدا سەپاندوە و هەروەها خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان و چین و توێژەکان سەرکوت دەکات و پێویستە پشتیوانیی لە خۆپیشاندەران بکرێت. لەم دواییانەدا ڕێژیمی ئێران، هاوڵاتییانی هەڵگری دوو ڕەگەزنامە دەسبەسەر دەکات و پەیوەندیان دەدات بە خۆپیشاندانەکانی ئێران و لە هاوکێشە سیاسییەکاندا لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەکاریان دێنێت، پێویستە پشتگیری لە خۆپیشاندانی مامۆستایان بکەین.

***

یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست ساڵی ١٩٠٧ لە شتوتگارتی ئاڵمان پێکهاتووە و هەنووکە ١٦٠ ئەندامی لە زیاتر لە سەد وڵاتی جیهان هەیە کە لە ناو کورددا لاوانی هەدەپە و لاوانی یەکیەتیی نیشتمانی و لاوانی حدک و حدکا ئەندامن.

چالاکییەکانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست لەلایەن سوسیال دێموکراتەکانی ئورووپاوە پشتیوانیی ماڵی دەکرێ و سکرتاریەتی لە ڤییەنّدایە.




***

کوردستان
ژمارە ٨٢٦
١٦ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٧ی جوولای ٢٠٢٢



# ٣٥ ساڵ ئازار و نەهامەتیی شارێک



حەمەڕەسووڵ کەریمی

تازە یەکەم حەوتووی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی تێپەڕ ببوو. ژیان ڕەنگ و بۆن و بەرامەی تایبەت بەخۆی گرتبوو، قوتابیان پشووی هاوینی خۆیان دەست پێ کردبوو، خەڵک قۆڵی هیممەتیان لە کاری ڕۆژانە لە بازاڕ و مووچە و مەزراکان هەڵماڵیبوو. مخابن لەو ڕۆژەدا (٧ی پووشپەڕ) پێش ئەوەی خەڵک بۆ پشووی ڕۆژانەیان بگەنەوە ماڵەکانی خۆیان، لەپڕ لە کاتژمێر ١٦:٣٠ی خولەکی ئێوارەدا بە گرمە و هاشەی فرۆکە شەڕکەرەکانی حکوومەتی بەعس و بە دەنگی تەقینەوەی چەند بۆمبێک هەموو ئارەزوو و خولیاکانی ئەو شارە بوون بە خەڵوز، بوون بە ناڵە و ئێش و ئازارێکی تاهەتایی.

لەم ڕۆژەدا فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق چەند بۆمبێکیان بە سەر چەند گەڕەکی شار و گوندەکانی ڕەشەهەرمێ و دەشتی کەپران‌دا بەرداوە. لەپڕ شار نوقمی تەپ و تۆز و گڕ و وێرانی و خوێن و فرمێسک بوو، بە چەند خولەکێک بۆنی مەرگ و نەمانی هەموو شوێنێکی داگرت و بزەی خەڵکی شار بوو بە هاوار و ناڵە. شیمیابارانی شاری سەردەشت زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی و ژینگەیی بۆ دانیشتووانی ئەم دەڤەرە بەدواوە بوو، کە هەنووکەش ئاسەوارەکانی بە خەڵکی شار و منداڵانی تازە لەدایکبووەوە ودیارە و نەخۆشییەکان لەم دەڤەرە ڕوویان لە زیادی کردوە.

٣٥ ساڵە لەسەر ئەم جینایەت و کۆمەڵکوژییە لەلایەن شارەزایان و پسپۆران و خەمخۆرانەوە بابەتی لەسەر دەنووسرێ و لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ساخڵەمی و پزیشکیی لەسەر دەکرێ. بەڵام نەگۆڕ ئەوەیە کە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردودا بەبێ ئەوەی ئاوڕی جیددی لە زامداران بدرێتەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم لە هەموو ٧ی پووشپەڕێکدا بە وادە و بەڵێنی بێ‌کردەوە خەڵکی زامدار و کارەسات‌دیتووی ئەو شارە چاوەڕوانی ساڵێکی دیکە دەکەن. ئەوە لە حاڵێک‌دایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ساڵانەدا هیچ خزمەتگوزارییەکی پێشکەش بە قوربانیانی شیمیایی‌بارانی سەردەشت نەکرد، ئەوە نەبێ کە کارەساتەکەیان وەک کارتێک بەکار هێنا لە ململانێیەکانیان لەگەڵ سەدام و ڕێژیمی بەعس‌دا. تەنانەت دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و لە دادگایکردنی سەدامدا ڕێگەیان نەدا ئەم کەیسە لە دادگادا بخرێتە ڕوو. هەروەها لە دادگای لاهەشدا نەیاندەویست بە هیچ جۆرێک ئەم پەروەندەیە بخرێتەگەڕ، نەکا کوردەکان دەسکەوتێکی سیاسیی لێ دەستەبەر بکەن؛ لە بەرانبەردا لە هەر دو دادگاکەدا چالاکانی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵات بوون کە هەوڵی خستنە ڕووی کەیسەکەیان دەدا. بۆیەشە کە وتە و بەڵێنییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم بۆ بەدواداچوونی ڕەهەندی حقووقیی ئەو جینایەتە و پێڕاگەیشتن بە بەرکەوتووان و زیاندیتووانی ئەو کارەساتە هیچ کات وەڕاست نەگەڕاوە و تەنیا لە چوارچێوەی بەڵێنی بێ‌بنەمادا ماوەتەوە. قسەی بەرپرسان هیچ کات لە ئازاری خەڵکی گیرۆدەبوو بە گازە شیمیاییەکانی کەم نەکردۆتەوە، بەپێچەوانە هەموو ساڵێک چەند ئازیزێکی زامدار و پێکراو بە گازەکانی ئەسید و خەردەل، دوای چەندین ساڵ هەناسەساردی و بەبێ ئەوەی چارەسەریان بۆ کرابێ سەر دەنێنەوە و لە مەزارگەی گردەسوور لە لای خزم و کەسوکاریان بۆ ئەبەد دەستلەملانی خاکی وڵات دەبن و مەزارگەکەش هەر دێت و گەورە و گەورەتر دەبێ.

بە هۆی پێڕانەگەیشتن و ئاوڕنەدانەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێش و ئازار و نەهامەتییەکانی زامدارانی شیمیایی ڕوویان لە زیادبوون کردوە. بە گشتی ٣٥ ساڵە زامدارانی ئەو کارەساتە لە بواری پێڕاگەیشتن لەوپەڕی بێ‌ئیمکاناتی و بێ‌دەرمانی و بێ‌ئۆکسیژین و کەپسوولی تایبەتدا ژیان بە چەرمەسەری دەبەنە سەر و ڕۆژ بە ڕۆژیش بە هۆی ڕووداوە سرووشتییەکانی وەک خۆڵبارین، گەرمای لە ڕادەبەدەر، نەخۆشیی جۆراوجۆر و بەتایبەت نەخۆشیی کۆڕۆنا ژیان بۆ بەرکەوتووانی شیمیایی گەلێک قورستر و گرانتر بووە.

قەیرانی ئابووری زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە، ئەو قەیرانە ئێران بە گشتی و کوردستانیشی بە تایبەت گرتۆتەوە و چین و توێژی هەژار زیاتر کەوتوونە ژێر ئەو قەیرانە و بە هۆی هەڵاوسان و دارمانی تمەنی ئێرانی و نەبوون کار و پیشە، زامداران زیاتریش لە چینی هەژار کەوتوونە بەر جەنجەڕی ژیان. گرانی و نەبوونی و بێکاری و دارمانی تمەنی ئێرانی هەموویان ئەمرۆ بوونەتە بارگرانیی زیاتر لەسەر شانی بنەماڵەی زامدار و نەخۆش‌کەوتووانی شیمیابارانی شاری سەردەشت و ئەوەش بۆتە هۆکارێک کە بەشێک لە زامداران خۆیان بە سەرباری بنەماڵەکەیان بزانن و زۆر بە بێهیوایی و بە نائومێدی ژیان بەڕێ دەکەن.

ئەوەی کە ئەمڕۆ گرینگە درووست‌کرانی ناوەند و بنکەیەکی تایبەت بە پێڕاگەیشتن بە زامدارانی شیمیاییە، چوونکە ئەوانەی کە شیمیایی بوون، بەشی زۆریان بە نەخۆشییەکانی پێست و کۆئەندامی هەناسە و سیپەلک و ئاستما و کۆخە و ڕشانەوە، چاوکروزانەوە و تەنانەت بۆن و تام نەکردن لە خواردنەکان گیرۆدە بوون و لە نەبوونی ناوەندێکی پێڕاگەیشتن بە زامداران بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان دەبێ بچنە شارە دوورەکان و ئەوەش وێڕای ئەوەی کە هیلاکتر و ماندووتر دەبن هاوکاتیش لە بواری دارایی و خەرجی‌یەوە بارگرانی زیاتریان بۆ درووست دەکا.

ڕووڕەشی بۆ هەر دوو حکوومەتی ئێران و عێراق کە بوونە هۆی ماڵوێرانی و نەهامەتی گەلی کورد و بە درێژەدانی شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ ساڵە بوونە هۆی کارەساتی لە چەشنی شیمیابارانی سەردەشت و گوندی زەردە و شارەکانی دیکە و یەک لەوان هەڵەبجە.

## د. کامران ئەمین ئاوە:

# د. عەلی گەلاوێژ لە دنیای دوو جەمسەریی‌دا ڕزگاریی نەتەوەکەی لە بەرەی سۆسیالیزمدا دەدیت



**ئاماژە:** دوکتور عەلی گەلاوێژ یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی چەپی کورد بوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ساڵی ١٣٦٧ ئێعدامی کرد. دوکتور عەلی گەلاوێژ لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا لەگەڵ پۆلێکی دەیان کەسیی لاوانی کورد بۆ خوێندنی زانکۆ دەنێردرێتە شاری باکۆ لە کۆماری ئازەربایجان. ئەو دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان نەگەڕایەوە وڵات و دوکتۆرای ئابووریی سیاسیی وەرگرت. ئەو دواتر وەک کوردێکی مارکسیست لە ڕیزی حیزبی توودەدا درێژەی بە چالاکییە سیاسییەکانی دا و هەتا ئاستی ڕێبەریی ئەو حیزبە ڕۆیشت، بەڵام قەت پرسی شوناسخوازیی نەتەوەکەی لەبیر نەکرد.

"کوردکاناڵ" ماوەیەک لەوەپێش و لە نەوەدونۆیەمین ساڵەی لەدایکبوونی د. عەلی گەلاوێژدا بۆ شەن‌وکەوکردنی چەند لایەنێک لە ژیانی سیاسیی ئەو وتووێژێکی لەگەڵ د. کامران ئەمین‌ئاوە پێک‌هێنابوو. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە:

**دوکتور کامران! ئێوە بەبۆنەی نەوەدونۆیەمین ساڵەی لەدایکبوونی دوکتور "عەلی گەلاوێژ" بەدواداچوونێکتان بۆ ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبیی بەڕێزیان کردوە. با ئەو پرسیارە بکەینە دەروازەی باسەکەمان کە جەنابتان چۆنتان دوکتور عەلی گەلاوێژ ناسی؟**

ئەمن تەمەنم ١٥ ساڵ بوو. مامۆستا "عەلی گەلاوێژ"م بۆ یەکەمجار لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ و لە شاری بۆکان لە چەند کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسیدا چاو پێکەوت. درەنگتریش کاتێک ماڵمان لە تەورێز بوو، بە هەڵکەوت زۆرجار لە شەقامی شاناز دەمدیت و ئەو شانازییەم پێ دەبڕا کە نیزیک نیو سەعات و جاری وابوو زیاتریش پێکەوە پیاسەیەک بکەین. ئەمن ئەو پرسیارانەی بووم ئاراستەی مامۆستام دەکرد و ئەویش بە دڵئاوەڵاییەوە وەڵامی دەدامەوە. خاڵی سەرنجڕاکیش لە کەسایەتیی مامۆستا عەلی گەلاوێژدا ئەوە بوو کە وەختێک پرسیارێکت لی دەکرد ئەگەر ئاگاداری نەبایە و نەیزانیبا، زۆر ڕاحەت دەیگوت نازانم، پرسیارت بۆ دەکەم و وەڵامەکەت دەدەمەوە. ئەوە شتێک بوو ئینسان دەیتوانی لە مرۆڤێکی ئاوا بەرز و زانا فێری ببێت کە کاتێک ئاگاداری بابەتێک نییە پێویست ناکا قسەی لەسەر بکا.

**لەسەر ژیانی دوکتور عەلی گەلاوێژ، ئەوە کە کەی لەدایک بووە؟ لەکوێ خوێندوویەتی؟ بوارەکانی دیکەی ژیانی بەڕێزیان؟**

قسەکردن لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی مامۆستا بەهۆی کەمیی سەرچاوە و نووسراوە قورس و ئەستەمە، بەڵام ئەوەندەی ڕوونە ئەوەیە کە مامۆستا "عەلی گەلاوێژ" ساڵی ١٣٠١ی هەتاوی لە گوندی "ساروقامیش"ی بۆکان لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی فەیزوڵابەگی لەدایک بووە. مامۆستا عەلی گەلاوێژ لە یەکەم کەسەکان بووە کە بۆ دەرس خوێندن نێردراوەتە تەورێز و توانیویەتی لە ساڵی ١٣١٩دا قۆناغی دواناوەندیی ببڕێ و دیپلۆم وەربگرێ. لە کاتی کۆماری کوردستان‌دا کە تازەلاوێکی ٢٣-٢٤ ساڵان بووە، پلەی کاپیتانی پێ بەخشرا. برایمخان باوکی بەڕێزیان یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای کوردستان بووە. دوکتور عەلی گەلاوێژ ساڵی ١٣٢٥ لەگەڵ نیزیک بە ٦٠ لاوی کورد لەلایەن کۆماری کوردستانەوە نێردرا بۆ باکۆ بۆوەی لەوێ لە زانستگای سپاییدا دەرس بخوێنن. ئەو و سێ نەفەر لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەوێ تەنانەت وەکوو قوتابیی هەڵکەوتوو ناو بردران.

دوای ڕووخانی حکوومەتی ساوای کۆماری کوردستان بەشێک لە قوتابییەکان گەڕانەوە، بەڵام مامۆستا گەلاوێژ و بەشێک لە کوردەکانی ئەوێ وەکوو "د. ڕەحیم سەیفی قازی"، "د. سوڵتان ئۆتەمیشەیی"، "د. کەریم ئەییوبی" و "د. مستەفا شەڵماشی" و... ئەوانە لەوێ مانەوە و توانییان لە بواری جۆراوجۆردا بە ئاستێکی بەرزی زانستی بگەن. بۆ وێنە کاک کەریمی ئەییوبی لە باری زمانەوانیدا، دوکتور سوڵتان ئۆتەمیشی لە بواری پزیشکیدا، دوکتور عەلی گەلاوێژ لە بواری ئابووری‌ناسیدا، یانی هەریەک لەمانە بەخۆشییەوە توانییان قۆناغی بەرزی زانستی ببڕن. بەتایبەت مامۆستا گەلاوێژ و دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی ماوەیەکی زۆر لە پەنای ڕۆژنامەی ئازەربایجان، ڕۆژنامەی "کوردستان"یان وەکوو ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو دەکردەوە کە نزیک بە ١٣٣٧ ژمارەیان لەنێوان ساڵەکانی ١٣٢٦ تا ١٣٣٩ چاپ کرد.

بەپێی بەدواداچوونەکانی من عەلی گەلاوێژ تا ساڵی ١٣٣٩ وەکوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا کاری کردوە. تەنانەت ساڵی ١٣٢٩ لەگەڵ دوکتور ڕەحیم سەیفی قازی وەکوو ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی ئەو حیزبە هەڵبژێردران. کاتێک ساڵی ١٣٣٩ فرقەی دێموکرات و حیزبی توودە پێکەوە یەک دەگرن، دوکتور عەلی گەلاوێژیش پەیوەست بە حیزبی توودەی ئێران دەبێ و لەو ساڵانەی کە لە دەرەوەی وڵات بوو، لە ڕادیۆ "پەیک"ی ئێران وەکوو بێژەر کاری کردوە، هەروەها نووسراوە و وتاری زۆری لە گۆڤاری "دنیا"دا بڵاو کردۆتەوە کە دەتوانم بڵێم سەتا ٩٩ی نووسینەکانی هەموو سەبارەت بە مەسەلەی کورد و کوردستانە. ئەو پاش شۆڕشی ٥٧ و دوای نزیک بە ٣٠ ساڵ ژیان لە تاراوگە توانی بگەڕێتەوە ئێران و بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی توودە لە کوردستان. لە بانەمەڕی ساڵی ٦٢دا و دوای هێرشی دووهەم کە کرایە سەر حیزبی توودە و پاشماوەی ڕێبەرانی ئەو حیزبە گیران، مامۆستا گەلاوێژ یەکێک لەوان بوو کە لە زیندان کەوتە ژێر ئەشکنجە و ئازارێکی زۆرەوە و لە خەرمانانی ١٣٦٧ لەگەڵ هەزاران شۆڕشگێڕی کورد و ئێرانی لە زیندانی ئێڤین لە سێدارە درا.

**ئێوە لە بابەتێکدا کە لەسەر عەلی گەلاوێژ نووسیوتانە، باس لە چارەنووسی تاڵی ئەو دەکەن، هۆیەکەی لە چیدا دەبینن؟**

ئەمن لە نووسینێکی پێشوومدا باسم لە چارەنووسی تاڵی عەلی گەلاوێژ کردوە. کەسێک کە دوای نزیک بە ٣٠ ساڵ ئاوارەیی دێتەوە وڵاتەکەی خۆی بەڵام ڕەنگی ئازادی نابینێ و دوای ماوەیەکی کورت دەگیرێ، ئەشکەنجە دەکرێ و وای لێ‌دەکەن بێتە سەر تەلەڤیزیۆن و بیر و هزری خۆی ڕەت بکاتەوە و دواییش بەم چەشنە تراژیدیکە لە سێدارە دەدرێ ئەوە بۆخۆی چارەنووسێکی تاڵە. عەلی گەلاوێژ ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە ئەگەر دێتەوە، ئازادی نیشتمانەکەی ببینێ، نیشتمانیش بۆ ئەو کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کوردستان بوو. بەڵام بەداخەوە لە ماوەیەکی کورتی پێنج ساڵەدا هەموو ئاوات و ئارەزووەکانی ئەو و زۆر کەس کە پێیان وابوو دوای شۆڕشی ٥٧ پرسی کورد چارەسەر دەبێ بە با چوون، ئەوە بەشێکیەتیی.

بەشێکی تر مامۆستا گەلاوێژ سەرەڕای ئەوەی تەواوی ژیانی لەپێناوی مەسەلەی کورد و کوردستاندا کاری کردبوو و شتی نووسیبوو، لە ساڵەکانی ئاخری ژیانی خۆیدا لەنێو حیزبێکدا بوو کە سەرەڕای ئەوەی باوەڕی بەوە بوو دەبێ پرسی کورد لە چوارچێوەی مافی خودموختاریدا چارەسەر بێ؛ بەڵام کەوتبووە بەرەی جمهووریی ئیسلامی. کاتێکیش عەلی گەلاوێژ گیرا، ئەشکنجە کرا و دوایە لەسێدارە درا، بەداخەوە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەڕەخسا کە بتوانن ئاوڕێک لە ڕابردووی خۆیان بدەنەوە، پێداچوونەوەیەک بەو سیاسەتەدا بکەن کە وێڕای ئەوەی باوەڕی بە پرسی نەتەوەیی گەلانی ئێران هەبوو، بەڵام لە بەرەیەکدا بوو کە دژایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دەکرد و ئەوەش بۆخۆی بە باوەڕی من چارەنووسێکی تاڵ بوو بۆ کەسێکی وەک دوکتور گەلاوێژ.

**وەک دەزانین د. عەلی گەلاوێژ لەگەڵ پۆلێک خوێندکاری دیکە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان دەچنە یەکیەتیی سۆڤییەتی ئەوکات و لە باکۆ درێژە بە خوێندن دەدەن. بەرهەمی خوێندنە ئاکادیمییەکەی د. عەلی گەلاوێژ چی بوو؟**

مامۆستا گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٥٥ بە زمانی تورکیی ئازەربایجانی کتێبێکی نووسیوە بە ناوی "پێوەندیی وەرزێڕەکانی کوردستانی ئێران" کە تەنانەت نەمر دوکتور قاسملوو لە کتێبی "کوردستان و کورد"یشدا وەکوو سەرچاوە کەڵکی لێ وەرگرتوە. بەداخەوە ئەم کتێبە ئێستا لەبەردەست نییە کە ئینسان بتوانێ هەڵیسەنگێنێ و باسی بکا. بەڵام لە ساڵی ١٣٦١ کتێبی "مناسبات ارضی در کردستان: فروپاشی نظام عشیره‌ای" واتە پێوەندیی وەرزێڕەکانی کوردستانی ئێران و ڕووخانی سیستەمی عەشیرەیی نووسی کە لەلایەن دەزگای "روزبە"وە چاپ کرا. بەڵام ئەویش زۆر زوو حکوومەت دەستی بەسەردا گرت و ئیزنی بڵاوکردنەوەی نەدا. لەم ساڵانەدا pdfی ئەو کتێبە لەلایەن کتێبخانەی عەبدوڵڵا شەهبازییەوە کەوتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. کەسێک کە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە ئاگاداری ئاستی بەرزی زانایی مامۆستا گەلاوێژ لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی کوردستان و وەزعییەتی ئابووریی ئەو دەبێ. واتە ئەم کتێبە هاتووە باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستانی لە نیوەڕاستی سەدەی ١٩ تا نیوەڕاستی سەدەی ٢٠م لێک داوەتەوە و پیمان دەڵێ کە چۆن عەشیرەکان سەر دەگرن و لەبەین دەچن، هەروەها پێوەندیی سەرمایەداری چۆناوچۆن لەو کۆمەڵگایەدا پەرە دەستێنێ. بە باوەڕی من کەسێک ئەگەر بیهەوێ لەسەر مەسەلەی کوردستان و مەسەلەی ئابووری و مێژووییەکەی کار بکا بێگومان پێویستی بەم کتێبە دەبێ. ئەم کتێبە بە زمانی فارسی چاپ بووە و هیوادارم ڕۆژێک ئێمە ببینین کە ئەم کتێبە بە زمانی کوردی تەرجەمە کراوەتەوە و خەڵکی کورد لە بەشەکانی دیکە بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. ئێمە کەمایسییەک کە بەگشتی هەمانە ئەوەیە کە زانایانی ئێمە زۆر کەم خۆیان لە شتی قورس و قووڵ داوە. ئەگەر ئێمە تەنانەت سەرنج بدەینە کاری حیزبە سیاسییەکانی خۆمان لە چل ساڵی ڕابردوودا، کاری ئەدیبەکانی خۆمان و چالاکانی مەدەنییش، کارێکی ئاوا قورس کە بتوانێ وەزعییەتی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسیی کوردستان و دۆخی چینایەتیی ئەو وڵاتە هەڵسەنگێنن، نابینین. بەڵام کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەینەوە، سەرەڕای هەموو کەموکوڕی و ناتەواوییەکان لەوکاتدا، سەرەڕای نەبوونی ئینتێرنێت و کەمیی سەرچاوە زانستییەکان؛ بەڵام کەسانێک وەکوو مامۆستا عەلی گەلاوێژ بە نووسینی ئەم کتێبە، یان دوکتور قاسملوو بە نووسینی کتێبی کوردستان و کورد بەڕاستی شاکاریان خوڵقاندوە. ئێستاش ئێمە ئەو کتێبانەی بتوانن لە ئاستی ئەم بابەتانەدا بن بەداخەوە زۆر کەمیان دەبینین.

**یەکێک لە لایەنەکانی ژیانی دوکتور عەلی گەلاوێژ زمانزانی و هۆگریی ئەو بە ئەدەبی کوردی بووە تا ئەو ڕادەیە کە مامۆستا هەژار لە "چێشتی مجێور"دا پێی هەڵدەڵێ. لەگەڵ ئەوەدا لەو بارەیەشەوە هەر کەم ناسراوە. بۆ؟**

بە ڕای من یەکێک لە هۆیەکانی، نەبوونی ئەو دەرفەتە بوو کە مامۆستا گەلاوێژ بتوانێ شێعر و بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بڵاو بکاتەوە. ژیان و مانەوەی لە یەکیەتیی سۆڤییەت، نەبوونی هاتوچۆ، نەبوونی ئەو دەرفەتانەی کە ئەوڕۆ ئێمە لە سۆنگەی بوونی ئینتێرنێت و سۆسیال‌مێدیاوە هەمانە، هەموو هۆکارێکن بۆ ئەوە.

شێعرەکانی مامۆستا گەلاوێژ زۆرتر لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپی باکۆ بڵاو بوونەتەوە. دەفتەرێکی شێعریشی بوو کە زۆر درەنگ مامۆستا حەسەن سەلاح "سۆران" ناردی بۆ دەرەوەی

کوردستان
ژمارە: ٨٢٦
١٦ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٧ی جوولای ٢٠٢٢

**بۆ یەکەمینجار لە مێژووی جیهاندا ئەوە کۆمۆنیستەکان بوون کە کێشەی نەتەوەییان بەفەرمی ناسی و خوازیاری دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان هەتا پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییش بوون. لەو مەسەلەیەدا شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ و پێکهاتنی دەوڵەتەکانی فیدراڵی یەکیەتیی سۆڤیەت وەکوو "کۆماری ئازەربایجان"، "کۆماری ئۆزبەکستان"، "کۆماری تاجیکستان" و تەنانەت پێکهاتنی کۆماری سووری کوردستان لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا کوردەکانی هان دەدا کە پێوەندییەک لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت بگرن و لە ڕاستیدا بەرەو ئەم بەرەیە بکێشرێن، یانی لە دونیای دوو جەمسەریی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا ڕۆڵەی کورد بەشی سۆسیالیزمی هەڵبژارد**

وڵات و بەخۆشییەوە بەشێکی لە ماڵپەڕی "بۆکان ڕۆژهەڵات"دا بڵاو بۆتەوە. بەڵام ئەوە کە ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیەی لە کوردستان نەبووە و ئەو دەرفەتەش نەبوە کە تەنانەت لە کوردستانی عێراقیش زۆربەی شێعرەکانی بڵاو بێتەوە، یا وەکوو دیوانێک کۆ بێتەوە، ئەوە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەم لایەنەی کەمتر بناسرێ. مەنزوومەی "زووحەیاتەین" کە بەخۆشییەوە دوای شۆڕشی ٥٧ لە ئێران چاپ و بڵاو بۆوە، زۆر زوو بوو بە شتێکی نایاب و کەمیاب کە بەداخەوە ئێستا وەکوو کتێب لەبەردەست نیە، بەڵام لەسەر چەند سایتدا بەخۆشییەوە بڵاو بۆتەوە. یانی نەبوونی ئەو دەرفەتە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی بووە، لەلایەکی تریشەوە ئەو جۆرەی کە من ئاگادار بم بەشێک لە شێعرەکانی لە ڕۆژنامەی "ئازادی"دا کە ئەوکات حیزبی شیوعیی عێراق دەری کردوە، بڵاو بۆتەوە کە ئارشیوەکەی ئەویش بەداخەوە لە بەردەستدا نییە. ئەمن هیوادارم دەفتەر شێعرەکەی یان نووسینەکانی دیکەی کە بەدەستی کەسانێکەوە هەن بدرێتە ئەو کەسانەی کە خوازیارن چاپی بکەن یان بتوانن بینێرن بۆ دەرەوەی وڵات بەڵکوو بتوانین بەبۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایک بوونی چاپ و بڵاویان بکەینەوە.

**ئێمە دەزانین کە د. عەلی گەلاوێژ لە حیزبی توودەدا گەیشتە پلەی ڕێبەرییش. هۆکار چی بوو کە ئەو وازی لەو حیزبە نەهێنا، بە تایبەت لە هەلومەرجی هەستیاری ئەوکاتی کوردستانیشدا؟**

بۆ باس لەسەر ئەو بابەتە کە چۆن بوو کەسانێک وەکوو مامۆستا گەلاوێژ یا زۆر کەسی تر وەکوو د. قاسملوو، مامۆستا حەسەن قزڵجی و زۆر کەسایەتیی دیکەی کورد قۆناغێکی تایبەت لە ژیانیان لە چوارچێوەی حیزبی توودەی ئێراندا تێپەڕ کرد، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کەمێک دوورتر. یانی بزانین چۆن بوو کە زۆربەی ئەوانەی هەستێکی قووڵ و نەتەوەییان هەبوو بەرەو حیزبە چەپ و مارکسیستییەکان ڕۆیشتن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بۆ یەکەمینجار لە مێژووی جیهاندا ئەوە کۆمۆنیستەکان بوون کە کێشەی نەتەوەییان بەفەرمی ناسی و خوازیاری دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان هەتا پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییش بوون. لەو مەسەلەیەدا شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ و پێکهاتنی دەوڵەتەکانی فیدراڵی یەکیەتیی سۆڤیەت وەکوو "کۆماری ئازەربایجان"، "کۆماری ئۆزبەکستان"، "کۆماری تاجیکستان" کە ئەوانە نەتەوەگەلێک بوون کە پێشتر ژێر چەپۆکەی دەوڵەتی تێزار بوون و تەنانەت پێکهاتنی کۆماری سووری کوردستان لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا کوردەکانی هان دەدا کە پێوەندییەک لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت بگرن و لە ڕاستیدا بەرەو ئەم بەرەیە بکێشرێن، یانی لە دونیای دوو جەمسەریی سۆسیالیزم و سەرمایەداریدا ڕۆڵەی کورد بەشی سۆسیالیزمی هەڵبژارد. لە باکووری کوردستانیشدا دەبینین کاتێک لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی کۆمیتەی سەربەخۆی کوردستانی ئەرزڕۆم "سەرهەنگ خالد بەگی جوبرانلی" بەرپرس دەکا کە پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت بگرێ تەنانەت داوا دەکا کە ئەو بەشەی کوردستان ببێتە بەشێک لە یەکیەتیی سۆڤییەت. ئەو عەتفە لە نامەی "شێخ مەحموود" لە ساڵی ١٩٢٣ بۆ کۆنسوولی تەورێز و تەنانەت لە وتەکانی "پێشەوا قازی محەممەد"یشدا دەیبینین کە لە دوو کۆبوونەوەی ساڵەکانی ١٣٢٠ و ١٣٢١ لە بینای ناسراو بە دادگای قازی تەنانەت باسی ئەوە دەکا کە چۆن نووری شۆڕشی ئۆکتۆبر ئاسمانی کوردستانی ڕووناک کردۆتەوە. ئێمە ئەوە لە شێعرەکانی مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، وێردی و لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا یان لە نووسراوەکانی مامۆستا زەبیحی لە "نیشتمان"دا دەبینین کە ئەوان لە واقیعدا سۆسیالیزم و یەکیەتیی سۆڤیەتی ئیستالینیان وەکوو ڕزگارکەری گەلی کورد دەدی. واتە لە دنیای دوو جەمسەریی ئەوکاتدا زۆربەی ڕووناکبیرانی کورد بەرەی سۆسیالیزمیان هەڵبژارد و پێیان وابوو لەگەڵ وەدیهاتنی سۆسیالیزم لەم کۆمەڵگەیەدا مەسەلەی نەتەوەییش بە شێوەیەکی ئۆتووماتیک لەو چوارچێوەیەدا چارەسەر دەکرێ. هەر ئەو تێڕوانینە وایکردبوو کە بەشێکی زۆر لە ڕووناکبیرانی چەپی کورد بەرەو حیزبی توودەی ئێران بکێشرێن.

**کە شێعرەکانی دوکتور عەلی گەلاوێژ دەخوێنیتەوە، تەژیین لە هەستی نیشتمانخۆشەویستی. بە سەرنجدان بە دنیابینیی دوکتور عەلی گەلاوێژ و پێناسەی بەڕێزیان بۆ نیشتمان، چون دەکرێ ئەو وەک چەپێکی کورد پێی وابێ کە چارەسەری کێشەی کورد تەنیا لە نیزامی سوسیالیستیدا دەکرێ؟**

ئێمە بۆ ئەوەی پێناسەی نیشتمان لە دنیابینیی مامۆستا عەلی گەلاوێژدا بکەین پێویستە زۆرتر بۆ لای شێعرەکانی مامۆستا گەلاوێژ بڕۆین کە توانیویەتی بە لێزانییەوە ئەو هەست و سۆزەی خۆی بۆ نیشتمانەکەی بخاتە چوارچێوەی دەربڕینەوە. بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر ئەو باسە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مامۆستا گەلاوێژ مارکسیست لێنینیست بوو، بیر و باوەڕی ئەنترناسیۆنالیستیی هەبوو، بەڵام تەواوی نووسراوەکانی ئەو کەسە سەرەوەی نەوەد لەسەدی لەبارەی نیشتمانەکەی واتە لەبارەی کوردستانە. ئەو لە پێشەکی بۆ بەشێک لە شێعرەکانی و بە تایبەتی بۆ شێعری **"هیوای دواڕۆژ"** سەبارەت بە کاتی تێپەڕکراوی لە تاراوگە دەنووسی: "وەبیرم کەوتەوە پاش مانگ و نیوێکی دیکە، دروست پەنجا ساڵ لە عومرم تێدەپەڕێ و بەڵام من هێشتا هەر لە غوربەتم و هیچم بۆ نیشتمانەکەم نەکردوە" و فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارێ. مامۆستا گەلاوێژدا لەم شێعرەدا هەست و سۆزی خۆی بۆ نیشتمانەکەی و ئاواتەکانی بۆ دواڕۆژ و لە کاتی گەڕانەوە بۆ زێدەکەی ئاوا دەردەبڕێ:

*لە دەورم کۆ ئەبن خوشک و برازا*
*بە خاڵە – خاڵە یا خۆ مامە – مامە*

*لە ملیان لائەچی کۆتی ئەسیری*
*بە فیشاڵی مەزانن، ئەم کەلامە*

*لە خوێندنیان ئەنێم بە زمانی کوردی*
*کە زگماکی زمانی عەقڵ و فامە*

*ئەبێ بێستوون بە جەولانگای شیرین*
*ئەکا فەرهادی کێوبڕ ئەم مەڕامە*

*لەوێ کێ پیر ئەبێ و کێیە کە بمرێ؟*
*سەری خەرمان و نوخشەی خاس و عامە*

*سەماکەن دۆست و هاوپەیمانی کۆنە*

*بە دەنگی "تەیرەکر" و "شیرین هەلامە"*

حاشاهەڵنەگرە عەلی گەلاوێژ لە ڕاستیدا کوردێکی چەپ بوو، یانی حەولی بۆ ئەوە دەدا مەسەلەی نیشتمانەکەی کە کوردستان بێت لە چوارچێوەی سۆسیالیزمدا چارەسەر ببێ و گەلەکەی بە مافی خۆی بگا. ئەو لە شێعری "پاش ٢٧ ساڵ"دا دەڵێ:

*"ئەی خاکی پیرۆز، قەزای تۆ لە خۆم*
*ببم بە خۆڵیش، هەر پێشمەرگەی تۆم*

*لە دەردی دووری با کوێر و شەل بم*
*با دەستەملانی پەیکی ئەجەل بم*

*نیشتمان یا هو! کوردستان هەیهات*
*بۆ مردنیش بێ، هەر دێمەوە بۆ لات"*

مامۆستا گەلاوێژ تا دوا سات و کاتی ژیانی خۆی هەر ئاوای دەڕوانی و نیشتمان بۆ ئەو خاکی کوردستان بوو. حەتتا وەختێکی نووسەر و وەرگێڕی بە ناوبانگی ئێرانی مەحموود ئێعتیمادزادە – "بە آذین" لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا کە دوای مردنی بڵاو بۆوە و باسی عەلی گەلاوێژ دەکا، ئێمە دەبینین تەنیا سەرنج دەداتە بەشێک لەو هەستەی کە مامۆستا گەلاوێژ نیسبەت بە نیشتمانی خۆی بوویەتی و تەواوی ئەو ناسین و بیرەوەرییەی لە ئەو بوویەتی لەو ڕستەیەدا کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: "مایەیەکی خەست و خۆڵی لە خۆشەویستی بۆ کورد و کوردستان هەیە".

بە باوەڕی من ئەم کەسایەتییە نیشتمانی خۆی زۆر خۆش ویستوە و ئەگەر کارێکیشی کردوە هەر لە پێناوی ئەوە بووە بەڵکوو ڕێگایەک بدۆزرێتەوە، نەخشەڕێگایەک پەیدا ببێ کە کورد بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی بگا.

لە بەشێک لە نووسراوەکانی مامۆستا گەلاوێژ کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان" چاپی باکۆ و پێش پەیوەست بوونی بە حیزبی توودە بڵاو بونەتەوە، دەبینین بەڕێزیان تەنانەت چارەنووسی کورد هەمیشە بە تاران نابەستێتەوە و پێی وایە ئەگەر دەیان دەوڵەت لە تارانیش بگۆڕدرێ ئەوە هەر دەوڵەتی فارس و ئێرانییە و " خەڵکی کورد بەم کارە واتە بە ڕووخانی دەزگای دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران، بە هیچ ئامانجێکی بنەرەتیی خۆی ناگات". ئەو باوەڕی بەوە بوو کورد بێ گەیشتن بە کیان و دەوڵەتی خۆی چارەنووسەکەی یەکلا ناکرێتەوە، بەڵام لە عەینی کاتیشدا بەهۆی ئەوە کە دوایە لە ساڵی ١٣٣٩دا پەیوەست بە حیزبی توودەی ئێران دەبێت، ئەو ڕێگایەک هەڵدەبژێرێ کە وەکوو قۆناغێک کورد بەو ئامانجە نزیک کاتەوە. بەڵام هەڵوێستەکانی حیزبی توودە بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ٥٧دا جۆرێک بوو کە ئەم حیزبەی لە بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورددا ڕاگرت.

**وەک دواپرسیار، بە سەرنجدان بەو پاشخانە فکرییەی دوکتور عەلی گەلاوێژ و قۆناغ و بڕگە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەو، لە ئێستادا میراتی هزری و زانستی دوکتور عەلی گەلاوێژ بۆ نەوەی نوێ و بۆ داهاتووی نەتەوەی کورد چییە؟**

هەرچەند مامۆستا عەلی گەلاوێژ و زۆر کەسایەتیی دیکەی کورد هی سەردەمی دنیای دوو جەمسەریی سۆسیالیزم و سەرمایەدارییین، بەڵام ئەو ئەزموونەی کە ئێمە دەتوانین بۆ ئەم سەردەمەی لێی وەرگرین ئەوەیە کە کورد بە گشتی دەبێ تەواوی کار و خەبات و چالاکییەکانی لەپێناوی گەیشتن بە کیان و دەوڵەتی خۆیدا بێ. ئەم ئامانجە پیرۆزەش بەبێ هەبوونی ستراتێژییەکی نەتەوەیی وەدی نایە، یانی ئێمە وەکوو کورد، تەواوی حیزبەکانمان، کەسایەتییەکانمان دەبێ لەو شتانەی کە لە ڕابردووی مێژووی کورددا دیومانە کەڵک وەرگرین و بە هەبوونی ستراتێژییەکی نەتەوەیی و بە یەکگرتوویی خۆمان بۆ وەدیهێنانی ویستی نەتەوەییمان هەنگاو هەڵێنین، تەنانەت ئەوە دەگەڕێتەوە سەر شێوازی هەڵسوکەوتی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ حیزبە سەراسەرییەکانیشدا. بۆ وێنە، کاتێک ئێمە دەبێ بچینە نێو بەرەیەک کە ئەو بەرەیە بیهەوێ بەشێکی بەرچاو لە ویستەکانی نەتەوەی گەلی کورد لەبەرچاو بگرێ و لە قۆناغی داهاتوودا، یانی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوە بکاتە ئەمری واقیع. بێتوو ئێمە لەو بوارەدا هەنگاو هەڵنەهێنین بێگومان لە داهاتوودا تووشی شکست دەبین.

**دوکتور کامران زۆر سپاس کە کاتت بۆ ئەو دیمانەیە تەرخان کرد. ئەگەر لەسەر د. عەلی گەلاوێژ قسە و باسێکی نەگوتراو ماوە، بفەرموون؟**

دوکتور عەلی گەلاوێژ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و گەڕانەوە لە کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ زێدی خۆی، ڕۆژێک لە ساڵۆنی دەبیرستانی شەهید کەماڵ حەمیدی (کوورش کەبیر)ی بۆکان لە کۆڕێکی پێکهاتوو لەلایەن ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، بەکوردییەکی ڕەوان و بە خۆشڕاوێژی وتارێکی پێشکەش کرد. لە بەشێک لە قسەکانیدا سەرەڕای ئەوەی ئەندامی کومیتە ناوەندیی حیزبی توودەی ئێرانیش بوو گوتی: "لەو ماوە دوور و درێژەی غەوارەیی تاقە یادگارێکی گرینگ و بەنرخ کە هەمیشە بۆ هەموو شوێنێک پێم بووە، کارتی ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووە". کارتەکەی لە گیرفانی کۆتەکەی دەرهێنا و نیشانی بەشداربووانی کۆڕەکەی دا. کارتەکە مۆری کۆماری کوردستانی پێوە بوو. پاش ئەو هەمووە ساڵە دەتگوت تازە چاپ و نووسراوە.

لە کۆتایی قسەکاندا من سپاسی ئێوە دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان ڕەخساند کە ئەمڕۆ بتوانین لێرەدا باس لە کەسایەتیی مامۆستای نەمر عەلی گەلاوێژ بکەین. زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی و ئیسلامیدا بە هەر هۆیەک بوون بە ئەندامی حیزبە چەپە ئێرانییەکان، خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و پێویستە بە تایبەتی ئەوانەی کە بە حوکم و بڕیاری ئەم حکوومەتانە لە زیندانەکاندا پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر گیانیان بەخت کرد، بیانهێنییەوە نێو ماڵی کورد و ڕێزیان لێ بگرین و نەهێڵین ناو و نیشانیان بزر بێ. یەکێک لەوانە کەسایەتی گەورەی کورد – دوکتور عەلی گەلاوێژە.

یادی نەمر عەلی گەلاوێژ و تەواوی گیانبختکردووانی ڕێگای ئازادی کوردستان بەرز و بەڕێز بێ.

# لاوازیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئێمە هەر هیوا و چاوەڕوانی نەبووە بەڵکوو خەباتمان لەپێناویدا کردوە



**[پوختەیەک لە قسەکانی کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٤٧ی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەدا]**

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

مانگێک لەمەبەر فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، یادی چل ساڵەی خۆی کردەوە. ئەو یادکردنەوەیە دوو شتی جوانی نیشانی ئێمە دا. یەکەم، ئاوەدانیی سەنگەری پێشمەرگە، دوویەم بەردەوامیی خەبات لەلایەن پێشمەرگەکانی کوردستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئیرادەی پۆڵایینی نەتەوەیەکی نیشان داین کە لە ماوەی ٤٠ ساڵدا، نەیانهێشت ئەو سەنگەرە لە ئاوەدانی بکەوێ. سەنگەرێک کە نیشانەی بوونی ئازایەتیی ئیرادەی گەلێکە بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە هەموو توانایەوە لە ماوەی ئەم چل و چەند ساڵەدا، هەوڵی تواندنەوەی میللەتەکەمان، هەوڵی لەنێوبردنی خەبات و موقاومەتەکەمان و هەوڵە لەبەینبردنی هیوا و ئاوات و ئایندەمانی داوە. ئەو سیاسەتانە بەهەموو شێوازێک بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاقی کراوەتەوە، چونکە کۆماری ئیسلامی پێشمەرگە بە نوێنگەی خۆڕاگریی ڕاستەقینەی میللەتێک دەناسی. هەر سەنگەرێکی ئاوەدانی پێشمەرگە لە هەر شوێنێک بێ هەدەفێکە بۆ کۆماری ئیسلامی. ئەگەر زۆرجار دەبیستین لەسەر سنوور هێزێکی زۆروزەوەندی کۆماری ئیسلامی کۆدەبێتەوە و پڕوپاگەندەی هێرش کردن بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە دەکرێ، ڕەنگە تەینا بەشێکی بچووکی تەبلیغات بێ، بەڵام بەشی گەورەی و واقعییەت ئەوەیە کە دوژمن هەمیشە ترسی هەیە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک پێشمەرگە لە دەوری یەکتر، لە ئاوەدانی بوونی سەنگەری پێشمەرگایەتی.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لەنێوخۆ بەدژی میللەتەکەمان بە گرتن و ڕاودوونان و ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕۆڵە سەربەرزەکانی میللەتەکەمان لە نێوخۆی وڵات، لە پاڵ ئەم سیاسەتانە درێژی هەیە بەشێکی پێوەندیی بە بوونی ئێوە و بە گرینگیی ئێوەوە هەیە. دوژمن دەزانی بوونی ئێوە لێرە بوونی میللەتێکە لە نێوخۆی وڵات. ئەگەر لەوێ گوشاریان دەخاتە سەر هەر بۆ ڕووخاندنی وەرەی ئەوان و تۆقاندنی لاوەکانە، کە ڕوو لەو سەنگەرە ئاوەدانە نەکەنەوە. بەڵام بوونی ئێوە بە هەمووان دەڵێ و بە کۆماری ئیسلامیش دەڵێ، کە هیچ سیاسەتێک پێش بەوە ناگرێ ڕۆڵەکانی کورد، چۆک دادەن و ڕوو لە سەنگەری پێشمەرگایەتی نەکەن. هیچ سیاسەتێک ناتوانێ کاریگەریی لەسەر ئەوە هەبێ کە پێشمەرگە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا بکاتەوە.

**بەڕێزان!**

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا گەیوەتە قۆناغێک کە ئەگەر لە دەیەکانی شەستدا بە گەورەکردنەوەی هێرش بۆ سەر کوردستان و نیشاندانی ئەوەی لە کوردستان دژی شۆڕش هەیە دەیەویست خۆڵ لە چاوی خەڵکی ئێران بکا؛ ئێستا خەڵکی ئێران لە هەموو ناوچەکانی ئێرانن کە بە چاوێکی کراوەوە دەڕواننە کۆماری ئیسلامی. سیاسەتێک کە نەتەنیا نەیتوانی بە دروستکردن و پەرەپێدانی شەڕ و سەرکوت، خەڵکی پێ فریو بدا بەڵکوو ئێستا بۆتە هۆکارێک لە واقیع و کارێک بۆ ڕۆشنگەری بۆ ئاشناکردنی خەڵک، لەسەر هەموو ئەو کێشانە کە کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا بۆ خەڵکی ئێرانی دروست کردوە. ئێستا ئیتر کۆماری ئیسلامییە کە ئەگەر جاران چاوەڕوانی ئەوە بوو بەجۆرێک ئەو ملۆزمانە کە بە قەوڵی خۆی لە دەوری خۆی بوون لە کۆڵ خۆی کاتەوە، ئێستا ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە دەبێ چاوەڕوان بێ لە کۆڵ تەواوەتیی خەڵکی ئێران بکرێتەوە. ئێستا ئەو خەڵکە و گەڕانەوەی ئەو شەپۆلانەن کە لە چل و سێ ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی بۆ بەگەژ یەکترداکردنی خەڵک و نەیارانیدا دروستی دەکرد، گەڕانەوەی ئەو شەپۆلانەیە بە ڕووی خۆیدا و بێگومان ئەمە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا ڕوون دەکاتەوە.

ڕێژیمێک کە نەتوانێ بایەخ بە کەمترین داخوازییەکانی خەڵکی ئێران دابنێ، ئێستا وەکوو دەیەکانی ڕابردوو ناتوانێ بە هاندانی خەڵک لەدژی یەکتر و بە هاندانی خەڵک لە دژی پێشمەرگە ئامانجەکانی خۆی بپێکی. بێگومان ئەمانە ئەو سیاسەتانە بوون کە چاوەڕوانی بە کۆتا گەیشتن و بە شکست گەیشتنیان دەکرا. ئێستا کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی ساڵەکانی تەمەنیدا دەبێ چاوەڕوانی ئەو شکستە بێ کە خەڵکی ئێران بە بەگژداچوون بە سەریدا دەیسەپێنن. ئەمە بۆ ئێمە تەنیا چاوەڕوانی نەبووە، بەڵکوو خەبات و تێکۆشان و ماندووبوون بووە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەنیا لە ئومێد و چاوەڕوانیدا نەژیاوین، بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشان، هەوڵمان داوە نیزیک بین لەو ڕۆژە کە بتوانین بە ئاواتەکانمان بگەین. بە ئاوات گەیشتنی ئێمە بێگومان کۆتایی هێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامی و سەربەستی و سەربەرزی کوردستانە و بە دڵنیایەوە ئەو ڕۆژە دەبینین.

لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو سەنگەرە ئاوەدانە بتوانێ پاڵپشتێکی بەهێز بێ بۆ خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان و لە دژی کۆمارتی ئیسلامی و هەر دەسەڵاتێک لە ئێران کە بیەوێ مافەکانی خەڵکی کوردستان زەوت بکا و حاشایان لێ بکا.

# داخوازیی مامۆستایانی کورد جیاوازیی بنەڕەتی لەگەڵ ناڕەزایەتیی مامۆستایانی ئێران هەیە

وتووێژ: کاروان مێراوی

**بەرایی: ساڵانێکی زۆرە لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستانی داگیرکراو لە ئێرانی سیاسیی هەنووکەدا مامۆستایانی قوتابخانەکان لەسەر پرسە جیاوازەکان و بەتایبەت لەسەر نادادپەروەریی خوێندن بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و ئەم ناڕەزایەتییانەش لە کوردستاندا زۆرتر و بەرچاوتر بووە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش وەکوو نەریتی هەمیشەیی خۆی لەجیاتی گوێدان بە مامۆستایان و هەوڵی چارەسەریی کێشەکانیان، لە هیچ جۆرە سەرکوت و هێرشکردنە سەر مامۆستا نارازییەکان دەستپارێزیی نەکردوە. لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا کە ناڕەزایەتیی مامۆستایان جارێکی تر دەستی پێ کردۆتەوە، بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زیاتر لە ٢٤٠ مامۆستا لە ئێراندا دەستبەسەر کراون کە ڕێژەیەکی زۆریان کورد بوون. هەروەها بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانیش تەنیا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا (لە ٢٢ی جۆزەردان تاکوو ٢ی پووشپەڕ) ٤٨ مامۆستا لە شارەکانی سنە، سەقز، دیواندەرە و مەریوان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کران. "کوردستان" بۆ باسی زیاتر لەسەر ئەم پرسە وتووێژێکی لەگەڵ خاتوو "چرۆ ئەردەڵان"، مامۆستایەکی قوتابخانەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێناوە:**



**خاتوو چرۆ باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ دەکەین؛ داخوازیی سەرەکیی مامۆستایان چییە و ئامانج لەم مانگرتن و ناڕەزاییەتییانە چین؟**

سەبارەت بە داخوازیی مامۆستایان ئەبێ ئاماژە بە مێژووی ئەم خۆپیشاندانانە بکرێت. لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاویدا، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی شاری تاران لەسەر خراپیی بارودۆخی ژیان، کەمیی مووچە و بێبایەخکردنی جێگەوپێگەی مامۆستایان لە حکوومەتدا کانوونی سینفیی مامۆستایانیان دامەزراند کە لە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٣٧٨ی هەتاوی، توانییان لە وەزارەتی پەروەردە بەفەرمی مۆڵەت بۆ ئەو دامەزراوەیە وەربگرن. بەپێی ئەم مۆڵەت و ڕێپێدانە فەرمییە و هەروەها بەپێی بەندەکانی ٢٦ و٢٧ یاسای بنەڕەتیی ئێران، چالاکی و مافخوازیی مامۆستایان لەژێر چاودێریی شوڕای هاوئاهەنگیی کانوونی سینفیی مامۆستایانی ئێران دەستی پێ کرد. لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، گەڵاڵەی پلەبەندیی مامۆستایان کە لە بڕگەی شەشی بەڵگەنامەی ئاڵوگۆڕی بونیادیی دەزگای پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمدا ئاماژەی پێ کراوە و لە پاییزی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاویدا ڕادەستی مەجلیسی ڕێژیم کرا کە هەر لەو ساڵەدا پەسەند بکرێت، بەڵام مەجلیسی ڕێژیم ڕەتی کردەوە. بەم هۆکارەوە بزووتنەوەی سینفیی مامۆستایان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و لە هەموو ئێراندا بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە ئەنجومەنە سینفییەکانی مامۆستایان بە مانگرتنەکان ناڕازەیەتیی خۆیان لەسەر ئەم پرسە دەربڕی. ئەنجومەنە سینفییەکانی مامۆستایانی کوردستان لە چالاکترین دامەزراوەکانی مامۆستایانن و بەتایبەت ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی پارێزگای سنە لەو کاتەوە تاکوو ئێستە یەکێک لەو ئەنجومەنە چالاکانەیە کە هەموو کات لە بەڕێوەبردنی مانگرتن و ڕێکخستنی ناڕەزایەتیی مامۆستایان بەردەوام بووە و پاشەکشێی نەکردوە.

ئێستا بێینە سەر ئامانجەکان. مامۆستایان لە ڕێکخستنی ئەم مانگرتن و ناڕەزاییەتییانە ئامانجیان زۆرە، بەڵام دەتوانین بڵێین گرینگترینی ئەوانە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوییەوە هەتاکوو ئێستا لەسەری پێداگرن، بریتین لە: یەکەم؛ جێبەجێکردنی بەندی ٣٠ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم کە ئاماژە بەوە دەکا کە خوێندن و پەروەردەکردن لەسەر بوودجەی دەوڵەت مافی هەموو مندالانە لە ئێراندا. دووهەم؛ جێبەجێکردنی گەڵاڵەی پلەبەندی و زیادکردنی مووچەی مامۆستایان کە دەیان ساڵە لە مەجلیسدا ماوەتەوە و و نەتەنیا پەسەند نەبووە، بەڵکوو بایەخیشی پێ نادرێ. سێهەم؛ پەروەردە بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکاندا بۆ هەموو مندالان بەبێ جیاوازی، کە ئەم داخوازییە لە کوردستاندا بەرچاوترە. بەڵام دوای ئەوەی کە لەم ساڵانەدا زۆربەی چالاکانی سینفیی مامۆستایان بەردەوام دەستبەسەر ئەکرێن، یەکێک لە گرینگترین داخوازییەکانی ئەم ڕۆژانەی مامۆستایان، ئازادکردنی مامۆستا دەستبەسەرکراوەکانە؛ ئەویش بەبێ هیچ مەرجێک.

**لەسەر سروشتی مانگرتن، ناڕەزایەتی و ڕێکخستنەکانی مامۆستایان بفەرموون. پێتان وایە چ هۆکارگەلێک ئەم ڕێکخستنانەی مامۆستایان لە ڕێکخستنە سینفییەکانی دیکەی کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە؟**

مانگرتن، خۆپیشاندان و ڕێکخستنەکانی مامۆستایان، لە سەرەتای سەرهەڵدان و دەستپێکردنیەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێکخستنە سینفییەکانی دیکەدا نەبوو، بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی زانیاریی مامۆستایان سەبارەت بە یاسای پەروردە و لە هەمانکاتدا دروستبوونی شوڕای هاوئاهەنگیی سینفیی مامۆستایان و پێوەندی لەنێوان مامۆستایانی سەرانسەری ئێراندا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ناڕەزایەتی تر هێناوەتە ئاراوە. یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەم ناڕەزایەتییانەی مامۆستایان جیاواز نیشان دەدات، بایەخنەدان بە مامۆستایانە لەلایەن ڕێژیمەوە و بەدڵنیاییەوە تاکوو گەیشتن بە ئاکام ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەش هەر بەردەوام دەبن، بەڵام ناڕەزایەتیی سینفەکانی تر لەم ئاستەدا کەمتر بەڕێوە دەچن. دەکرێت بێژم چالاکییەکانی مامۆستایان لە سێ ڕوانگەوە جیاواز و تایبەتە کە بریتین لە: یەکەم؛ مامۆستا نەتەنیا باری قورسی ژیانی خۆی لەسەر شانیەتی، بەڵکوو خەم و پەژارە و هەژاریی کومەڵگەش لە ڕێگەی قوتابییەکانییەوە بەباشی هەست پێ دەکات و ئازاری دەدات، بەتایبەت نەبوونی دادپەروەری و لاوازبوون و خراپیی سیستەمی پەروەردە، زۆرتر هانی مامۆستایان دەدات بۆ مانگرتن و مافخوازی. دووهەم؛ مامۆستایانی ئێستا هەموویان لە ئاستێکی باشدا خوێندەواری زانستگە و زانکۆکانن و زانیاریی باشیان لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە و زۆر بەباشی ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگەن و هەست بە نادادپەروەرییەکان دەکەن، بۆیە ناڕەزایەتییەکانمان زۆر ئامانج و داخوازیی لەخۆ دەگرێت، بەتایبەت لە بواری پەروەردەدا. سێهەم؛ لەلایەن قوتابییان و بنەماڵەکانییانەوە پاڵپشتییەکی زۆر باش لە مامۆستایان دەکرێت کە ئەمە بۆ مامۆستایان هەم دڵخۆشییەکی یەکجار گرنگە و هەم هێز و وزەمان پێ دەبەخشێت بۆ بەردەوامبوونمان لەسەر داوا ڕەواکانمان. دەبێ ئەوەش ببینین کە بزاڤ و داخوازیی مامۆستایانی کوردستان جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ناڕەزایەتیی مامۆستایانی ئێران هەیە.

**وەک ئاماژەتان پێ کرد، داخوازیی مامۆستایانی کوردستان لە داخوازیی مامۆستایانی ئێران جیاوازترە، ئەم جیاوازییە لە چیدایە؟ مامۆستایانی کوردستان داڵغەی چییان هەیە کە ئەو جیاوازییەی دروست کردوە؟**

مافخوازیی مامۆستایانی کوردستان زۆر پتەوتر لە مامۆستایانی ئێرانە کە خوێندن و پەرەووەردەکردنی منداڵانی کوردستان بە زمانی کوردی هەر لە دەسپێکی خوێندنەوە تاکوو بەرزترین ئاستەکانی خوێندن، گرنگرین و بنەڕەتیرین جیاوازیی هێناوەتە ئاراوە، ئەمەش بەڕاستی شتێکی قورس نییە و لە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا خوێندن بە زمانی دایکی وەک ماف بۆ هەموو دانیشتووانی ئێران گونجێندراوە، بەڵام بە هۆی زاڵبوونی ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و تۆتالیتێر بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا و بەتایبەت لە کوردستان، ئەو ماددەیە تاکوو ئێستەش دوای زیاتر لە ٤٣ ساڵ جێبەجێ نەکراوە و ئێمەش وەکوو مامۆستایانی کوردستان لەسەر ئەم مافە بنەڕەتییەی منداڵان و قوتابییەکانمان پێداگرین و ئێتر بێدەنگ نابین. جیا لەوەش، بە هۆکاری ئەوەی کە ڕێژیمی داگیرکەری ئێران کوردستانی کۆلۆنیالیزە و هەموو مافە نەتەوەییەکانمانی پێشێل کردوە و بە بیانووگەلی جۆراوجۆری بێبنەما دەیان ساڵە سەدان کێشەشی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوە، مامۆستایانیش چونکە زۆربەی ژیانمان لەگەڵ قوتابییەکانمان تێپەڕ دەکەین، خۆمان بە بەشێک لەوان دەزانین و هەموو هەوڵێکیشمان بۆ گۆڕانی ئەو بارودۆخەیە. کەواتە ئێمەی مامۆستایانی کورد بە هەستکردنی بە بەرپرسیارەتی، بۆ گۆڕانی ئەم بارودۆخە و بەتایبەت بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتی ڕێژیم بە مەبەستی لانیکەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی، هەوڵی خۆمان دەدەین.

جیاوازیی دیکە ئەوەیە کە لە پێکهاتنی ئەنجومەنی مامۆستایانی کوردستاندا، مامۆستایانی شارەزا بەشدارن کە بەباشی توانیمان ئامانجەکانی خۆمان ڕوون بکەینەوە و بەخۆشییەوە زۆربەی مامۆستایان لە مانگرتنەکاندا بەشدار بوون. من پێم وایە گرینگترین جیاوازی، بارودۆخ و کەشی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی داگیرکەرە لە کوردستان و بەتایبەت لە پارێزگای سنە، ڕێژیم پێی خۆشە نییە هیچ کۆبوونەوەیەک لە کوردستان بەڕێوە بچێت. کاتێک بە پەروەندەسازی بەرانبەر بە مامۆستایانی کوردستان ڕادەوەستن، ئێمەش بۆ بەرگریکردن لە ئامانجەکانی خۆمان، قوتابییەکانمان و منداڵانی کوردستان زۆرتر کۆبوونەی ناڕەزایەتی ڕێک دەخەین و ئەمەش بە مافی خۆمان دەزانین.

**لەم ماوەیەدا کە ناڕەزایەتیی مامۆستایان سەری هەڵ داوەتەوە، وەک باسیشتان کرد ڕێژیم وەک نەریتی هەمیشەیی خۆی بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتکردنی ئەو ناڕەزایەتییانەی داوە، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ڕێژیم بۆچی لە ناڕەزایەتیی مامۆستایان ئەترسێت؟**

ئەگەر مێژووی ناڕەزایەتیی مامۆستایان لە هەموو وڵاتاندا بخوێنینەوە، ئەو ترسە شتێکی تازە نییە، بەتایبەت لە ئێراندا کە ڕێژیمێکی سەرکوتکەر و دیکتاتۆر بەسەر خەڵکدا زاڵە. ناڕەزایەتیی مامۆستایان بە واتای ناڕەزایەتیی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگەیە، پێشتر باسم کرد کە ژیانی مامۆستایان لەژێر هێڵی هەژاریدایە و ئەمەش زەنگی مەترسییە، (هەژاری عەیب نییە، بەڵام ئەم هەژارییە بۆ ئێمە لەم ئێرانەدا بەو گشتە سامانەوە، بەڕاستی کارەساتە) ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوەی کە یەک شەمچە بۆ هەڵکردنی ئاگر بەسە. لەم سەردەمە سیاسییەی ئێراندا کە گەمارۆی لەسەرە و دەورانێکی دژوار تێپەڕ دەکات، پاڵپشتیی خەڵک زۆر بۆی گرینگە، بەڵام کاتێک دەبینێت بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە کە مامۆستایانن و پەروەردەکردنی مێشک و بڕوای دوو - سێ نەوەی کۆمەڵگە بەدەستیانە و نارازین و مانگرتن و کۆبوونەوەکانیان زۆرتر بۆتەوە، هەست بە مەترسی دەکات و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکوتی مامۆستایان دەدات و ئەم سەرکوتانەش لەسەر مامۆستایانی کوردستان زیاتر، توندڕەوانەتر و بەرچاوترە.

**وەک باستان کرد سەرکوتی مامۆستایانی کوردستان زیاتر و توندڕەوانەترە و لە ڕەوتی دەستبەرکردنی مامۆستایان، بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ؛ زیاتر لە ٢٤٠ مامۆستا لە ئێراندا گیراون کە ڕێژەیەکی زۆریان کوردن و لە کوردستان بوون، هۆکاری ئەوەی کە ڕەشبگیریی مامۆستایانی کوردستان لە ئێران زیاترە، چییە؟**

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران بۆ کوژاندنەوەی چرای ئەنجومەنە سینفییەکان و داخوازییەکانی مامۆستایانی کوردستان، مێژووی سیاسیی ڕەوای کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەییی خەڵکی کوردستان لەبەرچاو دەگرێت و ئەمەش پێکەوە گرێ ئەدەن، لە کاتێکدا مامۆستا سیاسەتمەدار نییە و تەنیا ئەوە کە لە بواری کاری خۆیدا شارەزایە. ئێمەش داوای مافی ڕەوای خۆمان و قوتابییەکانمان دەکەین، ڕێژیم بۆ سەرکوتکردن و لەنێوبردنی بزاڤی مامۆستایانی کوردستان، سیناریۆسازی و پەروەندەسازیی بێبنەما دەکات و بەم هۆکارەشەوە ڕەشبگیریی مامۆستایانی کوردستان زۆرتر و دڕندانەترە.

وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ئەنجومەنی مامۆستایانی کوردستان و بەتایبەت لە شارەکانی سنە، مەریوان، دیواندەرە و سەقز چالاکترین ئەنجومەنەکانی مامۆستایان لە ئێستای ئێرانن و ناڕەزایەتییەکانیان زۆرترە، هەرچەند لەم دوو مانگەدا زیاتر لە ٢٤٠ مامۆستا لە ئێراندا دەستبەسەر کراون، بەڵام مامۆستا دەستبەسەرکراوەکانی ئێمە لە کوردستان زۆرتر لە سەرجەم شوێنەکانی تری ئێرانە و گوشاری ڕەوانی و دەروونیی زۆریان خستووەتە سەر خۆمان و بنەماڵەکانمان، ئەمەش بۆ ترسی ڕێژیم لە خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە.

**لە بەیاننامەی ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستاندا ئاماژە بە سیناریۆسازی، پەروەندەسازی و سیاسەتی دۆڕاوی ڕێژیم کراوە. پێتان وایە ئەم هەوڵانە ڕێژیم توانیویەتی کاریگەریی لەسەر بێدەنگکردنی مامۆستایان هەبێت؟**

وەک لە پرسیاری پێشتر باسم کرد؛ بۆ بێدەنگکردنی مامۆستایانی کوردستان سناریۆی زۆریان دروست کردوە، یەکێک لەو سیناریۆگەلە دیداری سینفیی مامۆستایانی مەریوان و فەرانسە بوو کە دیدارێکی یاسایی بووە و لە هەموو سینفەکاندا ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانە هەیە، بەڵام ڕێژیم چونکە لە کوردستاندا لە سێبەری خۆشی ئەترسێت، ڕەنگی سیاسی و تۆمەتی جاسووسییان لەم دیدارە داوە. سیناریۆیەکی دیکە فیلمێکی بەڵگەنامەیی بوو کە کاناڵی ڕێژیم لە نێوخۆی پارێزگای سنە بڵاوی کردەوە و لەو فیلمەدا وەکوو نەریتی هەمیشەیی ڕێژیم مامۆستایانی ناڕازی بە مۆرەی بێگانە لەقەڵەم دراوە و پێوەندی دەدەن بە تێکدانی ئاسایشی بەناو نەتەوەیی ڕێژیمەوە کە لە بنەڕەتدا ئەمە تەنیا بیانوویەکە بۆ سەرکوت و بێدەنگکردنی مامۆستایانی مافخواز و ناڕازی. لەکاتێکدا پێش لە سەرهەڵدانی بزاڤی مامۆستایان و وتار و دروشمەکان، ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایان ڕایانگەیاندووە کە داخوازیی ئێمە بەتەواوەتی سینفییە و تەنیا داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆمان دەکەین، بەڵام بەداخەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە مامۆستا دەستبەسەرکراوەکان لە ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی داگیرکەر، داوای دانپێدانانی زۆرەملێ دەکەن کە ئەنجومەنەکانی مامۆستایان گرێ بدەن بەو شتانەی کە لە مێشکی ڕزیوی خۆیاندایە، بەڵام بەختەوەرانە تاکوو ئێستە نەیانتوانیوە بە ئامانجی گڵاوی خۆیان بگەن و ناتوانن مامۆستایانی کوردستان بێدەنگ بکەن.

**بۆچی تاکوو ئێستە بەرپرسانی ڕێژیم لە هەر ئاست و بەرپرسیارەتییەکدا نەهاتوونەتە سەرهێڵ بۆ گوێگرتن لە داخوازیی مامۆستایان، واتە بۆچی بایەخیان بەو ناڕەزایەتییانە نەداوە؟**

پرسیارەکەتان جێگەی تێڕامانە، ئەوە کە بۆچی تاکوو ئێستا بایەخ بە ناڕەزایەتیی مامۆستایان نەدراوە؟ لەم ساڵانەدا هاواری مامۆستایان زیاتر بەرز بووەتەوە، بەڵام هیچ بەرپرسێک گوێی لێ نەگرتوە، ئەمەش بە چەند هۆکار: یەکەم؛ بەداخەوە لەنێوان مامۆستایاندا چەند دەستەیی هەیە، ئەوانەی کە هێشتا لە وەزارەتی پەروەردە بە شێوەی فەرمی دانەمەزراون و نەبوونەتە مامۆستای فەرمی، لە ترسی ئەوەی کە دایاننەمەزێنن بەشدار نابن. دووهەم؛ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و جێگرەکانیان بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان کەمتر بەشدار دەبن. سێهەم؛ شارە چووکەکان چونکە کەشی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم بەسەریاندا زاڵترە، بەشدار نەبوون. چوارەم؛ لە زۆربەی پارێزگاکانی ئێران جگە لە شیراز و ئەلبۆرز و لە پارێزگاکانی کوردستانیش جگە لە سنە، مامۆستایان یەکگرتوو نین و کۆبوونەوەکانیان زۆر کەمە. پێنجەم؛ لە هەمووی گرینگتر، پاڵپشتینەکردنی هاوکارانی بەڕیوەبەرایەتییەکانی پەروەردە و بەتایبەت وەزارەتی پەروەردەیە لە داخوازیی مامۆستایان. جگە لەمانەش تاکوو ئێستەش بۆمان ڕوون نەبووەتەوە کە بۆچی هیچ وڵاتێک و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش پاڵپشتیی مامۆستایان ناکەن! بەڵام ئێمەی مامۆستایانی کوردستان تاکوو گەیشتن بە ئامانجەکانمان بەردەوامین.

**وەک ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستان چ چاوەڕوانییەکتان لە توێژ، ڕێکخراو و ناوەندە مەدەنییەکانی تری کۆمەڵگە، هەروەها حیزبە سیاسییەکان و میدیاکان هەیە؟**

هەر وڵاتێک وەکوو پازڵە و هەر کەس و گرووپێک لە جێگەی خۆیدا بێت، بە دڵنیاییەوە ئەو وڵاتە زۆر بەهێزتر و پێشکەوتووترە. مامۆستا لە هەموو کاتێکدا مامۆستایە، سەرەکیترین ئەرکی مامۆستاش ئەوەیە کە قوتابیی شارەزاو و بلیمەت بۆ کۆمەڵگە و داهاتووی گەل و نیشتمان بار بهێنێت و ئەمەش کاتێک ڕوو ئەدات کە خۆی کەمترین کێشەی هەبێت و هەموو بیر و هزری بۆ کارەکەی واتە پێگەیاندنی قوتابیی وریا دابنێت. مامۆستایانی کوردستان بە هۆی نادادپەروەری و سیستەمی نەخۆشی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانەوە، ساڵانێکە گوشارگەلێکی زۆر و بەتایبەت گوشاری ئابووری لەسەرمانە و هێزی لە ئەژنۆی زانستیی خۆمان و قوتابییەکانمانی گرتوە، بۆیە ناڕەزایەتیی خۆمانمان دەربڕیوە و لەم ڕێگەیەشدا زۆر بووینەتە قوربانی. دڵنیا بن قەت دەست لەم ئامانجە پیرۆزە بەر نادەین و نابێت جیاوازی لەنێوان وزارەتی پەروەرە و فلان وزارەتدا هەبێت. ئێمەش کە لە ئێستادا دانیشتووی ئەم جوغرافیا سیاسییەین و بە قەوڵی فارسەکان و بەتایبەت دەسەڵاتدارانی ڕێژیم هەموومان ئێرانین، نابێت لەنێوان قوتابییەکی تاران و قوتابییەکی کوردستان یان بەلووچستاندا جیاوازی هەبێت و دەبێت هەموویان وەکوو یەک مافی یەکسانیان هەبێت، بەلام لە کردەوەدا جیاوازیی زۆر هەیە. نابێت کەرامەتی مامۆستا بە هۆی نەدارییەوە خەوشدار بکرێ و ڕێژیم نابێت یاری بە کەرامەتی مامۆستا بکات. بۆیە لە ڕێکخراو، ناوەند و دامەزراوە مەدەنییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان، حیزبە سیاسییەکانمان، میدیاکان و سەرجەم کۆمەڵگەی کوردستان داخوازین لەم بارودۆخە ناجێگیرەی ئێمەی مامۆستایاندا بە هەر شێواز و هەرجۆرێک کە دەتوانن پاڵپشتمان بن و ئامانجەکانی ئێمە بە ڕوونی بگەیەننە ناوەند و شوێنە پێوەدنیدارە نێونەتەوەییەکان تاکوو بتوانین ئەرکی خۆمان بە باشترین شێوە بەڕیوە ببەین و ڕێژیمی داگیرکەری ئێران لەمە زیاتر کێشەمان بۆ دروست نەکات، چۆن مامۆستای کورد باشتر و دڵسۆزانەتر منداڵی کورد پەروەردە دەکات و هەموو هەوڵی خۆمان ئەخەینە گەڕ تاکوو مندالانی کوردستانمان زیرەک، وریا، هۆشیار، چاوکراوە و نەتەوەیی بار بهێنین.

**مامۆستا چرۆ سەرەڕای سەرجەم کێشە و گرفتەکانتان زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەم هەڤپەیڤینە دانا، لە کۆتاییدا ئەگەر شتێک ماوە بۆ گوتن یان شتێک لەبیرمان چووە باسی بکەین، بفەرموون!**

لە کۆتاییدا سپاستان دەکەین کە کێشە و گرفتی مامۆستایان بۆتان گرینگە و ئەم کاتەتان دانا کە باشتر ئامانجمەکانمان ڕوون بکەینەوە. دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەرکی ئێمە ئەوەیە قوتابیی شارەزا، بلیمەت و نەتەوەیی پێشکەش بە داهاتووی گەل و نیشتمانەکەمان بکەین، نەوەیەک پێ بگەیەنین کە هزری هەتاو بێت و خۆی، گەل و نیشتمانەکەی بەباشی بناسێت و لە دەوروبەرەکەشی تێ بگات، دڵنیاش بن هەموو هەوڵی خۆمان بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە دەخەینە گەڕ و هەموانیش دەبێ پشتیوانمان بن.

***

کوردستان
ژمارە: ٨٢٦
١٦ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٧ی جوولای ٢٠٢٢

# کورد و دیپلۆماسی؛ تاران و تیرۆر



زانیار حوسەینی

کاتێک لە باسی ئێراندا زووم دەکرێتە سەر کوردستان، سەرنجەکان لەسەر چەند خاڵێکی گرینگ دەوەستن: یەکەم لە مێژووی زیاتر لە یەک سەدەی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشەنگی مافویستی، ئازادیخوازی و هەوڵدان بۆ دەستەبەر و جێگرکردنی دێموکراسی بووە لە ئێرانداد؛ تەنانەت لەو کاتانەاش کە گەلانی دیکەی ئێران ملیان بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی حاکم ڕاکێشاوە. دووهەم لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی ئەو مێژوویەدا کورد هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە دەسەڵاتی ناوەندی جیاوازیی نەتەوەیی، زمانی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ئەو قەوارە سیاسییە وەک خۆی ببینێ و پێناسەی بکات. سێهەم لە زۆربەی ئەو کاتانەدا کورد هەوڵی داوە جگە لەوەی داخوازییەکانی خۆی لەگەڵ تاران بێنێتە بەرباس، هاوکات گەلانی دیکەی ئێران لەو گرنگیە سیاسییە و ڕاستییانە ئاگادار بکاتەوە و هاندەری ئەوانیش بێ بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. چوارەم ئەوە کە لە هیچ خوێنەر و مێژووناس و سیاسەتمەدارێک شاراوە نییە کە کورد لە بواری سیاسی و بۆچوونی دروست بۆ پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار ڕۆڵی پێشەنگایەتیی لە ئێراندا بووە. پێنجەم ئەوە کە دەسەڵاتی ناوەندی هەموو کاتێک پرسی کوردی چەواشە کردوە دواجار ئەوە کە کورد هەوڵی داوە، لە ڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە و لەڕووی دیپلۆماسییەوە چارەسەری ئەو پرسە بکا کە کەمترین تێچوو و خەساری هەبێ بۆ لایەنەکان. بە گشتی خاڵی هاوبەش و یەکانگیری دەسەڵات لە تاران، چ لە پێکهاتەی سیاسیی پاشایەتیی پەهلەوی و چ لە ویلایەتی فەقیهی ئێستاکەدا ئەوەیە کە هیچیان باوەڕیان بە پرسی کورد و دیالۆگ نەبوە. بۆیەشە نرخی کوردایەتی و هەوڵدان بۆ مافی ڕەواکەی دیارە و لە کەس شاراوە نییە کە تێچووەکەی چەندە؛ ئەو قسەیە زۆر بەجێیە و لە جێی خۆیەتی کە دوکتور قاسملو دەڵێت: "هەر گەلێکی ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییە بدات". جا نرخی ئەو ئازادییەش بەپێی هێندێک پارامێتر بۆ هەر گەلێک جیاوازە.

کورد لە مێژووی خۆی لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان قوربانیی دەستی سیاسەت و نەزمی جیهانی و پیلان و دوژمنایەتیی نەتەوەی باڵادەست و پاوانخوازانی دەسەڵاتی ناوەندی بوە. بەڵام ئەمە هیچکات نەبۆتە هۆی ئەوە کە ئەو گەلە بۆ چرکەیەکیش لە خەبات بۆ ماف و داخوازییەکانی پاشگەز بێتەوە یان بوەستێندرێ.

کوردلەئێران زۆربەی کاتەکان بەخۆڕێکخستنەوە و دارشتنێکی باش لە بواری سیاسی و هەروەها بە دانانی پلان و بەڕێوەبەرییەکی دروست لەسەر پرسی نەتەوەیی کە بنەما و بناغەیەکی جیانەکراو لە هەر نەتەوەیەکە، ڕوو بە تاران داواکارییەکانی خۆی باس کردوە و لە هەمان کاتیشدا بەشێوەیەک ئەو پرسەی بە ڕۆژەڤ کردوە کە نەتەنیا ماف و ویستەکانی خۆی دەستەبەر بکات، بەڵکوو بە شێوەیەکی ئوسوولی و بە مانیفێستێکی ڕاستگۆیانە، یارمەتیدەر و هاوبەش بێ لە جۆری بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتەدا. هاوکات بەخوێندنەوە و پێناسەکردنی هەموو هێز و پوتانسییەلە مەوجوودەکانی ئەو قەوارە سیاسییە، ئەو وڵاتە لە قەتیس‌مانەوە و دواکەوتن و دواکەتوویی ڕزگاری بێت و ئەوەش بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕاستییەکانی نێو فرەیی لە پێکهاتەی ئەم وڵاتەدا و ڕێزگرتن لە بنەماکانی دێموکراسی، یەکسانی و دادپەروەری لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریدا بوونی نابێ. بەڵام دەسەڵاتی ناوەندیی پاوانخواز نەک هەر نەیویستوە ڕاستییەکان ببینێ، بەڵکوو بە هەموو هێز و تواناوە بەرپرچی ئەو بابەتەی داوەتەوە. لەوەش زیاتر بە بەزاندنی هەموو سنوورە یاسایی و ئەخلاقییەکان تاوان و جینایەت و کارەساتی خوڵقاندوە.

بزووتنەوەی گەلی کورد لە سەردەمی سمایل ئاغای سمکۆ ڕا هەتاکوو دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و پاشان لە سەردەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران هەموو شێوازەکانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مافخوازیی خۆی ئەزموون کردوە و چ لە مەیدانی بەربەرەکانی چەکداریدا و چ لەسەر مێزی وتووێژ هەوڵی داوە دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانی بکات. بۆ ئەوەش تێچووی قورسی داوە، بۆ نموونە دوکتور قاسملوو، ڕێبەری کاریزماتیکی کورد لە ڕۆژاوا و لەنێو جەرگەی وڵاتانی پێشکەوتووی دێموکراسیخوازدا لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆر کرا. خۆ ئەگەرچی بزوتنەوەی گەلی کورد بە تیرۆری تێکۆشەران و تەنانەت ڕێبەرانی نەوێستاوە، بەڵام شاراوە نییە کە هەرکام لەو تیرۆرانە خەسار و تێچوویەکی زۆری بووە بۆ بزووتنەوەکە. ئێمە هەروەها بینیمان دەسەڵاتێک کە خۆی بە نوێنەری چەوساوەکانی جیهان و کوشتنی بەناحەق و ڕشتنی خوێنی ناعادڵانە بە تاوانێکی گەورە دەزانێ و بەپێی تاریفی ئیدئۆلۆژیکی خۆی ڕشتنی خوێنی میوان -تەنانەت بێتوو کافریش بێت- بە حەرام دادەنێت؛ بەڵام بۆ ڕێگری کردن لە وەدیهاتنی مافەکانی کورد دەستبردن بۆ جینایەتیش بۆخۆی بە حەڵاڵ، یاسایی، پیرۆز و پاساوهەڵگر دەزانێت.

دوای سی و سێ ساڵ لە تیرۆری دوکتور قاسملوو ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە لە وڵاتێکی بەڕواڵەت یاساسەروەردا لایەنی حقووقی ئەو پرسە تاکوو ئێستا نەچۆتە نێو پرۆسەی یاسایی و پۆلیس و دەزگای داد نەیتوانیوە هەموو لایەنەکانی ئەو جینایەتە ئاشکرا بکەن و لەکۆتاییشدا حوکمێکی شیاو و عادڵانەی لەسەر بدەن. ئەوەش جێی پرسیارێکی گەورەمان بۆ دەهێڵێتەوە، بەو مانایە کە چۆنە وڵاتانی ڕۆژاوایی (ئۆتریش بە نموونە) بەرانبەر بە جینایەت، بەتایبەت ئەو جۆرە جینایەتانەی دەستی دەرەکییان تێدایە و بە تاوانی نێودەوڵەتی پێناسە دەکرێن، بێدەنگ دادەنیشن؟ ئەوەش لە کاتێکدایە کە لەد وای ڕوودانی ئەو جینایەتە لانیکەم دوو کەس لە تاوانبارەکان گیراون و بە وتەی ئیسوالد کیسلێر، بەرپرسی یەکەی دژە تیرۆری پۆلیسی ڤییەن ئەو مەسەلەیە بەتەواوی ڕوون بووە کە لەو کۆبوونەوەیەدا سێ کورد هەبوون کە هەر سێکیان کوژراون و سێ ئێرانیش لەوێ بوون و هەر سێکیان زیندوو ماون و کردەکە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە بۆمان! هەروەها پیتەر پیلز ئەو کەسەی کە فرۆشتنی چەکوچۆڵ لەلایەن وڵاتی ئۆتریشی بە ئێران و عێراق لەقاو دا، گوتوویەتی هێندێک کەس لە دەزگا ئەمنییەتییەکانی ئاڵمان پێیان گوتوە کە ئاڵمان وڵاتی ئۆتریشی لە ئەگەری تیرۆری دوکتور قاسملوو ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام دەوڵەتی ئۆتریش نەتەنیا ئەو مەترسییە جیدییەی بە دوکتور قاسملوو ڕانەگەیاندوە، بەڵکوو لە خاکی خۆیدا هەوڵی پاراستنی دوکتور قاسملووشی نەداوە. هەربۆیە پرسی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی تەنیا کەیسێکی تیرۆری نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەسەڵاتی ئێران نییە؛ بەڵکوو کەیسێکی نێودەوڵەتییە کە دوو دەسەڵاتی بەردەنگی هەیە:

یەکەم بەردەنگ دەسەڵاتی ئێرانە کە بەهۆی تیرۆری سێ کورد لەسەر مێزی وتووێژ سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تاوانباری سەرەکییە. ئێستاکەش جینایەتکارانی ئەو ڕووداوە بەئاشکرا لەنێو ئێراندا دەژین، ڕێزیان لێ دەگیرێ، بەرپرسایەتییان دراوەتێ و بڕیاردەرانی ئەو جینایەتەش پلە و پایەی بەرزتر لەو کاتیان پێیە. هەربۆیە دەسەڵاتی ئێران و ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە دەبێ بەپێی ستاندارد و ئوسولی نێودەوڵەتی دادگایی بکرێن و بە چوار هۆکار سزای کردەوەی خۆیان ببینن: یەکەمیان تیرۆری ڕێبەرانی کورد و ئەنجامی کردەوەی تیرۆریستی لە ئاستی نێودەوڵەتی و لەنێو خاکی وڵاتێکی دیکەدا. دووهەمیان پشتیوانیی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ئێران لە تیرۆر و تیرۆریزم و پاراستنی ئەمنییەتی ئەو تیرۆریستانە. سێهەمیان بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکانی ئەو ڕووداوە و درۆ و دەلەسە و تاریفی هەڵە و گێڕانەوەی ناڕاست لێی. چوارەمیان کەڵکوەرگرتن لە باڵوێزخانەکەی وەک بنکەیەکی تیرۆریستی بۆ کردەوەی تیرۆریستانە.

دووهەم بەردەنگ وڵاتی ئۆتریشە. یەکەم، جینایەتەکە لەنێو دڵی پێتەختی ئەو وڵاتەدا ڕووی داوە و لەجیاتی بەدواداچوونێکی جیدی و دروست بە زووترین کات، ئەنجامدەران و دەست و پێوەندییەکان و لایەنەکانی ئەو جینایەتە ڕوون بکاتەوە و ئەمنییەت و یاسا و سەروەری دەسەڵات و وڵاتەکەی سەقامگیر بکاتەوە، دەبێ هەم وڵامدەری ئەو کەمتەرخەمییانە بێ کە ئاگایانە ئەنجامی داون، هەمیش وڵامی بۆ ئەو کارانە هەبێ کە دەبا ئەنجامی دابان و ئێستاش لەدوای سی و سێ ساڵ پشتگوێی خستوون. ئەوەی کە دوو جینایەتکاری ئەو کردە تیرۆریستییە هەر چەند خولەک لەدوای ئەنجامی جینایەتەکە دەستبەسەر کراون و یەکیان بریندارە و شایەتیدانی ئەو دوو بکوژ و تیرۆریستە لە وێستگەی پۆلیس لەگەڵ یەکتر نایخوێنێتەوە و ناڕوونە. دووهەم جینایەتکارەکان ئازاد کراون بەبێ ئەوەی بنەماڵە و نیزیکانی ئەو کەسانە و حیزبی دێموکرات کە لایەنی سەرەکی ئەو مەسەلەیەن ئاگادار کرابنەوە. سێهەم ئیزنی ڕۆیشتن و جێهێشتنی خاکی ئەو وڵاتە بە پۆششی دیپلۆماتیک و لەژێر سێبەری باڵوێزخانەی ئێران بەو سێ جینایەتکارە دراوە. چوارەم بۆچی دادستێنی ڤییەن، دەزگای دادی ئەو وڵاتە و دەوڵەتی ئۆتریش چاویان لەسەر ئەو جینایەتە نێودەوڵەتی و هەستیارە تاکوو ئێستاکە داخستووە؟ و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە کە ئەو وڵاتە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ئەو تۆمەتانەی کە بەنیسبەت خۆی لە ئارا دایە سەبارەت بە کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دەبێ وڵامیان بداتەوە و لە هەمان کاتدا ئەو کەیسە لە دەزگای دادی خۆی بەپێی ئوسولی یاسای نێوخۆی وڵاتەکەی و یاسای نێودەوڵەتی وەگەڕی بخات و لەدوای سی و سێ ساڵ ڕێز لە دروشمی ڕۆژاوایی خۆیان بگرنەوە کە هەمان ڕێزگرتن لە عەداڵەت و دێموکراسییە.

کاتێک وڵاتانی ئازاد و دێموکرات چاوپۆشی لە جینایەت و کردەی تیرۆریستی بکەن و ئەو کردەیە بۆ گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزم بەبێ تێچوو بێ، یان لانیکەم تەنیا تێچووەکەی ناوزڕانی لەنێو بیروڕای گشتیدا بێ، ئەو وڵاتانە دەبێ چاوەڕوانی سنووربەزاندنی زیاتری تیرۆریستان و پێشێلکردنی پتری سەروەریی سیاسی-یاسایی وڵاتەکانیان بن.




## زیندان بەزێنەکانی ئێمە




شاکر باغی لە دایکبووی شاری وان لە باکووری کوردستان، یەکێکی دیکە لە زیندانییە سیاسییەکانی کوردە کە ئێستا لە زیندانی کاشمەر لە پارێزگای خۆراساندا بەند کراوە.

شاکر باغی ڕێککەوتی ٢٠ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٨٦ لەسەر جادەی سنە- مەریوان لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەوە بە تۆمەتی ئەندامەتیی پارتی ژیانی ئازاد دەستبەسەر و بۆ یەکێک لە گرتنگەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە بەرێ کرا. شاکر بۆ ماوەی چەند مانگ خرایە ژێر لێپرسینەوە و ئەشکەنجە لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران لە شارەکانی سنە و کرماشان. دواتر لە لقی یەکی دادگای شۆڕشی شاری سنە بە سەرۆکایەتیی قازی "حەسەن بابایی" بە تۆمەتی "ئەندامەتی لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)" دادگایی و سزای ٣٠ سال زیندان و دوورخستەوە بۆ زندانی کاشمەر لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەویی بەسەردا سەپا. شاکر ئەگەرچی تانەی لەو بڕیارە دا، بەڵام حوکمەکەی لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای سنەشدا وەک خۆی پشتراست کرایەوە. ئەو زیندانییە سیاسییە لە کۆتاییەکانی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٨ لە زیندانی ناوەندی شاری سنەوە بۆ زیندانی کاشمەر دوور خرایەوە.

شاکر باغی لەو ماوەیەدا وەک هەموو زیندانییەکی سیاسیی کورد لە مافەکانی خۆی بێبەش بووە و بەوەش کە کوردی بەشێکی دیکەی نیشتمانی کوردستانە، هێزەکانی زیندان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان پتر دەستیان بۆ ئازاردانی جەستەیی و ڕوحیی ئەو ئاوەڵا بووە. بۆ نموونە بنەماڵەی شاکر چەند جار لە شاری وان لە باکووری کوردستانەوە بۆ چاوپێکەوتنی کوڕەکەیان دەهاتنە سنە، بەڵام ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لەو ئەو شارە ڕێیان نەدەدان چاویان پێی بکەوێ. ئەو دۆخە بۆ ماوەی ٦ سال درێژەی کێشا و دواجار لە ساڵی ١٣٩٤دا بنەماڵەی شاکر پاش چەرمەسەری و هاتوچۆیەکی زۆر توانییان لە نیزیکەوە و ڕاستەوخۆ ڕۆڵەی بەندکراویان لە دەستی بێدادیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ببینن.

شاکر لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی "کرۆنا"دا و لە کاتێکدا زۆربەی زیندانییە سیاسییەکان لە ئاستی ئێراندا بۆ مەرەخەسی نێردرابوون، بە تاوانی کوردبوونی وەک هەموو زیندانییە سیاسییەکانی دیکەی کورد لەو مافە بێبەش کرا و پاش تووشبوون بە کرۆنا لە مردن گەڕایەوە. بێدەروەستیی وڵاتی تورکیەش لە بەخاوەن‌نەکردنی هاووڵاتیی وڵاتەکەی و بگرە هاودڵی و تەبایییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە دۆخی هاوشێوەدا وای کردوە بارودۆخی کەسانی وەک شاکر باغی لەگەڵ چەند بەندییەکی سیاسیی بەشەکانی دیکەی کوردستان وەک «کەمال حەسەن ڕەمەزان»، «عەلی ئەحمەد سولەیمان»، «سەردار ئازموش» و «حاتەم ئەزدمیر» لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا سەخت و تاقەتپڕووکێن بێت.


شاکر باغی سەرەڕای خۆڕاگری و ئیمان بە ڕێبازەکەی لە زیندانییشدا کەسێکی چالاک و لەسەر هەستە. ناوبراو لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ڕێژیمدا کە لە کۆتاییەکانی زستانی ١٣٩٨دا بەڕێوە چوو، وێڕای کۆمەڵە بەندییەکی سیاسیی دیکەی کورد لە زیندانەکانی ورمێ، خۆی و کاشمەر لە بەیاننامەیەکدا داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانیان کرد. لەو بەیاننامەیەدا هاتبوو کە "کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گۆڕەپانە سیاسییەکانی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا گەیوەتە بۆنبەست و ڕەواییەت و شەرعییەتی ڕۆژ بە ڕۆژ کاڵتر دەبێتەوە، بۆیە بەتەمایە بە هاندنی خەڵک بۆ بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا شەرعییەتی نەبوو بۆخۆی دەستەبەر بکا؛ بۆیە نابێ بهێڵین ئەو دەرفەتەی پێ بدرێ." بەشێکی دیکەی بەیاننامەکە ئاوڕدانەوە لە دۆخی بەندییە سیاسییەکان بوو. لەو بەشەدا هاتبوو: "ئەوان دەیانەوێ ئێعدامەکان لەبیر خۆمان بەینەوە، پێ‌وشوێنی تەرم و شوێنی ناشتنی ڕۆڵەکانمان نەکەوین، ئاسەواری ئەشکەنجە جەستەیی و ڕوحییەکانمان بشارینەوە و بە بزە و پێکەنینەوە لەسەر سندووقەکانی دەنگدان وێنە بگرین. ئەمە سووکایەتی بە خوێنی ڕژاوی ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە لە خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و سەردەم و ڕۆژەکانی دیکەیە کە نابێ قەت لەبیر بچنەوە. ئەم بەشدارییە چەپڵەلیدان بۆ کەسانێکە ڕۆژ نییە کۆڵبەرێک و ڕۆڵەیەکی ئەو گەلە بەشخوراوە خەڵتانی خوێن نەکەن، بۆیە نابێ لەو تاوانەدا بەشدار بین."

شاکر باغی تا ئێستا چەند جار بۆ ناڕەزایەتی‌دەربڕین بە دۆخی نالەباری خۆی لە زینداندا و ڕاگیرانی لە بەندی تاوانبارانی ماددەی هۆشبەر ناڕەزایەتی دەربڕیوە. ئەو کاتی خۆی چووە ڕیزی مانگرتنی ٤٥ بەندکراوی سیاسی کە لە چلەی ئێعدامی "حەبیبوڵلا گوڵپەری‌پوور" و "سمایل مامەدی"دا بۆ مەحکووم‌کردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم مانیان لە خواردن گرت. ئەو بەندییە زیندان‌بەزێنە تا ئێستا چەند جار داوایان لێ کردوە لە ئەگەری هاوکاری‌کردنی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لەگەڵ بەندکراوی دی لە تورکیە بگۆڕدرێتەوە، یان تەنانەت لە زیندان ئازاد بکرێ؛ بەڵام کۆڵی نەداوە، سەری بەرز ڕاگرتوە و ئامادە نەبووە لەپێناو گیان و ژیانی خۆیدا خیانەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات.

شاکر باغی پاش ١٤ ساڵ بەندکرانی بەردەوام لە ڕێکەوتی ٥ ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٠ بە دانانی بارمتەی ٥ میلیارد تمەنی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ نێردرایە مەرەخسیی پزیشکی، بەو مەرجەی لە شاری سنە دەرنەچێت

ئا: دیاکۆ دانا

کوردستان
ژمارە ٨٢٦
١٦ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٧ی جوولای ٢٠٢٢





برایم چووکەڵی

ئەوانەی ڕاپەڕیون لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەیەکدا، بیریان لەوە کردۆتەوە کە لەوانەیە خۆیان هیچکات بەروبوومی ئەم دارە پیرۆزەیان پێ نەبڕێ، کەچی دیسانیش بە تین و گوڕی زیاتر لە جاران ڕێگەی سەخت و پڕ لە کەندولەند و هەڵدێر و گەویان بڕیوە، چونکی ئەم مرۆڤانە بۆ ئەوە ڕانەساون خۆیان وەک تاکە کەس ئازاد بکەن، بەڵکوو ئەوان بە مەبەستی ئازادکردنی نیشتمان و نەتەوە بندەست و چەوساوەکەیان ڕێگەی خەبات و بەرخۆدانیان گرتۆتە پێش و ئیمانیان بەو ڕاستیە هێناوە کە ئەو ڕێچکەیەی شکاندوویانە کوێر نابێتەوە و پڕ ڕێبوارتر لە پێشوو، دەبێتە ڕێبازێکی پیرۆز بۆ نەوەی داهاتوو.

شەهید محەممەد قادرزادە، ناسراو بە محەممەدی مینە هەللاج ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە گوندی نستان لەدایک بوو. ئەویش وەکوو زۆربەی هاوتەمەنەکانی، لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە بەهرەی خوێندن بێبەش بوو. ژیانی سەخت و زۆریی سەردەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستان، محەممەدی تازەلاوی لەگەڵ ڕوحی خەبات و بەربەرەکانی دژی ستەم و زۆرداری ئاشنا کرد. ئەو قوناغە لە ژیانی هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی جووڵانەوەی شۆڕشگێرانەی ساڵەکانی ١٣٤٦–١٣٤٧ی هەتاوی. بۆیە لە هەڕەتی لاویەتیدا پێوەندیی بە کادرەکانی ئەوکاتی حیزبەوە گرت و بەڕەسمی بووە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەرئەنجام لەگەڵ کاروانی خەباتی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦و٤٧ کەوت و شانبەشانی ئەو خەباتگێڕانە، چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان.

هاوینی ساڵی ١٣٤٧ ساواک و بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی شا کە بەردەوام بە شوێنیەوە بوون، گرتیان و ڕەوانەی بەندیخانەیان کرد. سەرەڕای ئەشکەنجەیەکی زۆر بەڵام محەممەد لە ئاست جەللادەکاندا بەچۆکدا نەهات و حازر نەبوو نهێنییەکانی حیزب بدرکێنێ، بۆیە دواجار سزای ٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاند. ئەو لە ماوەی پێنج ساڵ مانەوە لە بەندیخانەشدا، وەک کادرێکی لێهاتوو بۆ مەیدانی خەبات پەروەردە بوو.

لەگەڵ دەستپێکی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ هیوا و گەشبینییەکی زۆر کەوتە دڵی محەممەدی مینە هەللاج و زۆر چالاکانە بەشداریی لە ڕێپێوانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا کرد و خەڵکی هان دەدا و ڕێکی دەخستن تا لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری بکەن. محەممەد هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە ڕێپێوانەکانی شارەکانی بانە، سەردەشت و مەهاباددا چالاکانە بەشداریی دەکرد، پێوەندیی خۆی لەگەڵ تێکۆشەرانی دێمۆکرات لە بەندیخانەکان و ئەو کادرانەی لە کوردستانی عێراقەوە گەڕابوونەوە نوێ کردەوە. لەگەڵ ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبیش، پێوەندیی بە بەرپرسان و ڕێکخراوەکانی حیزبەوە گرت و لە ڕێکخستنەوە و سازماندانی تەشکیلاتی حیزب و لە پێکهێنان و دروستکردنی هێزی پێشمەرگە، لە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەتدا، ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەری هەبوو. بە دەستپێکردنی شەڕ لە کوردستانیش لە زۆربەی مەئموورییەت و شەڕەکانی ناوچەی سەردەشتدا بەشداریی کرد و وەک فەرماندەیەک نەخش و دەوری خۆی بەجێ گەیاند و تەنانەت لە مەئموورییەتێکی حیزبیدا چووە ناوچەی هەوشار.

محەممەدی مینە هەللاج، لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی تا کاتی شەهیدبوونی لە دەیان مەئموورییەتی حیزبی و دەیان شەڕ و بەربەرەکانیدا بەشداریی کرد. کاتێک لکی ٢ی شەهید مینەشەم سەر بە هێزی شەهید موعینی سازمان درا، محەممەد وەک فەرماندەی دەستە دیاری کرا. ئەو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وەک فەرماندەرێکی ئازا و خاوەن بەرنامە و تاکتیک تواناکانی خۆی سەلماند. لە گرتنی بنکە و پێگە نیزامییەکانی ڕێژیم، لە دانانەوەی کەمین و لە هێرشبردن بۆ سەر هێزی پەلاماردەر و لە بەرنگاربوونەوەی هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکاندا، هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. شەڕە حەماسییەکانی "هەژدە دۆلان"، "کەندەل"، "کانیەسوور" لە ناوچەی بانە و تێکشکاندن و تەفروتونا کردنی ستوونی ئەرتەش لە "دارساوێن"، شەڕەکانی سەر ڕێگای سەردەشت–بانە، سەردەشت – مەهاباد ، سەردەشت – پیرانشار و شارستێن بەشداریی ئازایانەی هەبوو. هەروەها دەستبەسەرداگرتنی پایەگای پردی بریسوێ، لێدانی پایەگاکانی ڕێژیم لە ناوشاری سەردەشت و بە تایبەتی پادگانەکانی خانەی موعەللیمان، بەسرێ، مەکڵاوێ، هەروەها شەڕەکانی چیای کەپری، کێوەرەش، مووسێ ، گەنمان، گەردنەی زمزیران، نموونەیەکی چووکەن لە فیداکاریی فەرماندەی شەهید محەممەدی مینە هەللاج. شەهید محەممەد کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو، لەنێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ناوچەدا خۆشەویست بوو. لە لای هاوسەنگەرانیشی جێگای ڕێز و حورمەتێکی تایبەت بوو.

شەوی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٦٢ی هەتاوی لە دڵی تاریکیی شەودا، پێشمەرگە حەماسەخوڵقێنەکانی دێموکرات هێرشێکی گەورەیان کردە سەر بنکەی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیم لەنێو شاری ڕەبەت. لەو عەمەلیاتەدا زەبرێکی قورس لە بنکەی جاشەکانی جێگیر لە ماڵی عەولاغا و پایەگای پۆمپی بەنزین درا. شەهید محەممەد خۆی فەرماندەیی هێرشەکەی سەر پێگەی جێگیر لە پۆمپی بەنزینی دەکرد، پێگەیەک کە پێشمەرگەکان بە تەواوی دەستیان بەسەردا گرت و ئاگریان تێبەردا. بەڵام بەداخەوە لەو شەڕەدا محەممەد قادرزادە (ناسراو بە محەممەد مینە هەللاج) بە دنیایەک ئاوات و ئارەزووەوە لەتەمەنی ٣٥ ساڵیدا شەهید بوو و گیانی لە ڕێگای ئازادی و بەختیاریی گەلەکەیدا بەخت کرد.

گلکۆی ئەم شەهیدە لە زێدەکەی لە گوندی نستانە و وەکوو گڵکۆی هەزاران شەهیدی دیکەی کوردستان، شایەتی بۆ بوێری و فیداکاریی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات دەدەن.

# لێواری هەڵدێر و بەرجامی بێئەنجام

## (قەیرانی مەشروعییەت)


ڕەزا دانشجوو

کۆماری ئیسلامی سەردەمانێک دەستەواژەیەکی لێڵ و ناڕوون بوو بۆ ڕای گشتی، ئەوەندە ناڕۆن کە لایەنگرانی مارکسیزم–لینینیزم بە جووڵانەوەیەکی دژ بە ئیمپریالیزم ناویان دەبرد و نەتەوەخوازە ئایینییەکانیش بە ئارمانشار و مەدینەی فازیلە وێنایان دەکرد! بە تێپەڕبوونی کات و لەناوبردنی هەموو ئەم لایەنە هزری جیابیرانە و یەکدەستکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵات، "ویلایەتی فەقیهـ" بوو بە مۆتەکەی خەڵکی ئێران. ئیدی هەموان تێگەیشتن "کۆماری ئیسلامی بێ ئەملاوئەولا " قەتڵگای هەموو بیرە ئازاد و دێموکراتەکانە. ئێستا ئیدی چیرۆکی دەرکەوتنی وێنەی ئیمام لە مانگدا بۆ گاڵتەجاڕییش بەکەڵک نایەت. ئەگەر سەردەمانێک دروشمی "بمرێ کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی" تایبەت بە خەڵکی کوردستان بوو، هەنووکە تەنانەت لە هاواری ژنە چارشێوییەکانی باشووری تارانیشدا هەر ئەم درووشمە دەبیسترێت. بەڵام ئەو قەیرانی ڕەواییە چۆن ڕووی دا؟

کۆماری ئیسلامی لە دەسپێکدا بە ڕەخنەگرتن لە دێموکراسییە گەلمیرییەکەی ڕۆژاوا هاتە مەیدان و لە هەوڵی ئەوەدا بوو بە پێداهاتنەوەی هەندێ لە کارەساتەکانی دوای گەورەترین شۆڕشەکانی جیهان بەتایبەت شۆڕشەکانی فەرانسە و ڕووسیە، مزگێنی شتێکی بێجێگرەوە بدات بە خەڵکی ئێران: حکوومەتێکی دێموکرات لەسەر ئەساسی ئایدولۆژییای ئیلاهی! لە ڕاستیدا تیۆریسیێنەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بەر ڕەخنەگرتن لە بیروبۆچوونی فەیلەسووفانی سەردەمی ڕۆشنگەری، کەسانێک وەکوو دیکارت و کانت، عەقڵی خۆبنیاتنەری بەشەریان لە کاروباری خەڵکیدا بە ناکارامە دەزانی و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو لە هەڵسوکەوتێکی جیاوازترەوە لە نێوان حکوومەت و خەڵکەوە قسە بکەن. پێوەندییەک هەم لەسەر بنەمای هەڵبژاردنەکانی خەڵک بێت و هەمیش لکابێتە بینایی چاوانەوە! حکوومەتێک کە بڕیار وابوو هەم دین بدات و هەم دونیاش، ئەوەندەی پێ نەچوو هەم دینی بۆ دواوە پاڵ پێوەنا و هەم دونیای خەڵکی بەرەو ماڵوێرانی برد.

سەردەمی ڕێبەرایەتیی خامنەیی وەکوو کاتالیزورێک خێراییەکی بەرچاوی بەخشییە قەیرانی مەشرووعییەتی کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئیدی ڕێبەرایەتیی ڕێژیم بۆ بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسانی ئەم سیستمە یەکدەست و یەکڕەنگەش جێگای متمانە و شیاوی باوەڕ نەبوو. حوجەتولئیسلامێک کە لەپڕرا بوو بە ئایەتوڵڵا، ئەگەرچی بەهۆی لەنێوبردنی کەسایەتییە دژیار و بەڕواڵەت دژبەرەکانی خۆی سەرکەوتوو بوو لە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتدا، بەڵام ئەگەر تۆزیک وەج و ڕێزی هەبوو لەنێو یارانی دێرینی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەشی لەدەست چوو. سەرکوتی خوێناویی و دڕندانەی بزاوتە جەماوەرییەکان و کوشتن و دەستبەسەرکردنی دژبەران و تۆمارکردنی دەیان و سەدان پەروەندەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی نوێی کۆماری ئیسلامیدا نێوەڕۆک و جەوهەری ئەو ڕژێمەی بۆ هەمووان ئاشکرا کرد.

بەپێی پێناسەی کلاسیکی سرشتی دەوڵەت، ئەرکی ڕاستەقینە و بنەڕەتی ئەم دامەزراوە وەدیهێنانی دیسیپلین و جێگیرکردنی ئاسایش، دەستەبەرکردنی خاوەنداریێتی، دابینکردنی ئاسوودەیی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە. کەمتەرخەمیی نواندنی دەوڵەت لە هەرکام لەم بەشانەدا دەتوانێ دەرخەری ناکارامەبوونی بێت. ئەم پێناسەیە لە ڕێژیمە ئیدۆلۆگەکاندا سەرەڕای ئەرکە جەوهەرییەکانی خۆیان لە دارشتنی شێوازی ژیان، ئاراستەکردنی بیروڕای گشتی، ڕێنواندن بۆ هەست و ئاوات و کوڵوکۆی عاتیفی خەڵک، ڕوونکردنەوە و هەندێ جار داسەپاندنی نۆرم و بەها ئیدۆلۆژیکەکان، دووقات و دووتوێیە، بەو مانا کە لاوازبوونی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی ئەرکە ڕاسپێردراوەکانی خۆی لە لایک و نەگەیشتن بە ئاواتە ئیدۆلۆژیک و ئارمانییەکانی لەلەیەکی دیکەوە ئەم شێوە دەسەڵاتدارییە زۆرتر داوێتە قەیرانی ناکارامەبوونیەوە.

بەپێی "تیۆریی ترمیدور یان ڕەفتاری بازنەیی سەرهەڵدانەکان"ی کرین برینتون، کۆماری ئیسلامی لە پاش ماوەیەکی کورت لە دەسەڵاتداریێتی میانەڕۆکان (بزاوتی میللی مەزهەبییەکان) بە لەنێوبردن و دوورخستنەوەی گرووپە یاریدەدەرەکانی لە شۆڕشی ٥٧ و یەکدەستکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵات چووە فازی دەسەڵاتێکی ڕادیکاڵەوە. ئەم شێوە دەسەڵاتدارییە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی خامنەییدا بە خێراییەکی زۆرترەوە هاتە پێش و کار گەیشتە وەلانانی بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتییە شوێندانەرەکانی ڕێژیم، ئەوانەی بە ڕیفورمخواز دەناسران و تەنانەت هەندێ لەوانەی ڕەپاڵی بزاوتی بنەماخوازەکان درابوون، بۆ وێنە لە وەلانانی هاشمی ڕەفسەنجانی، خاتەمی، مووسەوی و کەڕووبییەوە بگرە تا لاریجانییەکان هەر درێژەی پرۆسەی کاملکردنی ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵەیە. ئێستا کۆماری ئیسلامی بەرەو دوا قۆناغ هەنگاو دەنێ، قۆناغی کۆتایی ڕادیکالیزم و تێپەڕین لە دۆخی ورووژان و هاوکات گەڕانەوەی مەنتیق و بەها ڕاستییەکان و کۆتایی هاتنی کۆماری ئیسلامی.

قەیرانی مەشرووعییەت گرێدراوی گۆڕانی ڕێسا و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانە و لە پێشدا دەبێتە هۆی قەیرانی شوناس و دوایە پێکهاتەی دەسەڵات دەگرێتە ئامانج.

قەیرانی شوناس یان هۆوییەت لە فاکتەرە کاریگەرەکانی گۆڕانی بەرەیە لە پێکهاتەی جەماوەری وڵاتدا کە "هێربێرت مور" پێی دەڵێ هەڵمساویی لاوێتی. ڕاستییەکەی ئەوەیە لاوان، باوەڕە زەینی و هزرییەکانی کۆمەڵگە بۆ کێشەوبەرە بانگهێشت دەکەن و سەقامگیربوونی سیاسی کۆمەڵگا دەکێشنە چاڵشەوە. "هێنری ئوردال" لەسەر ئەو باوەڕیە، یەک لە سەدی هەڵمساوی لاوێتی دەتوانێ پێنج لەسەدی شەڕوهەرا سیاسییەکانی کۆمەڵگە زیادتر بکات. دوکتور حوسەین بەشیرییە مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سیراکیوزی نیویورکی ئامریکا لەبارەی لەنێوچوونی مەشروعییەتی کۆماری ئیسلامییەوە ئاماژە بەو چوار ئوستوورە (کۆڵەکە) دەکا کە ڕێژیم بە بەڵێنی وەدیهێنانیان شۆڕشی ٥٧ی زەوت کرد و باس لە چۆنیەتیی ڕووخانی ئەو ئوستوورەیانە و بێبایەخ بوونیان لەلای خەڵک دەکات.

یەکەمین کۆڵەکە "دادپەروەریی ئیسلامی"یە و لە سەردەمی گشتگیربوونی سەرمایەداری، بە ڕوانگەی نادەوڵەتیکردن و هەموارکردنێکی پێکهاتەیی لە ساڵەکانی دەیەی حەفتا و درێژەدانی تا ئێستا و کاولکردنی بەشی گشتیی ئابووری وڵات و دواتر لابردنی یارانەکان و پەرەسەندنی هەڵاوسان و گرانیی لەڕادەبەدەر و تاقەتپڕووکێن بۆ خەڵک بەگشتی و بڵاوبوونەوەی بێکاری و دەیان و سەدان دیاردەی پێوەندیدار، ئیدی بە یەکجاری کاڵ بۆوە و چیدی کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە.

دووهەمین ئوستوورەی دەستکردی شۆڕش و سیستەمی سیاسیی ئێران، کۆڵەکەی "ئەخلاقتەوەرکردنی سیاسەت" لە ڕێگەی تێکەڵکردنی دین و سیاسەت بوو. ئەم دیرۆکە لاوازتر لەوە بوو ماوەیەکی درێژ دەوامی هەبێت. برەوپێدان بە کولتووری دووڕوویی و ڕیاکاری و ڕواڵەتبازی و وشکەسۆفیەتی، شاتوشووت و تۆبەدادان... هەر لە سەرەتاوە لێکبڵاو بۆوە و توندوتیژییە دەستنەترسانەکان و سەرکوتی خۆپێشاندەران و ناڕازییەکان و زیندانیکردن و غەدر و دەستدرێژی و پێدرکاندنەکان و هتد... ئەم ئوستوورەی ئەخلاقتەوەرکردنی سیاسەت لە ڕێگەی تێکەڵکردنی دین و دەوڵەتی- ئەگەر شتێکی پێوە مابوو- لە بنەوە هەڵتەکاند.

سێهەمین ئوستوورەی بنەڕەتیی شۆڕش و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی "خەبات لەدژی ئیمپریالیزم" بوو، ئەوەش ئەگەرچی لە دەسپێکدا هەراوهوریایەکی زۆری نایەوە، بەڵام بە پەرەسەندنی پێوەندییە ئاشکرا و نهێنییەکان و هاوکارییە نەشاراوەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، خێرا لەبەریەک هەڵوەشایەوە و ئەم خەباتە لە بەرهەڵستبوونەوەی تیۆریکی لە هەمبەر " ئیمپریالیزمی ئامریکا" دابەزییە سەر هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە بێنرخەکانی هەردوولا.

چوارەمین ئوستوورەی گرنگی شۆڕش و ڕێژیم، دروشمی "جمهوورییەت یان دژەپاشایەتی بوون" بوو. ئەم کۆڵەکەیەش هەم لە ڕوانگەی تیۆری و هەم لە کردەوەدا هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆریی "ویلایەتی موتڵەقە" و سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتی دوەڵەتی و بەرتەسک کردنەوەی بیروڕا و بڕیاری خەڵک و بەستنەوەی بە دەسەڵاتی گرووپێکی چووکە و نەبوونی سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادپەروەری و چاوەدێریی بەرژەوەندخوازانەی شوڕای نیگابان بە سەر هەڵبژاردنەکان و نابەرپرسایەتیی وەلی فەقیهەوە، هەمیسان هەڵوەشایەوە.

ئێستا کاتی ئەوەیە وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکی بدرێتەوە: دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ چاک ئاگاداری دۆخە نالەبارەکەی خۆیە و دەنگی پشووسواریی خۆی باشتر لە پێش دێتە گوێی. بۆیە هەم لە خولی یەکەمی دانیشتنەکانی بەرجام بە نەرمینواندنە قارەمانانەکەی! و هەم لە ئێستای دۆخی بەرجامدا، تەنیا ئامانجی ویلایەتی فەقیهـ لە دانوستانەکان، مانەوەیە لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەکی هەرچەند کورتی دیکەش بوو بێت. ئەمەش لە ڕێگەی هێنانەوەی بەشێک لە پارە و سامانە ڕاگیراو و بلۆکەکراوەکەی بۆوەی نەختێ هەناسەپێدان بە جەستەی دەردەداری ئابووریی وڵات و قایلکردنی بەشێک لە خەڵکی ژێر گوشار بۆ ماوەیەکی هەرچەند کورتیش بێت. بەو جیاوازییە کە بڕیارەکانی ئێستای کۆماری ئیسلامی جگە لە باسی کرانەوەیەکی کورتخایەن لە بارودۆخی ئابووری وڵاتدا، باسی نزیکبوونەوەیە لە دەسەڵاتی ڕۆژاواییەکانە. سەرنجدان بە دوایین هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ئێران و ڕەتکردنەوەی شیاویی تاقمێکی بەرچاو لە کەسایەتییە نزیکەکانی جاران تەنانەت نزیک لە خودی وەلی فەقیە ئاماژە بە لێکدانەوەیەکی مەیدانی لە لایەن ڕێبەرییەوە لە بارودۆخی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەک بوو لە تاکتیکدا. لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی قۆناغەکانی پێشوو کە ڕێژیم جارجارێک بە یارمەتیی ڕوخسارە بەڕواڵەت دژبەرەکانی ڕێبەری بۆ وێنە ڕێفۆرمخوازەکان و خۆنواندنیان لە گەرمەی هەڵبژاردنەکاندا، لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێت بەشێکی بەرچاو لە جەماوەری ناڕازی لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی بە قەناعەت دەگەیاند، بەڵام لە خولی ئەم دواییەی هەڵبژاردنەکاندا بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە ئیدی هیچکام لە پاڵێوراوەکان ناتوانن سەرنجی خەڵک بۆ هەڵبژاردنەکان ڕاکێشن؛ بەڕاشکاوی یاسینی مەرگی دێموکراسیی لەسەر دەستی هێزە ئەمەگدارەکانی ڕێژیم خوێند.

هەنووکە ویلایەتی فەقیهـ سەرقاڵی خۆڕاهێنانە لە سەر سیستەمی وڵایەتی میراتی و لابردنی هەڵبژاردنەکان تەنانەت وێڕای هێزەکانی نێوخۆی ڕێژیم. پێشنیارە چەندپاتەیەکانی خامنەیی لەسەر گۆڕینی سیستەمی سەرۆکایەتی بە سیستەمی پارلەمانی لە درێژەی ئەم سیاسەتەوە دێت.

پارلەمانێک بریتی لە زمانلووسان و خوڵامانی دەرچوو لە فیلتەری شوڕای نیگابانی دیاریکراوی ڕێبەر بە کەمترین دەسەڵاتەوە کە وەکوو سەرۆک کۆمار توانای دەعیەی تاج و تەختی نابێت. ئەزموونی تاڵی لاساری و جووتەوەشێنیی هەندێ لە سەرۆککۆمارانی پێشوو لەدژی بەرپرسی گەورە و هێژای ویلایەت! هەرچەند کورتخایەنیش بووبێت دڵە ناسکەکەی ئاغایان شکاند! ئێستاش کاتی گۆڕان و تێپەڕینە، ئیدی هیچ هیوایەک بە هاوڕایی خەڵک نییە و هیچ کەسایەتییەکی نێو ڕێژیمیش ناتوانێت سەرنجی خەڵک ڕاکێشێت، ئیدی هیچ کەسایەتییەک و هیچ ڕەفتار و کردەوەیەکی ڕێژیم بایەخێکی ئەوتۆی نییە لەلای خەڵک. ئێستاکە تەنیا هیوا و ئامانجی ڕژێم سەرنجڕاکێشانی دەسەڵاتی وڵاتانی بێگانەیە و تەواو. بۆ وێنە بەستنی گرێبەستی درێژماوە لەگەڵ وڵاتانی چین و وینزووێلا و بوون بە بەشێک لە هێزی پیادەی ڕووسیە دەتوانێ لەپێناو ئەم هیوا و ئاواتانە هەڵسەنگانی بۆ بکرێت: ویلایەتی میراتی ناهومێد لە پشتیوانی خەڵک و پشتئەستوور بە دەسەڵاتی دەرەوە.

ڕەنگە ئەم گۆڕانی تاکتیکە بۆ ماوەیەکی کورت، سارێژێک بێت بۆ برینە کولاوەکەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئەم برینە کارییە و چڵکی کردوە و تەشەنەی کردۆتە هەرهەموو جەستەی لەڕ و لاوازی نیزامەوە. بەڵێ کۆماری ئیسلامی مەحکوومە بە ڕۆیشتن، ئێستا و تاوێتر هەر دەبێ بڕوات.

***

کوردستان
ژمارە: ٨٢٦
١٦ی پووشپەڕی ١٤٠١ _ ٧ی جوولای ٢٠٢٢

# هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زەخت دەخەنە سەر بایدن تا ستراتێژییەک بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێ


و: کەماڵ حەسەنپوور

هاوکات کە هیواکان بۆ ژیاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ کاڵ دەبنەوە و بایدن خەریکی خۆ ئامادەکردن بۆ یەکەم سەفەری خۆی وەک سەرکۆمار بۆ ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی لە مانگی داهاتوویە، سەرکۆمار جۆ بایدن لەژێر زەختی پەرەئەستێن لەلایەن هاوپەیمانانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدایە تا پلانێکی گونجاو بۆ سنووردارکردنی ئێران داڕێژێت.

بە گوتەی ئاگادارانی ئەو باس‌وخواسانە لە سەرەتای مانگی جون، جێگری وەزیری بەرگریی عەرەبستانی سعوودی، خالید بێن سەلمان، برای شازادەی جێنشین محەممەد بێن سەلمان، لە سەفەرێکی بۆ واشینگتۆن بە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بایدن-ی گوتوە کە ناوبراو خۆشحاڵە پێوەندیی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و عەرەبستانی سعوودی دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی پێشوو.

بەڵام هەمان سەرچاوە گوتیان، ئەو نیگەرانیی خۆی لەوەش دەربڕیوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا ستراتێژییەکی تۆکمەی بۆ هەڵسوکەوت دەگەڵ بەرنامەی ناوکی، جبەخانەی مووشەکی بالیستیکی و پشتگیریی لە تاقمە میلیشیاکانی ناوچە لە لایەن ئێرانەوە دانەڕشتوە. کاربەدەستانی ناوچەکە دەڵێن، بەڕێوەبەرایەتییەکەی بایدن هێشتا بە هاوپەیمانەکانی، لە ناویاندا عەرەبستانی سعوودی، نەگوتوە لە ئەگەری شکستی دانوستانە ناوکییەکان، پلانی جێگرەوەی ئەوان چییە؟

کاربەدەستێکی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بە ئاماژە بە بڕیاری ئەو دواییانەی ئێران لەمەڕ لابردنی بەشێک لە کامێرا چاودێرەکان و ڕێژنەیەک لە ئۆپەراسیۆنی شاراوەی ئیسرائیل لەنێو خاکی ئێراندا، گوتی "دۆخی ئێران بەرەو ئاقارێکی هەستیار هەنگاو دەنێ." بە گوێرەی لیدوانێکی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕۆژی دووشەممە، سێ بەلەمی ئێرانی لە گەرووی هورموز، پاپۆڕێکی وڵاتە یەکگرتووەکانیان "بە شێوەیەکی نائەمین و نابەرپرسانە" جاڕز کرد و تا ٥٠ یاردی (٤٦ میتر) لێی نزیک بوونەوە.

کاربەدەستەکە گوتی، "لەبەر ئەو هۆیەیە ئێمە ئەو سەفەرە دەکەین، هاوپەیمانانمان دەیانهەوێ بزانن ئاخۆ ئێمە لە هەڵسوکەوت دەگەڵ ئەوەدا پێداگرین."

لە مانگی ڕابردوودا نوێنەری تایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پرسی ئێران، ڕاب ماڵی، لە شایەتیدانێک لە بەرانبەر کۆنگرەدا گوتی، "هەنووکە، دەتوانین لە باشترین دۆخدا بڵێین ئاسۆی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ ناڕوونە" و هێشتا نازاندرێت ئەگەر ڕێککەوتنێک واژۆ بکرێ و ئابلۆقەکان هەڵگیرێن، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن چۆن پێش بە هێرشی مووشەکیی نائەتۆمی و فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوانی ئێران دەگرێت.

وتەبێژێکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بە سی ئێن ئێنی گوت، "ئێمە ئەرکدارین لە نزیکەوە ڕاوێژ دەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەییەکانمان بکەین، بێ لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران و بە شێوەیەکی گشتیی، ئێمە پشتگیریی لە وتوویژی نێوان وڵاتان لەمەڕ سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەیی دەکەین." نوێنەرانی کۆنگرە و هاوبەشان و هاوپەیمانان لە ناوچە زەختیان خستۆتە سەر کۆشکی سپی بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکە نادڵنیایە و لە بەلاڕێداچوونی دانوستانە ناوکییەکان دەترسێ.

کاربەدەستانی ئاگادار لە وتوویژەکان دەڵێن بەڕێوەبەرایەتی بایدن گوتوویەتی لە ئەگەری شکستی وتوویژەکان، زەختی ئابووری لەسەر ئێران دەپارێزرێت و گەمارۆکان چڕتر دەکاتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها هەوڵی داوە هاوپەیمانییەکی ناوچەیی دژی ئێران دروست بکات و داوای لە وڵاتانی کەنداو کردوە سەرجەم سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی و مووشەکیی خۆیان لەدژی هێرشەکانی ئێران تێکەڵ بەیەک بکەن. هەنگاوەکە لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە لە هەردوو حیزبەکان پشتگیریی لێ دەکرێ بەڵام هێشتا نەیتوانیوە پشتیوانیی وڵاتانی کەنداو وەدەست بێنێت.

کاربەدەستان گوتیان، دەسەڵاتدارانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بڕوایە نین کە سنووردارکردنی ئێران تەنیا ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بێت، بەڵام هیوادارن لە ماوەی سەفەری سەرکۆمار بۆ ئیسرائیل، کەرتی خۆراوا و عەرەبستانی سعوودی ببیستن ئاخۆ هاوبەشەکان دەتوانن چ شتێکی دیکە بکەن تا کەریگەرییان لەسەر ئاکاری ئێران هەبێت.

لە هەمان کاتدا، وێدەچێ ئیسرائیل هەر دێت و زۆرتر خوازیاری جێبەجێ‌کردنی شتەکان بە دەستی خۆی بێت. ژمارەیەک کاربەدەستی پێشوو و هەنووکەیی ئاگادار بەسەر کاری هەواڵگرییدا بە سی ئێن ئێن-یان گوت کە دامودەزگای هەواڵگریی ئەو وڵاتە هەوڵەکانی بۆ هێرشی شاراوە بۆ سەر ئامانجەکانی بەرنامەی ناوکیی ئێران و زانایانی ئەو بوارە چڕتر کردۆتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر زانیارییەکانی ئەو هەوڵانەیان لە ئەمریکاییەکان شاردۆتەوە.

وڵاتانی کەنداو ئەوەندەی ئیسرائیل لە چەکی ناوکیی ئێران نیگەران نین و زۆرتر نیگەرانی ئەوەن ئاخۆ هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکانی دوای ڕێککەوتنی ناوکیی چۆن یارمەتیی ئێران دەدەن تا سامانی پشتگیریی لە چالاکییە بەدخوازانەکانی دابین بکات.

عەلی شیهابی، بریکارێکی هەواڵگریی عەرەبستان کە لە ڕیاز نزیکە و زۆرجار ڕوانگەی دەوڵەتی ئەو وڵاتە بڵاو دەکاتەوە گوتی "کەنداو دەیهەوێ هەست بە هاوڕایی ئەمریکا بکات، بەڵام هەنووکە گرنگترین پرسیار ئەوەیە ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پشت پێبەستن دەبێت؟ عەرەبستانی سعوودی زۆرترین تێوەگلانی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ سنووردارکردنی ئێران دەوێ، کەوابوو ئەوە پرسی سەرەکییە بۆ باسکردن لە وتوویژی نێوان ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو و بایدن.

بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە مەڕ جیددی‌بوونی خولیا ناوکییەکانی ئێران هاوهەڵوێست نییە. بەشێک لە کاربەدەستە هەنووکەیی و پێشووترەکانی ئاگادار بەسەر هەواڵگری وڵاتە یەکگرتووەکاندا پێیان وایە ئامانجی سەرەکی ئێران هەڵگیرانی گەمارۆە ئابوورییەکانە و ڕێبەرانی ڕێژیم پێیان خۆشە لە هەڕەشەی گەشەپێدانی زیاتر بە بەرنامە ناوکییەکەیان وەک ئامرازی خستنەژێر گوشار کەڵک وەرگرن. بەشێکی دیکە پێیان وایە ئێران بەڕاستی دەیهەوێ چەکی ناوکیی بەرهەم بێنێت، چونکە ڕێبەری ئەو وڵاتە سەرنجی داوەتە کۆرەی باکوور و ڕووسیە، دوو وڵاتی خاوەن چەکی ناوکیی، کە چۆن خۆیان لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ڕۆژاوا بۆ داگیرکردن یان گۆڕینی ڕێژیم، پاراستوە.

مانگی ڕابردوو "ماڵی" بە نوێنەرانی کۆنگرەی گوت، لە پێوەندی لەگەڵ دڵنیابوون لەوەی کە ئێران قەت دەستی بە چەکی ناوکیی ڕانەگات، "هیچ شتێک لەسەر مێزەکە وەلا نەنراوە،" لە ناویاندا کردەوەی سەربازی. بەڵام ئەو دووپاتی کردەوە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوەیە تەنیا ڕێگاچارەی ڕاستەقینە، ڕێگاچارەی سیاسییە. وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەڵوێستی خۆی دووپات کردەوە. ئەو گوتی، "ئێمە خۆمان بە ڕەچاو کردنی دیپلۆماسی وەک باشترین و درێژمەوداترین ئامراز بۆ وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانمان لەمەڕ بەرنامەی ناوکیی ئێران، ئەرکدار دەزانین."

### ئاسەواری قووڵبوونەوەی قەیران

کاربەدەستانی هەواڵگری و سەربازیی ئەمریکا لە نزیکەوە چاوەدێریی ئاسەواری قووڵبوونەوەی گرژییەکان لەنێوان ئێران و ئیسرائیل لە بەرەبەری سەفەری بایدن بۆ ناوچەکە دەکەن؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئیسرائیل وێدەچێ هەوڵەکانی بۆ کوشتنی ئامانجدار و ئۆپەراسیۆنی شەڕی ناڕاستەوخۆ لەنێو ئێران لەو مانگانەی دواییدا چڕترکردبێتەوە،

جاناتان پانیکۆڤ، سەرۆکی دەستپێشخەریی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئەنجومەنی ئاتلانتیک و جێگری پێشووی ئەفسەری هەواڵگریی نەتەوەیی لە ئەنجومەنی ڕۆژهەڵاتی نزیک و هەواڵگریی نەتەوەییدا گوتی، "ئێستا وێناچێ ئیسرائیل پلانێکی ستراتێژیکی بۆ کۆتایی‌هێنان بە بەرنامەی گەشەپێدانی چەکی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە هەبێت. ئەو هیوادارە بە زنجیرەیەک هەنگاوی تاکتیکی زەخت بخاتە سەر ئێران و بەردەوام پێشکەوتنەکانی وەدوا بخات."

کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان و سەرچاوەیەکی دیکەی ئاگادار لە هەواڵگریی بۆ سی ئێن ئێن-یان پشتڕاست کردەوە کە ئیسرائیل بەرپرسی کوشتنی سەرهەنگ سەیاد خودایی سەر بە سوپای قودس بوو کە مانگی ڕابردوو لە تاران کوژرا و یەکەم جار نیویۆرک تایمز هەواڵەکەی بڵاو کردەوە. باڵوێزخانەی ئیسرائیل داوای لیدوانی لەو بارەوە بێ وەڵام هێشتۆتەوە.

دوو زانای دیکەی ئێران لە کۆتاییەکانی مانگی مای کوژراون کە ئێران ئیدیعای کردوە بە هۆی دەرمانداوکران لە لایەن ئیسرائیلەوە کوژراون. هەروەها لە کۆتایی مانگی مای، هێرشێکی فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان کرایە سەر بنکەی سەربازیی پارچین و لە ئەنجامی ئەو هێرشە ئەندازیارێکی ئێرانی کوژرا و ئەندامێکی دیکەی سوپای پاسداران لەناکاو لە باڵکۆنێکەوە کەوتە خوارەوە و مرد.

ئیسرائیل پێش لە بڕیاری ئۆپەراسیۆنەکانی، ئەمریکا ئاگادار ناکاتەوە و قەت دان بە ڕۆڵگێڕی و دەوری خۆیدا ناهێنێ، تەنانەت بە شێوەی تاکییش. چەند کاربەدەستی هەنووکەیی و پێشووی ئاگادار لەو پرسانە بە سی ئێن ئێن-یان گوتوە، بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بەشبەحاڵی خۆیان، تا ڕادەیەکی زۆر لەمەڕ ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل خۆگێل‌کردیان هەبووە و داوایان لەو وڵاتە نەکردوە واز لەو ئۆپەراسیۆنانە بێنێت.

سەرەڕای ئەوەش، لەو کاتەی کە وێناچێ جەنگێکی ئاسایی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕوو بدا، ئەگەری لێکدانەوەی هەڵە کە ببێتە هۆی لەدەست‌چوونی کۆنترۆڵ، زۆرە.

بە گوتەی کاربەدەستێک، ئێران لە وەڵامی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو دواییانەی ئیسرائیلدا، ئامادەیی بەرگریی ئاسمانیی خۆی بەرز کردۆتەوە و کاربەدەستان ئەمە وەک نیشانەی خۆئامادەکردنی ئێران بۆ تۆڵەئەستاندنەوە سەیر دەکەن. پانیکۆڤ گوتی: "هاوکات لەگەڵ زەبر و زەختەکانی ئیسرائیل، ئێرانییەکان بێتوو بەو ئاکامە بگەن کە بەرجام مردوە، هەوڵەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوە زیاتر دەبێت." کاربەدەستان هەروەها گوتوویانە لەگەڵ لێکدانەوەی هێرشەکانی ئەو دواییانەی ئیسرائیل وەکوو هەڕەشە بۆ سەر مان و نەمانی ڕێژیم، شێوەی لیدوانەکانی ئێران هەر دێت و شەڕانشۆیانەتر دەبێت.

نیگەرانییەکان لەمەڕ ئەگەری قووڵترکردنەوەی گرژییەکان لەلایەن ئێرانەوە بوونە هۆی ئاڵوگۆڕی بەربڵاو لە سیاسەتی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداودا، بۆ وێنە بۆتە هۆی ئاسانکاری و ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ بەحرەین، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و چەند وڵاتی دیکەی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی.

بە گوتەی چەند بەرپرسێک، دۆخی ناجێگیری ئاسایشی ناوچە بۆتە هۆی زەختی زۆر لەلایەن ئیسرائیل بۆ سەر بایدن تا سەردانی عەرەبستان بکا و چاوی بە شازادەی جێنشین بکەوێ و چاوەڕوان دەکرێ لە سەفەری مانگی داهاتووی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بایدن لە هەنگاوێکی زۆر دەگمەندا ڕاستەوخۆ بە فڕۆکەی تایبەتیی سەرکۆمار، لە تەلائیڤەوە بەرەو ڕیاز بفڕێت. یاریدەدەرێکی کۆنگرە و ئاگادار لە وردەکارییەکان گوتی، "ژمارەیەکی زۆر لە هاوپەیمانانمان لەسەر ئەو باوەڕە سوورن کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران، ئاسایشی ئەوان بە شێوەی بەرچاو دەخاتە مەترسییەوە، کاتێک ئەو سیاسەتە بە کشانەوە لە ئەفغانستان و سنووردارکردنی فرۆشتنی چەکوچۆڵ، پێشوازیی سارد لە ڕێککەوتنی ئابراهام لە لایەن ئەمریکاوە و ڕاگەیاندنی وەرسووڕانی سەرنجی ئاسایشی بەرەو ناوچەی ئۆقیانوسەکانی هندوستان و ئارام، گرێ دەدەی، ژمارەیەکی زۆر لە هاوپەیمانەکانمان بەو ئاکامە دەگەن کە بۆخۆیان جڵەوی کارەکان بەدەستەوە بگرن."

یاریدەدەرەکە ئەوەشی زیاد کرد کە هەندێ لەم وڵاتانە ڕەنگبێ بۆ هەڵسوکەت لەگەڵ هەڕەشەکانی ئێران، لە هاوبەشی دیکە(وەکوو وڵاتی چین) بگەڕێن. شیهابی ئەو بۆچوونەی پشتڕاست کردەوە و گوتی، "لە کۆتاییدا، سیاسەتی ئەمریکا زۆر ناجێگیرە و ئەگەر شانشینی عەرەبستان و ئەوانی دیکە وانەیەک لە مێژوو فێر بووبێتن، ئەوەیە کە ناکرێ سەرجەم هێلکەکان لە سەوەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوێی.

**سی ئێن ئێن – ناتاشا بەرتراند و کەیتی بو ئێلیس**

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# پێوەندیی تەکووزیی "حیجاب" و "نان" پیرۆز و بەردەوام بێت

مزگێنی بۆ هەموو دانیشتووانی ئێرانی ئازیز و هەتا بڵێی خۆشەویست! مەبەست ئەو ئێرانییانەیە سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمە و کێشە و ئاستەنگییەکانی سەر ڕێگەی ژیانیان حەزیان لە ئێرانی‌بوونە.

چ ئەوانەی لە شوێنی خۆشی وەک "ڕامسەر" و "چەمخالە" و "ئاستارا" هەوای پاکی ئێران هەڵدەمژن و چ ئەوانەی لە تاران لە بەر تەپ‌وتۆز و دووکەڵی بەلیشاوی ماشێنی کۆن، پشوویان سوار دەبێت و زوو زوو جلی بەریان دەگۆڕن و، چ ئەوانەی لە خۆرهەڵات لە نۆرەی ئاواکردنی برە گازۆڵ و بێنزینێک بەرەو دیوەکەی دیکەی بەلووچستان، تەپ و تۆزی وشکەوەبووی "بەلووچستان"ی ئەم دیوە بە لاملیانەوە دەکەنە باگردێن و؛ چ ئەوانەی لە باشوور بە تەپ‌وتۆزی قامیشەڵانی وشک‌هەڵاتووی تێکەڵاوی بۆنی نەوت و گازی تەپۆڵکەی ئەملاوئەولای شاری "مەسجید سولەیمان" دەپژمن و دەکۆکن و چ ئەوانەی بە ناوی کۆڵبەر لە بانوو و شیو و دۆڵ و نزار و پاناوکی "بانە" و "سەردەشت" و "خانێ" و "شنۆ" و "مەرگەوڕ" لە ترسی فیشەکی برادەرانی "جان بەرکەف" سەرسمان دەدەن و بە سەر "گوێنی" و "گڕاڵک" و "قنجەزەردە" و "قاشاغ" و "سەلکەتەشی"یاندا دەکەون و بە سەر ئەژنۆی دڕاو و شانی داکەوتوو لەژێر قورسایی باری سەرشانیانەوە لە هەڵمەتی گوللە ڕزگار دەبن و هەموو ئەوانەی دێوجامەی ڕەنگینی ئێرانی ئازیز و خۆشەویست پێک‌دەهێنن با لەم مزگێنیە خۆشە بێبەش نەبن!

وەک گەنج و مەنج و جەوان و مەوان و خوێندەوار و موێندەواری ئەم سەردەمە دەڵێن سەرۆک‌کۆماری ئێرانی‌خوازانی وشیار "سورپرایزێکی" بۆ هەموو ئەم ئێرانییانە پێ‌بوو. سوورپرایزێک لە هەموو موژدە و مزگێنیان خۆشتر و بەلەزەت و بەتامترە.

سەرۆک‌کۆمار هەر بەم نیزیکانە یانی چوار پێنج ڕۆژ بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم چەند دێڕەی لەبەرچاوتانە، بە لەبزی مومبارەکی خۆی ڕایگەیاند: "**نرخی نان لە سەرانسەری ئێران وەک خۆی دەمێنێتەوە و گران نابێت.**" سوورپرایزێکی وا لەنێو ئەم هەڵچوونی بەپەلەی نرخی شتومەکەدا، بۆ هەموو دانیشتووانی ئێران هەر لە "سەرەخس" و "چەمخالە" و "ئاستارا " و "تاران" و "بەلووچستان" و "مەسجد سولەیمان"ـەوە بگرە هەتا دەگاتە "بانە" و "سەردەشت" و "خانێ" و "شنۆ" و "مەرگەوەڕ" زۆر گرینگە.

لە لایەکی دیکەوە هەر لەو سەروبەندەی سەرۆک‌کۆمار لە گران‌نەبوونی نان ئەرخەیانی کردینەوە، لە چەند شوێنێکی ئێرانی هەمیشە خۆش (ئاوەدان) و خۆشەویستمان، داوا لە ژن و ژاڵ و ئافرەت و مافرەتان کرا ئەگەر خۆیان جوان دانەپۆشن، با ئەوانەی کارمەند و کرێکار و دووکاندارن بڕۆنە ماڵەوە و خۆیان لەبەرچاوی پیاوان ون کەن و ئەوانەی کارمەندی دەوڵەتن با مۆڵەتی بێ‌مووچە لە بەرپرسی ئیدارەکانیان وەربگرن. لە پارێزگاکانی مەشهەد و فارس وەکوو دوو نێرکی (خاوەن) کولتووری چەند هەزارساڵەی ئێرانی گەورە، گوشاری سەر ژنان زێدەترە.

شوکر بۆ خوا و سوپاس بۆ ئەو سەرۆک‌کۆمارەی خوا بۆی هەڵبژاردووین، هەمووهان بیستوومانە نان لەمە زیاتر گران نابێت و نان‌خواردن بە نرخی ڕۆژ دەبێ بخەینە پاش گوێیان و ئەرگەر فەرمایشتی سەرۆک‌کۆمار درز و چرژی تێنەکەوێت، هەتا ماوەیەکی درێژی نادیار یان ماوەیەکی کورتی ئەویش هەر نادیار هەر بە نرخی ئەمرۆ نان دەخۆین.

ئینشائەڵڵا هو ڕەحمان ئەگەر ئەم دۆلارە هیچ و پووچەش لەمە زیاتر نرخی نەچێتە بان و نرخی تومەنی خۆمان دانەبەزێت، فەرمایشتی جەنابی سەرۆک‌کۆمار وەک چۆن لووتکەی دەماوەند پشتی تارانی سیاسیی گرتوە، ئاوا پشتی چەقبەستنی نرخی نان دەگرێت.

دوای ئەم لیدوانە کۆنکرێت و قورس و قایم و شادی‌بەخشەی سەرۆک‌کۆمار سەبارەت بە گران‌نەبوونی نان لە ماوەی ساڵی داهاتوودا و هاوکات گەرم‌بوونی هەوا و بان، داهاتووی ژنانی گەرمانەخواز و کەس‌وکاریان تووشی ئاستەنگێکی نوێ بووەتەوە و پێوەندیی نان و گەرمای بە شێوازێکی چاوڕواننەکراو تێکەڵ و ئاڵۆز کردوە. ئاڵۆزیی ئەم بابەتە گەیشتووەتە ئاستێک، نان‌خواردن لە فێنکاییدا چووەتە پشتی شێران و ئەگەر ئەم ژنانە لە ماڵەوە دانیشن و هەوای فێنکیان بوێت ئەوە لەبەر ئەوەی مۆڵەتی بێ‌مووچەیان وەرگرتوە، پارەی نان‌کڕینیان بە نرخی چەق‌بەستووش نابێت و ئەمەش دەکاتە برسی بوونی نێو فێنکایی و ئەگەر بە داپۆشراویش لە کاریان بەردەوام بن، ئەوا لەژێر فشاری گەرمادا سکیان تێر دەبێت.

ئێستا ژنانی ئێران بە تایبەت ژنانی ناوچەی گەرمەسێر و ئەو پیاو و منداڵانەی لەسەر مووچەی کارمەندی و کرێکاریی ژنانیش دەژین، ناچارن نان و ئارەقە پێکەوە بخۆن.

تێبینی: مەبەست لە هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆمار لە لایەن خواوە بە مانای ئەوەیە، ئەگەر وەلیی فەقیهـ لە سەر ئەم زەوییە نوێنەری خوا بێت، گومانی تێدا نییە بە وەکاڵەت و نوێنەرایەتیی خوا سەرۆک‌کۆمار هەڵدەبژێرێت و دەسەڵاتی موبارەکی لە سەرووی هەموو هەڵبژاردن و مەڵبژاردن و سندووق و مندووقێکەوەیە.



## لە سێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا:

# کوژران و برینداربوونی ٨٤ کۆڵبەر، بەندکرانی ٢١١ چالاکی سیاسی و ئێعدامی ١٧ بەندکراوی کورد

***ڕاپۆرتی بەشێک لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە وەرزی بەهاری ١٤٠١ هەتاویدا***



**فەلاح عەزیزی، خەڵکی سەلاس باوەجانی کە ڕۆژی شەممە ١٠ی بانەمەڕ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە سەختی بریندار بووە**

کوردستانی ئێران لە ساڵی نوێی ١٤٠١ و لە وەرزی یەکەمی ئەمساڵیشدا هەمدیسان وەک ڕابردوو بەشی شێری لە سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بەستێنەکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پێ برا. بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای خۆی تۆماری کردوون، تەنیا لە ماوەی سێ مانگی بەهار و سەرەتای ئەمساڵدا زیاتر لە ٤٠٠ حاڵەتی پێشێلکردنی زبری مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٨٤ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەو ٨٤ کۆڵبەرە ١٠ کەسیان کوژراون و ٧٤ کۆڵبەریش بریندار بوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا ٥٣ کۆڵبەر و کاسبکار ناوچە سنوورییەکانیان کوژرابوون و بریندار بوون، ئەو ئامارە لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا هەڵکشانێکی زیاتر لە سەتا ٥٠ی بە خۆیەوە بینیوە. هەروەها دوو کەسی خەڵکی مەریوان بە ناوەکانی عوسمان وەیسی، تەمەن ٣٣ ساڵ و کەیوان کەڵەوێنجەیی شەوی سێشەممە ٦ی بانەمەڕ لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللە و بەتوندی بریندار کران.

کوژران و برینداربوونی ٨٤ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە وەرزی بەهاری ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە ساڵی ڕابردوو (١٤٠٠)یشدا ٢١٧ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون. لەو ٢١٧ قوربانییەی ساڵی ڕابردوو ٥٥ کەسیان کوژرابوون و هەروەها ١٦٢ کەسیش بریندار بوون.



**عەزیز قادرتاج، مامۆستای قوتابخانەی گوندی (نێرزیوە)ی سەر بە شنۆ کە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسیی دژ بە ڕێژیم سزای سێ ساڵ زیندانی تەعزیریی بەسەردا سەپاوە**

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٢١١ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگاییکرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٤٨ کەس لەوان حوکمی ٣ مانگ تا ٥ ساڵ زیندان سەرجەم 1111 مانگ ( ٩٢ ساڵ و ٧ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە لە سێ مانگی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوودا ١٢٦ کەس گیرابوون، ئاماری دەسبەسەرکرانی چالاکانی مەدەنی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە نیزیک بە سەتا ٦٠ زیادی کردوە. هەروەها لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا سێ بەندکراوی کورد (میلاد جەعفەری و موحسین عەباسی خەڵکی کرماشان و سەواد ئەلیاسی خەڵکی کامیاران) لە زیندانەکاندا بەهۆی ئەشکەنجە و هەروەها پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لەدەست داوە.

جێی بیرهێنانەوەیە کە ساڵی ڕابردووش (١٤٠٠)یش لانیکەم ٥٨١ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بەتۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون. لەو ٥٨١ کەسە لانیکەم ١٣١ کەسیان دادگایی و سزای لە مانگێک تا سزای درێژخایەنی ٢٥ ساڵ زیندان و تەنانەت سزای ئێعدام و سەرجەم ٦٦٨٩ مانگ (٥٥٧ ساڵ و ٥ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپابوو.



**فیرووز مووسالوو، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی بەخشی قوتووری شاری خۆی کە ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی جۆزەردان بە نهێنی لە زیندانی ورمێ لەسێدارە درا**

لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا لانیکەم ١٧ بەندکراوی کورد ئێعدام کراون کە پێشتر بە تاوانی کوشتن بە ئانقەست یان تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، هەروەها یەک لەو بەندکراوانە (فیرووز مووسالو) زیندانیی سیاسی بوو کە بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەدار دراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ساڵی ڕابردوودا ١١ بەندکراوی کورد ئێعدام کرابوون، دەبینین کە لە ساڵی نوێدا ئاماری ئێعدامەکانیش لە چاو ساڵی ساڵی ڕابردوو لەو ماوە هاوشێوە زەمەنییەدا سەتا ٥٠ زیادی کردوە.

شایانی باسە کە ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (١٤٠٠)یشدا لانیکەم ٦٢ کەس بوو کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا، کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتبوو.

لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان لە کوردستان زیاتر لە ١٢ قوربانیی لێکەوتۆتەوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٥ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە. لەو ٥ قوربانییەی تەقینەوەی مین کە ناویان ئاشکرا کراوە دوو کەسیان گیانیان لەدەست داوە و ئەوانی دیکە بریندار و نقوستان بوون. ژمارەی قوربانییانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ١٤٠٠یشدا لانیکەم ٧٠ کەس بوو کە "چاونیوز" ناو و ناسناوی ٣٣ کەس لەوانی بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا کردبوو.

هەر لە ماوەی بەهاری ئەمساڵدا دەیان کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و ناسناوی لانیکەم ١٥ کرێکاری کوردی ئاشکرا کردوە کە ١٣ کەس لەوان بەهۆی جۆراوجۆری وەک سووتان، بەربوونەوە لە بەرزایی و برق گرتوویی گیانیان لە دەست داوە. شایانی باسە کە ژمارەی قوربانییانی ڕووداوی کار لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٤٠٠یشدا زیاتر لە ١٣٠ کەس بوو کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و شوناس و زانیاریی گیانلەدەستدانی ٥٥ کەس لەوانی ڕاگەیاندبوو، ئەوە جیا لەو سەدان کەسەی بەهۆی ڕووداوی کار و لە نەبوونی ستاندارده ئەمنیەتییەکاندا بریندار و نقوستان بوون.

هەرلە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هەر نەبێ ٧٠ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٤٥ کەس لەوانی بە ڕوونی تۆمار کردوە کە کەمتەمەنترینەکانیان دوو کوڕی تەمەن ١١ و ١٢ ساڵ و بەتەمەنترینیان پیاوێکی تەمەن سەروو ٦٠ ساڵ کە مامۆستای خانەنشینکراوی قوتابخانە بووە.

شایانی باسە کە خۆکوژی لە کوردستان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی زیانباری دیکەیە کە بەهۆی بێمافی و هەروەها پەراوێزخرانی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە خەسارەکانی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ زیاترە. ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی ڕابروو (١٤٠٠)یشدا لانیکەم ١٣٨ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوژییان دابوو،. هەوڵەکانیان بەداخەوە سەرکەوتوو بوو.

شایانی ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو بەشەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە دەخرێتە بەرچاو.



**ئاراس وەلیانزادە، خەڵکی جوانڕۆ، تەمەن ١٧ ساڵ کە ڕۆژی ١٤٠١/٢/١٧خۆی هەڵواسیوە**

# ڕەییسی، میراتگری ڕاستەقینەی خومەینی



دیاکۆ دانا

ساڵێک لە دەستنیشانکردنی ئیبراهیم ڕەییسی بە سەرکۆماری ئێران تێپەڕی و پاش ئەو ماوەیە لە ئێستاوە دیارە کە هیچ کام لەو وادە و بەڵێنانەی لە کاتی بانگەشەکانی هەڵبژاردندا دەیدان وەدی نەهاتوون.

ڕەییسی چەقی پڕوپاگەندەکانی لەسەر بنەبڕکردنی هەژاری، وەدیهێنانی دادپەروەری و دژایەتی لەگەڵ گەندەڵی دانابوو. ئەو هەروەها بە هێنانەگۆڕێی ٥٠ وادە و بەڵێنیی ئابووری و سیاسی کە لەواندا نەهێشتنی گرانی و گەندەڵی، یەک ڕەقمیکردنی نرخی هەڵاوسان و باشکردنی دۆخی ژیانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بۆڵد کرابوو، وێنایەکی تایبەتیی لە دەوڵەتی خۆی دەکرد. بەڵام با بزانین لە مەیدانی کردەوەدا چیی کرد و دۆخەکەی بە کام ئاراستەدا برد؟

لەپێشدا بابەتی هەڵاوسانی ئابووری: ناوەندی ئاماری ئێران ڕایگەیاندوە کە نرخی هەڵاوسان لە جۆزەردانی ئەمساڵدا بۆ سەتا ٥٢/٥ بەرز بۆتەوە کە هەر لەچاو مانگی ڕابردوو هەڵکشانێکی سەروو سەتا ١٣ی تۆمار کردوە. لەو نێوەدا ڕەییسی بۆ شاردنەوە و پووشبەسەرکردنی قوولبوونەوەی ئەو قەیرانە ئیدیعا دەکا کە دەوڵەتی لە حەسەن ڕوحانی بە هەڵاوسانی سەتا ٦٠ وەرگرتوە؛ بابەتێک کە یەکەمجارە باسی دەکا و دیارە بۆچی وا دەڵێ. لە تەنیشت هەڵاوسان با چەند نموونەیەکی دی لە دۆخی ئابووری بێنینەوە: لە جۆزەردانی ئەمساڵدا نرخی کرێ ماڵ سەتا ٢٥ زیادی کردوە. لە کاتێکدا ئێران لە ساڵی ٢٠٢١دا سێ هێندەی ساڵی پێشتر نەوتی فرۆشتوە، بەڵام بایی دراوی نیشتمانی هەتا ٣٣ هەزار تمەن لە بەرانبەر دۆلارێکدا دابەزیوە. هاوکات بایی زێڕ بەردەوام لە هەڵکشان بووە و هەر سکەیەکی بەهاری ئازادی خەریکە سنووری ١٥ میلیۆن تمەن دەبەزێنێ. مەسعوود میرکازمی، سەرۆکی ڕێکخراوی بەرنامە و بودجەی ئێرانیش نایشارێتەوە لە ئەگەری بەردەوامیی گەشەی سەتا ٨ی ئابووریی وڵات لە ماوەی شەش ساڵی بەردەوامدا تازە بە تازە بارستایی ئابووریی ئێران بۆ ساڵی ١٣٩٠ دەگەڕێتەوە. ناوبراو ئەو قسانە لە کاتێکدا دەکا کە هەر بەپێی قسەکانی ڕەییسی بایی گەشەی ئابووریی وڵات لە ساڵی ١٤٠٠دا کە ناوبراو جڵەوت دەوڵەتی گرتۆتە دەست سفر (هیچ) بووە.

خەڵک وەک ئاڵقەی ونی بڕیارەکان لە کۆماری ئیسلامیدا لەم یەک ساڵەدا ئەوەندەی دیکەش لە هەژاری و قەیرانە ئابوورییەکان ڕۆچوون. سفرەی بەڕێچوونیان چووکەتر بوویەوە و بێکاری و گرانی ئەوەندەی دیکەش بڕستی لێ بڕین. سەرهەڵدان و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە وەک کرێکاران، مامۆستایان و خانەنشینکراون تاقیکارییەکی باشە بۆ جەنابی ڕەئیسی و چۆنیەتیی وەدیهاتنی وادە و بەڵێنەکانی. هەر لەو ماوەیەدا دامەزراوەی "ئیستاسیس" ئاکامی ڕاپرسییەکی ڕاگەیاند کە بەو پێیە سەتا ٦٤ی خەڵکی ئێران لە کارکردی دەوڵەتی ڕەیسیی ناڕازین و ئەمەش نیشانەی دیاری نەزۆکیی هەوڵەکانی ناوبراو لە باشترکردنی دۆخی ئابووریی وڵاتدایە.

ناکارامەیی، گەندەڵی، بێبەڵێنی و بەهیندنەگرتنی خەڵک و مافەکانیان لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیم تایبەت بە ڕەییسی یان سەرکۆماری پێشوو و پێشووتریش نییە، بەڵکوو ئەوە میراتێکە لە خومەینیی ڕێبەریان بۆیان بە میرات ماوەتەوە. خومەینی چ پێش سەرکەوتنی شۆڕش ١٣٥٧ و چ لە ڕۆژ و مانگەکانی یەکەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام جاڕی ئەوەی دەدا کە هەموو خەڵکی ئێران بەبێ جیاوازی لە داهاتی نەوت هاوبەش دەبن و پارەی نەوت ڕاستەوخۆ دەدرێتە خەڵک. ئاو و برق و سووتەمەنییش بەخۆڕایی دەدرێتە خەڵک. هەموو لەبیرمانە کە دەیگوت ئێمە حکوومەتێک بنیات دەنێین کە سەرجەم ئازادییەکانی تێدا دەستەبەر بکرێ و کۆماری ئیسلامیی ئێران پێچەوانەی نیزامی پاشایەتی کە پشتی بە زلهێزەکان بەستبوو، وەک هەموو وڵاتانی دێموکرات پشت بە ئیرادە و ویستی خەڵک دەبەستێ! بەڵام بینیمان بەشی خەڵک لە نەوت چۆن و چەندە هاتە سەر سفرەی خەڵک و دەبینین کە "خەڵک" لە کوێی بەرنامە و ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامیدان. خەڵکی وڵات کە چاو لە پێوەندییەکانی ڕێژیم لەگەڵ چین و ڕووسیە و ڤێنیزۆلا و سیاسەتی دەرەوەی ئەم ڕێژیمە دەکەن، زۆر باش لە مانای پشتبەستن بە ئیرادە و ویستی خەڵک! تێدەگەن.

خەڵک لەبیریانە کە ڕێبەرانی ڕێژیم دەیانگوت ڕێژیمی پاشایەتی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان سەرکوت دەکا، بەڵام کەمینەکان لە کۆماری ئیسلامیدا وەک هەموو پێکهاتەکانی وڵات مافی وەکیەکیان دەبێت. ئێستاش لە گوێی خەڵکدا دەزرینگێتەوە کە خومەینی دەیگوت ئیسلام هەموو جۆرەکانی ستەم و چەوسانەوە ڕەت دەکاتەوە و هیچ کەسێک لە کەسێکیتر بە سەرتر دانانێ، لە سێبەری ئیسلام و کۆماری ئیسلامیدا مافی خۆبەڕێوەبەری بۆ هەمووان دابین دەکرێ و هیچ جۆرە ستەمێکی کولتووری و ئابووری نامێنێ. لەبیرمانە کە دەیانگوت دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت بەڵێن بە برایانی! کورد دەدا کە بە زووترین کات هەموو مافەکانیان بۆ دابین دەکا دڵنیایان دەکەینەوە کە داخوازییەکانیان بە تایبەتیش داخوازییە نەتەوەییەکانیان وەک هەموو چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە. هەر ئەوکات زۆری نەخایاند کە مەبەستیان لەو برایەتییە چی بوو و نەورۆزی خوێناویی سنە و فیتوای ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان جێی هیچ شک و گومانێکی بۆ کەس نەهێشتەوە کە وەفا و بەجێهێنانی وادە و بەڵێنی لە ڕوانگەی ئەم ڕێژیمە دەبێ چۆن لێک بدرێتەوە!

لەو لای وادە و بەڵێنەکانی ڕەییسی و دەمڕاستەکانی دیکەی ڕێژیم و سەرقاڵکردن و تەمادارکردنی هەمووان بە سەکەوتنی بەرجام، بەڵام ئەوە خەڵکن کە لە ئێستا باشتر لە هەموو کاتێک بە ناسینێکی واقعبینانە لە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە لێبڕاون چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە یەکلا کەنەوە. پەرەسەندنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و بەڕێکخراوکردنی زیاتری وزەی خەباتگێڕی لەدژی ئەو ڕێژیمە باشترین ئاماژە بۆ ئەو دۆخە نوێیەن.

***

# سەرنجێک لەسەر خزمەت و خەیانەتی مامۆستا و پەروەردەکاران

**هێمن تەرواڵ**

مامۆستا لە وشەی "مام" بۆ ڕێز و حورمەت و "وەستا" بۆ کەسی شارەزا لە پیشەی خۆیدا دەگوترێ. ئەم وشە لێکدراوەیە لەنێو کوردەکاندا بۆ کەسێکی خاوەن بڕوانامەی فەرمی لە بواری فێرکاری زانستەکانەوە بەکار دبرێت و لە زمانی فارسیدا لە هەمبەر وشەی ئاموزگار یان موعەلیم دادەنرێت، بەڵام بەرە بەرە بۆ هەر خاوەن قەڵەمێکی داهێنەر، وشەی مامۆستا گونجاوترین وشەی ڕێزلێنان و ناساندنییە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا.

فێربوون وەکوو "فیودر داستایوفسکی" گەورە نووسەری ڕووس دەڵێت "لە مرۆڤدا دژ بە یاسای زانستی و گشتگیری گەردوونە چونکوو مێشکی مرۆڤ کە خاڵیە دەبا مەیلی لە پڕبوون بێت بەڵام بە پێچەوانەیە"، بۆیە مامۆستا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە کوێرە دێهاتێکی وڵاتێکی دواکەوتوو یان گەورەشارانی (megacity) پێشکەوتووی جیهاندا خۆی وەکوو خاوەن کارگەیەک دەزانێت کە تێیدا مرۆڤی نەزان کەرەستەی خاویەتی و ئەرکی ئەمیش بەرهەمهێنانی مرۆڤی زانایە. بەڵام فاکتەرێکی بنەڕەتی و بەرچاو تایبەتمەندییەکانی کارگەی پەروەردەی پێشکەوتوو لە کارگەی ڕاهێنانی دواکەوتوو جیا دەکاتەوە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دەوڵەت و مامۆستایانەوە هەیە. مامۆستایان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا لە هەڵبژاردنی کتێبی وانەی قوتابییان و شێوەی وانەوتنەوەکاندا سەربەخۆترن و دەوڵەت زۆرتر لە خەمی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی سیستەمی پەروەردەدایە، نەک ئەوەی هەوڵ بۆ دەستێوەردان لە نێوەڕۆکیاندا بدات و شێوە دارشتنی پێکهاتەی پەروەردە، سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک پێوەر و مەرجی بنەڕەتی پێشکەوتن یان دواکەوتنی ئەو وڵاتەیە.

لە ئێران سیستەمی پەروەردەی نوێ لە دامەزراندنی دارولفنون بەدەستی ئەمیرکەبیرەوە ڕێگەی فەراز و کاملبوونی خۆی وەکوو زۆربەی دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی دیکەی ئێران دەست پێ کرد و سەرەڕای بەلاڕێداچوونێکی بێئەژمار هاتۆتە پێش و خاوەن مێژووی تایبەت بە خۆیەتی. هۆکاری ئەم بەلاڕێداچوونانەی کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش دەستەویەخەی سیستەمی پەروەردەیە لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانە ئامانجدارەکانی دەوڵەت و ئەمەش بۆتە هۆی ناتەبایی و بارگرژییەکی هەتاهەتایی لە هەڵسوکەوتی مامۆستایانی ئێرانی لەگەڵ سیستەمی پەروەردە و بارهێناندا. دەستێوەردانی دەسەڵاتی حاکم بە مەبەستی بارهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکدەست و گوێڕایەڵ بە کەمکردنەوەی بەستێنی خولقێنەرانە بۆ مامۆستایان و سەرپشک نەبوونیان لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان هەر لە ساڵەکانی دوای کوشتنی ئەمیرکەبیرەوە دەستی پێ کرد و بەردەوام لە سەردەمی پێکهێنانی هەر کابینەیەکی وەزیراندا هۆکاری سەرنەکەوتنی کابینەی پێشتر لە چاوی سیستەمی پەروەردە و هەڵبژاردنی مامۆستایاندا بینراوە. بۆ وێنە لە ڕەزبەری ١٣٢٦ی هەتاوی بۆ یەکەمجار وانەی ڕێنوێنییە ئایینییەکان لە بەرنامەی دەرسی قۆناغی دواناوەندی و بە شێوەی زۆرەملی پەسەند کرا و زانستی شەرع لە قۆناغی ناوەندی قوتابخانەکانی ئێراندا گونجێندرا، ئەم دەستێوەردانە پێوەندی بە گۆڕانی ڕێژیمەوە نەبووە و بەردەوام هاتۆتە پێش و لە قۆناغە جوراوجۆرەکاندا تەنها نێوی ئەم دەستێوەردانانە گۆڕاوە. بۆ وێنە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بە ئینقلابی فەرهەنگی ١ ،٢ ، ٣و... ناسراوە. ئەگەر باس لە جیاوازییەکانی سیستەمەی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ وێنە فەنلاند و ژاپون کە زۆرتر سیستەمێکی دیاردەتەوەرە لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی ئێستا و ڕابردووی ئێراندا بکرێ باس لە جیاوازیی ئاسمان و زەوییە و دڵساردییەکی لێ دەکەوێتەوە کە تەنانەت مرۆڤی ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دەخاتە وەهمێکی بێئەنجامەوە هەربۆیە هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەیەکی خەسارناسانە لە سەر کێشە و گرفتی پێکهاتەی پەروەردە و ئەرکی مامۆستایان دەدەین بۆ باشتر ناسینی هۆکارەکانی ئەو بارگرژیی و ناتەباییەی لە نێوان مامۆستا و سیستەمی پەروەردە لە ئێراندا هاتۆتە پێش.



گەورەترین جیاوازی لەنێوان تایبەتمەندییەکانی بۆ وێنە بزووتنەوەی توێژی مامۆستایان و توێژی خوێندکاران و ڕووناکبیران، مووچەخۆرکردن و بەستنەوەیانە لە هەستیارترین خاڵەوە بە دەوڵەت و هەروەها پەڕاندنەوەیان لە سووزمە و فیلتێری "گوزینش" بە مەبەستی سڕینەوەی ڕەنگاوڕەنگ بوونی کەسایەتییەکان و وەدەستهێنانی توێژێکی یەکڕەنگ بۆ پەروەردەی کۆمەڵگەیەکی یەکدەست و لەژێر کۆنترۆڵدا. هەربۆیە چاوەڕوانی لەم توێژە بۆ پێشەنگایەتیی بزووتنەوەکانی کۆمەڵگە کە ملیان بۆ ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ڕێژیمدا ناوە چاوەڕوانییەکی دوور لە مەنتیقە. لە کۆمەڵگەی مامۆستایانی ئێران لە سەدساڵی ڕابردووە تا ئێستا کەم نین ئەو مامۆستا شۆڕشگێڕانەی لە پەتی سێدارە نەترسان و زیندانبەزێن بوون، بەڵام هەموویان لە دەرەوەی ڕیکخراوە سینفی و سەندیکاییەکانی مامۆستایانەوە و لە بزووتنەوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیەکی گەورەتردا خۆیان گونجاندوە.

بۆ ئاسانتر وێناکردنی ڕەوتی بزووتنەوەی مامۆستایان لە دوو دەیەی ڕابردوو لە ئێران و لێکدانەوەی ڕۆڵی نگەتیڤ و هاوکات ناڕاستەوخۆی دەوڵەت لەسەر بزووتنەوەی مامۆستایان ئاماژە بە سێریاڵی "هەیولا" لە بەرهەمەکانی میهران مودیری دەرهێنەری تارانی دەکەین کە تێیدا تیشک خراوەتە سەر گرفتێکی سەرەکی لە کێشەی بە ئەنجامنەگەیشتنی چالاکیی سینفی و سەندیکایی مامۆستایان، ئەوەش ڕخنە و دزەکردنی باندە مافیاییەکانی سەر بە دەوڵەتە لە نێو مامۆستایان و هێشتنەوەی بزووتنەوەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگەی فەرهەنگیی ئێرانە لە بازنەیەکی بێکۆتایی و بێدەرەتان لە شکست و بە ئەنجام نەگەیشتن. هەروەها ناهومێدکردنیانە لە پێکهێنانی بەرەیەکی سەربەخۆ بۆ گەیشتن بە مافە پێشێلکراوەکانی مامۆستایانی سەرانسەری وڵات، ئامانجێکی دیکەی ئەم باندە مافیایە سووکایەتیکردنە بە داخوازییە سینفی و سەندیکاییەکانی مامۆستایان و هێنانە خوارەوەی ئاستی ئەم داخوازییانەیە بۆ داواکاری لەمەڕ ئامرازەکانی ژیانێکی دوور لە کێشەی ماڵی (هەرچەند داخوازییەکانی دابینکردنی بژیوی ژیان مافی سەرەکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە لە هەمبەر ئەو ئیش و کارەی لە ئەستۆی گرتوە). لە وڵاتانی دیکتاتۆر و دوگماتیزمدا توێژی مامۆستایان و بەگشتی فەرمانبەرانی ئەو کۆمەڵگەیە هەموو داخوازییەکانی خۆیان بە ڕیفورمێکی جیاوازەوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی تایبەت بە کۆمەڵگەی ئەو فەرمانبەرانە ئاشکرا دەکەن و هەموو هەوڵێکیان بۆ بەهێزکردنەوەی ڕێکخراوەکەیانە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی بتوانن دەنگیان بگاتە گوێی بەرپرسانی دەسەڵات. بەداخەوە ئەو هێزە و ئەو ماتەوزەی کە دەبا بۆ خوڵقاندنی ڕێکارە تازەکانی پەروەردە لە دنیای ململانێی ئەمڕۆدا بەکار ببرێت لە ڕێکخستنی ئەو ڕێکخراوە و بەگشتی بزووتنەوانەی بەفیرۆ دەچێت کە لە وڵاتانی دیموکراتدا بە کەمترین تێچووی وزەی ماڵی و ئینسانییەوە لە ئارادایە.

مامۆستایانی ئێران زیاتر لە یەک سەدەیە کێشەی سەربەخۆیی تاکەکەسییان لە پەروەردەی قوتابیاندا لەلا بۆتە خەون و خولیا هەر بۆیە ئاساییترین وێنایەک مامۆستا لە خۆی دروستی دەکات لە نێوکۆمەڵگەدا، سیمای کەسایەتییەکی تووتیئاسایە بۆ دووپاتکردنەوەی بیروبۆچوونە داڕێژراوەکان، هەر ئەم وێناکردنەش وای کردوە مامۆستایان زۆرتر لە کێبەرکێی دارشتنی شێوەی وانەگوتنەوەکاندا بن لەنێو خۆیاندا، بەڵام بارگرژییەکانی پەروەردە و پەروەردەکاران لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودا لە گەڵ ساڵەکانی دەیەی ٩٠ی هەتاوی بەراورد ناکەێن، چونکە لە پاش تەقینەوەی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیەنە گشتییەکان مەودای نێوان نێوەڕۆکی کتێبەکان و شێوەی وانەوتنەوەکان لەگەڵ دونیای دەرەوەی دیواری قوتابخانەکانی ئێران سەری لە هەوران سوا، ئەمەش نەتەنیا باری ئاڵۆزییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مامۆستا و وانەکاندا قورستر کرد بەڵکوو هەڵسوکەوتی قوتابیان وەکوو دیاردەیەکی نوێ سەربار بوو لە نیزامی پەروەردەی قوتابخانەکانی ئێراندا. لەلای پەروەردەکارانی ئێرانی ئەرکی پەروەردە بە ئەرک و خزمەتی ئەنبیا وێنا کراوە، بەڵام مامۆستایان لە مێژووی پەروەردەی ئێراندا هیچکات ئەوەندە هەستیان بە بۆشایی و ناوبەتاڵی لە خزمەتکردندا نەکردوە کە دۆخەکە وای لێ بێت لە خۆپێشاندانە سینفییەکاندا لە زمانی خودی مامۆستایانەوە دەیان جار بڕنەوین خزمەتی خۆیان بە خەیانەت بشۆپهێنن. ئەم ڕق و ئەم شوپهاندنانە گوزارشت لە داخوازیگەلێکی لە سەرووی خواستە سینفییەکانەوە دەکات، چونکوو ڕاستەوخۆ نیزامی فێرکاری و نێوەڕۆکی پەروەردەی ئێران دەداتە بەر پلار و خوازیاری گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانە لە سیستەمی ڕاهێناندا. مامۆستایانی ئێران لەژێر گوشار و سەرکوتی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و بنەماخوازدا ناچار بە هەڵگرتنی لافیتەی نووسراو بە دروشمی داخوازییە سینفییەکانن، بەڵام نێوەڕۆکی خۆپێشاندانەکان باس لە هەڵوێستێکی جیددیتر دەکات بۆ بەرگری لە تەفروتووناکردنی کەسایەتیی مامۆستا لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا، کەسایەتییەک کە پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ پەروەردە و ڕاهێنانی قوتابیاندا. بەڵام لە ئێرانی چەند نەتەوەییدا و بە تایبەتمەندییە فەرهەنگییە جیاوازەکانی ئەم نەتەوانەوە، باس لە مامۆستایەتی و پەروەردەی منداڵان ناتەباییەک لە دابەشکردنی ئەرکی پەروەردەکاران لە جوغرافیای مرۆیی نەتەوەکان و لە ئەنجامدا زمانی پەروەردە و ڕاهێناندا دروست دەکات کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئامرازی فێرکاریی و مافی ڕاهێنان بە زمانی زگماکی قوتابیانەوە هەیە، لە ئێرانی چەندنەتەوەییدا سیستمێکی پەروەردە و بارهێنان ئەگەر چەمکی زمان بە هەند وەرنەگرێت دووبەرەکییەکان هەر لە بنەڕەتەوە درز و کەلێنی هەتاهەتاییان تێدەکەوێت و بزووتنەوەی مامۆستایان وەکوو زۆربەی بزووتنەوەکانی مێژووی سەدەی بیستەمی ئێران لە پاڵپشتی هەمەڕەنگی خۆی دوور دەکەوێتەوە و پەیڕەوی لە ئامانجی یەکدەستخوازی و یەکڕەنگخوازانەی دەسەڵاتەوە دەکات. هۆکاری بەشداری هەمەلایەنە و بەرچاوی مامۆستایانی کورد لە خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایان لە ئێران خۆی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە مامۆستای کورد هەست بە بۆشایی و بەتاڵییەکی زیاتر دەکا لە کەسایەتیی خۆیدا، بۆ نموونە بە هۆی خۆبواردن لە پەروەردە کردن و ڕاهێنانی منداڵانی کورد بەزمانی زگماکیی خۆیان کە مافێکی بنەڕەتی و ئینسانی هەر منداڵێکە لە جیهانی ئەمڕۆدا.

---

# چەند پەیڤێک لەبارەی "سەرم داناوە لەسەر دڵت"ی کەریم تاقانە

**سارۆ خوسرەوی**

کاک کەریم تاقانە ساڵانێکی زۆرە کورتەچیرۆک و بابەتی ئەدەبی دەنووسێت و تا ئێستاش چەندین ڕۆمان و شانۆنامە و کتێبی شێعریی لە زمانی سوێدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. «سەرم داناوە لەسەر دڵت»، نۆبەری شیعریی کاک کەریم تاقانەیە.

شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە وردیلەن، بەڵام ڕووبەری خەیاڵی شاعیر بێسنوورن. لەگەڵ خوێندنەوەی شێعرەکاندا هەست بە بیرکردنەوەی قووڵی شاعیر دەکەی، لە مەڕ خۆشەویستی بۆ دایک، بۆ نیشتمان بۆ ژینگە، بۆ زمانی کوردی و بەهای جوانی و خەونەکانی مرۆڤ. سەرچاوەی بوون و فەزای ئەم شێعرانە، دەکرێ ژیان و ئەزموونی پڕ لە هەوراز و نشێوی شاعیر خۆی بێت، بەڵام بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و بە زمانێکی تەواو شاعیرانەوە کە سپێتییش لەنێوان شیعرەکاندا دەکرێ هەڵگری مانای تایبەت بن.

شاعیر ترپەی دڵی تێکەڵ بە ملوانکەی وشەی کوردی دەکات و لە کورتترین شیعری خۆیدا خۆشەویستیی خۆی بۆ دایکی نیشان دەدات و دەڵێ:

**"قاچی زەوی لەرزی لەوێ،**
**دوو ئەژنووی من لێرە شکان.**
**لەوێ دایکم ڕاچەڵەکا،**
**لێرە هەناری دڵ داکەوت."**

شاعیر، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شەڕێکی تایبەت و دیاریکراو بکات، باس لە دیاردە و ئاکامی خراپی شەڕ دەکات و مەرگی مرۆڤەکان و وێرانیی سروشت و تاسانی هەموو جۆرە بوونەوەرێک لە بەریەک دادەنێت. شاعیر لێرەدا لە ڕوانگەی مرۆڤدۆستییەوە فەنابوونی جوانییەکانی مرۆڤ و سروشت وەک یەک پێناسە دەکات و دەڵێ:

**"پووش و پەڵاش بە هەواوە**
**شکا شان‌وملی دار**
**تاسا سێوەلاسوورەی باخچە**
**چنگی پڵنگ، گەرووی ئاسک**
**دەبینم ڕێواسی سووتاو**
**دەبیستم، لوورەی سەگ**
**جەنگە."**

لە ژینگەیەکدا کە فەزای ترس و زۆرداری حاکم بێت، دیوە سروشتییەکەی ژیان پێچەوانە دەبێتەوە، بەڵام شاعیر بێدەنگ نابێت و ئامادەیە لەپێناوی مانەوەی جوانییەکانی ژیان و ژینگەدا، باجی هەڵوێستەکانی خۆی بدات. ئاخر لای ئەو پرچی زێڕینی خۆر، چریکەی بولبول و باڵاکردنی درەختەکان، سەرچاوەی شێعر و ژیانن. وەک ئەوەی کە لە لاپەڕەی ٤٢ی دیوانەکەیدا دەڵێ:

**"دەست هەڵدەبڕم، قامکێکم لە گرەوی مەرگدایە**
**نایانەوێ خۆر پرچی خۆی دابهێنێ**
**ئەو بولبولە بخوێنێ**
**ئەو درەختە باڵا بکات**
**من سەرم لە گرەوی مەرگدایە**
**باڵندەیەک بە دوای ڕاوچییەکەی خۆیدا دەگەڕێ**
**زامێک، بە دوای تیرێکدا."**

نەمریی مرۆڤ لەوەدایە، دوای مەرگی خۆی جوانترین دەنگ و ڕەنگ بێت لە یادەوەریی کۆمەڵگەدا. شاعیر نایەوێ لە پاش خۆی دەنگ و ئەوینی کاڵ ببنەوە. ئەو لەگەڵ فرمێسک و تەنیایی خۆیدا کۆچ دەکات و چێژی خۆشەویستی لەپاش خۆی بەجێ دێڵێ و وەها باس لە مردن و هەرمانی خۆشەویستیی خۆی دەکات:

**"سبەی ڕەنگە هەڵمواسن**
**فرمێسک و هەناسەم، بۆ خۆم**
**دەنگی زوڵاڵم، بۆ تۆ**
**تەنیاییم، توێشووی ڕێگەکەم**
**ماچەکانم، ملوانکەیەک بۆ گەردنت."**

لە ڕوانگەی شاعیرەوە، بەها گرینگە، بەهای ئەو شتە جوانانەی کە بەشێکن لە بوون و ژیانی تۆ. تۆ ئەو دەمەی حەسرەت دەخۆی و خەم داتدەگرێ، بەشێک لە بەهاکانی ژیانت لە دەست دەدەی. وەک ئەوەی کە دەڵێ:

**"درەخت پرچ دادەڕنێ**
**بۆ ڕەگێکی وشکەوەبووی هەناوی خۆی**
**شاخ سینگ دەکوتێ**
**بۆ پۆلەکۆترێکی بێسەروشوێنی قەدپاڵی خۆی."**

شاعیر، ئەزموونی ژیان لە گەڕان و نوێبوونەوەدا پێناسە دەکات و ئەمە بە بەشێک لە خەونی ڕزگاریی بوونەوەرەکان لە قەڵەم دەدات و دەڵێ:

**"ئەم قنگڵاشکە لەو سارایە**
**گەلێک مارمێلکەی بینیوە؛**
**بە تەمای بێڵەکانەی خۆشەویستییە**
**بێت قاچی لە زەوی هەڵکەنێ.**
**ئەو کوچکە**
**لە مێژ ساڵە لەو دەشتەدا ڕاکشاوە،**
**خەون دەبینی، دەستێک دێت و هەڵیدەگرێ،**
**فڕێی دەداتە نێو گۆمێک."**

خەزان و هەڵوەرینی گوڵ و گەڵا، لای شاعیر تەنیا دیاردەیەکی سروشتی نین، بەڵکوو تێپەڕبوونی زەمەنە لە ژیانی هەریەک لە ئێمەدا، دابڕانمانە لە سەرچاوە و لانکەی خۆشەویستی. شاعیر بە حەسرەتەوە باسی ئەم کۆچ و لێکدابڕانەی دەکات و دەڵێ:

**"درەختی بەر دەرگا جێ دەهێڵێ و**
**گوڵدانی بەر پەنجەرەم**
**بە بەرچاوما ڕادەبوورێ**
**دەگاتە لای سەعاتی دڵ**
**لەوێ**
**هەڵدەوەرێ زەمەن**
**شەو شاد، پاییز!**

ناکرێ شاعیر بیت، بەڵام خەمی نان و ڕەنجی مرۆڤی هەژار و ئازاری منداڵان نەبینیت. شاعیر ئەو دەمەی لە بەرانبەر نایەکسانی کۆمەڵایەتیدا دەنگی هەڵدەبڕێت، شێعرەکانی دەبنە هەوێنی ژیان. هەر بۆیە کەریم تاقانە، لێرەدا جەخت لەسەر وشەی مرۆڤبوون دەکاتەوە و دەڵێت:

**"کێ مرۆڤە. کێ؟**
**ئەو ژنە شێوێ شک نابا**
**کچۆڵە ئاو دەفرۆشێ**
**باڵندەیەک تینوویەتی**
**مرۆڤ کێیە؟**
**تۆ خوانەکەت ڕەنگاوڕەنگ**




**ئەو کێڵگەی تاریکی تێراو دەکا**
**من سێرە دەگرم لە گوڵەستێرە."**

بە ڕای من کەریم تاقانە لەم بەرهەمە شێعرییەیدا جگە لە بەرهەمهێنانی دەقی شێعری، توانیویەتی جوانییەکانی وشەی کوردییش وێنا بکات. شیعر دەکرێ بەرزترین و ئەستەمترین ئاستی دەربڕین بێت لە زماندا، چونکە شاعیر لە ڕووبەرێکی بەرفروانتردا مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات.

شاعیر سەر بە هەر ڕەگەز و کولتوورێک بێت، دەبێ ئەوەی لەبیر بێت کە شێعر لە نێوەڕۆکدا لایەنی گەردوونیی هەیە. من ئەمەیان لە شێعرەکانی تاقانەدا بەجوانی دەبینم. خەمی ئەو، خەمی مرۆڤە، خەمی لەکیسچوونی بەها جوانەکانی ژیانە، فەرق ناکات لە نیشتمانی دایک بێت یان لە هەر شوێنێکی دیکە.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:826 7 July 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
kdp.taskilat@gmail.com
+9647508483312

# پۆلێکی دی لە لاوانی نیشتمان چەکی پێشمەرگایەتییان کردە شان

به تەواوبوونی دەورەی ٢٤٧ی سەرەتایی فێرگەیاندنی پێگەیاندنی پێشمەرگە پۆلێکی دیکە لە کچان و کوڕانی نیشتمان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا سازمان دران.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٤٧ی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەدا کە ڕۆژی یەکشەممە ١٢ی پووشپەڕ بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی سیاسیی پێشکێش کرد. بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بە یادی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی فێرگەی پەروەردە و بارهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتی: لە ماوەی ٤٠ ساڵەی دامەزراندنی فێرگەی حیزبی دێموکراتدا بەردەوام سەنگەرەکانی بەرگریی لە نیشتمان بە بوونی لاوان و کوڕان و کچانی ئازادیخواز و خەباتکار ئاوەدان بووە.

ئەندامی دەفتەری سیاسی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ زەبەروەشاندن لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پیلانی جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی کەلێن لەنێوان خەڵک و پێشمەرگە؛ بەڵام پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەمیشە دووانەیەکی لێکدانەبڕاو ماونەتەوە و هێز و وزەی پێشمەرگە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

پێشکێشکردنی چەند سروود و گۆرانی و خەڵاتکردنی سەرکەوتووانی دەورەی ٢٤٧ چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.



# فیستیڤاڵی گێلاس لە شنۆ ئی خەڵکە نەک دەسەڵات

فیستیڤاڵی گێلاس لە شنۆ لەلایەن ئەنجومەنە مەدەنییەکانی ئەوە شارە بایکۆت کرا. لەو فستیڤاڵەدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی پووشپەڕ بەڕێوە چوو، لە سۆنگەی دەستێوەردانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە لەلایەن خەڵک و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ئەو شارەوە بایکۆت کرا.

ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری شنۆ ڕایانگەیاندوە کە ئەوان لە دوو مانگ پێش ئەو ڕێکەوتەوە کۆبوونەوەیان گرتبوو بۆوەی فیستیڤاڵی ئەمساڵی گێلاس لەو شارەدا چۆن بەڕێوە ببەن و چ ڕێوشوێنێکی بۆ دابنێن، کەچی بە دەستێوەردانی ناوەندە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیم لەو شارە بڕیارەکانی ئەنجومەنە مەدەنییەکان هەڵدەوشێتەوە.

کاربەدەستانی سپای پاسداران داوا لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەکەن خۆ لە بەڕێوەبەریی ئەو فێستیڤاڵە بپارێزن و بەڕێوەبردنەکەی بەوان بسپێرن، بەڵام ئەوان بە یەکجاری فیستڤاڵەکە بایکۆت دەکەن. ڕێکخراوەکانی «میراتی فەرهەنگی و پیشە دەستییەکان»، گرووپە شاخەوانییەکانی ئەو شارە وەک: ‹‹پێشڕەو»، «چیا»، «هەڵگورد»، «سپی ڕێز»، «ڕەندۆڵە»، «بۆزی سینا»،»باران» و «یانەی شاخەوانیی شنۆ»، گرووپە ژینگەپارێزییەکانی وەک: «کێلەشینی سەوزی زاگرۆس» و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی وەک: ‹‹بیری زێڕین» و «ئەنجومەنی ئەدەبیی پرشنگی گەلاوێژ» بەشێک لەو لایەنە فەرهەنگی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییانە بوون کە ئەو فستیڤاڵەیان بایکۆت کردبوو.

شایانی باسە خەڵکی شار و ناوچە و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە کەسانی دیار و هونەرمەندەکانیش بەشدارییان لەو فێستیڤاڵەدا نەکرد و نیشانیان دا کە ئەوان بۆخۆیان خاوەنداری لە پرسەکانی خۆیان دەکەن و بەمجۆرە بایکۆتێکی گەورەیان خستە سەر ئەو فستیڤاڵە حکوومەتییە.



# وێنەی «مەستوورە ئەردەڵان» لەسەر بەژنی دارێک

تەیموور ئەیبووبی، هونەرمەندی خەڵکی لە سنە وێنەی مەستوورە ئەردەڵانی لەسەر بەژنی دارێک هەڵکۆڵی. ئەو هونەرمەند و دەستڕەنگینە وەکوو ڕێز و وەفایەک بۆ «مەستوورە ئەردەڵان» ئەو کارە هونەرییەی ئەنجام داوە. ماه شەرەف خانم» ناسراو بە «مەستوورە ئەردەڵان» شاعیر، نووسەر و یەکەمین ژنی مێژووناسی کورد بووە.




تەیموور ئەیبووبی ماوەی ٢٠ ساڵە سەرقاڵی شێوەکاری و پەیکەرسازییە و ماوەی ١٥ ساڵە پەیکەری کەسایەتییە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی کورد لەسەر دار هەڵدەکۆڵێ. ئەو هونەرمەندە دەستڕەنگینەی کورد هەتا ئێستا کۆمەڵێک پێشانگای لە ئاستی کوردستان و ئێراندا کردۆتەوە و کۆمەڵێکی زۆر لە بەرهەمەکانی لە پێشانگای ئاکادیمیی ئۆلەمپیکی لۆزان لە سویس، پێشانگای هونەری لە لەندەن و پێشانگای ناوەندی لویی فەڕانسوا لە پاریس خراوەتە بەرچاوی بینەران.

## بەر لە ماڵاوایی

# پەردە لەسەر ڕوخساری گیان



بابەک ناسری

هێشتا ماوەیەکی زۆر لەو شانۆگەرییە دەوڵەتییە دوور نەکەوتووینەتەوە. شۆوێکی گاڵتەجار لەسەر سروودێکی بەئەسڵ عێراقی کە لەژێر ناوی «سلاو فەرماندە»دا بڵاو بۆوە. سروودێک کە چەند کۆریژگەیەک دەیانخوێند و بەڕواڵەتیش بەردەنگەکەی لاوانی تازەپێگەیشتووی کۆمەڵگەن کە بەزۆر دەیانەوێ بیسەلمێنن جیلی نوێ و «دەیە نەوەد»ی، نەوەیەکی شوێنکەوتووی فەرماندەن و ژیانی داهاتووی خۆیان لەسەر ئاڕاستەی ئەو ئیسلامە ڕواڵەتییەی ڕێژیمی ئیسلامی لە بەردەمیانی داناوە دایدەڕێژن. بەڵام کامیان ڕاستن؟ ئەوەی کە بەکرێگیراوانی ڕێژیم پیشانی دەدەن یان ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن؟

بە تێڕوانینێکی بێلایەنانە بۆ ڕووداوەکان بەئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە جیلی نوێ پێبەندی هیچ کام لە دروشمەکانی ئەم ڕێژیمە نەبووە و نییە. نوێترین نیشانەکەشی ئەم کۆبوونەوە بێدەنگ و هەرایەی شیراز بوو کە دەنگدانەوەکەی لەرزی خستۆتە دڵی ڕێژیمەوە. ژمارەیەکی زۆر لە کیژ و کوڕی لاو و تازەپێگەیشتووی شیرازی بە ڕواڵەتێکی گونجاو –هەڵبەت لە گۆشەنیگای دەسەڵاتەوە نەشیاو– لە پارکێکدا کۆبوونەوە و کاتژمێرێکیان بە پیاسە و قاچەخلیسکێ بردە سەر. هەر ئەوە بەس بوو تا بانگەوازی ماستاوچییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بگاتە تەشقی ئاسمان و بە ناڵە و فەغانەوە بڵێن کە ئیسلام و هەموو بەهاکانی لەنێوب ران و ژێرپێ خران!

ئەو دەیە نەوەدیانەی لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیای سەردەمی ئێستادا هاوڕان و ئەو ڕێگە و ڕێبازەی هەڵیانبژاردووە، لەگەڵ نەوەکانی پێشوو بەتەواوی جیاوازە و پێبەندبوونیان بە بەها کۆمەڵایەتییەکان بە پێوەرێکی جیاواز لە بەرەکانی پێشوو هەڵدەسەنگێنن. لە بیرمان نەچووە کە چۆن لە ساڵی نەوەددا لە «پارکی ئاو و ئاگر»ی تاراندا ژمارەیەک گەنج بە تۆمەتی یاریی ئاوپڕژان گیران. یان گەمەی بەکۆمەڵی «خەزبازی» کە لە پارکی پەردیسانی تاران بەڕێوە چوو و ژمارەیەک گەنج و لاو بە قەرارێکی فەیسبووکی و بە جلوبەرگی ڕەنگاڵە و جیاوازەوە بۆ کاتژمێرێک کۆ بوونەوە تا بە وتەی خۆیان بۆ کاتێکی کەمیش بووبێ گۆڕانکارییەک لە ژیانیاندا دروست بکەن. خۆشییەکی ئاسایی کە هیچ زیانێکی بۆ کەسیتر نەبوو و بەشداربووانیش ویستیان بە ئارامی و بێ کێشە و قڕە ماوەیەک کات بەسەر ببەن. بەڵام هەر بەڕاست کێشەی سیستمی ئیدۆلۆژیکی ڕێژیمی ئیسلامی لەگەڵ ئەم جۆرەکۆبوونەوانەدا چییە؟ ئایا لەم کۆبوونەوانەدا بێڕێزی بە ئایینی ئیسلام یان هەر ئاینێکیتر یان تەنانەت کەسێکی جیابیر دەکرێت؟ لە حاڵێکدا کە لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ ئەم جۆرە کۆبوونەوانە ئاماژە بە هیچ نیشانەیەکی ئاژاوەگێڕی و نائارامی لەلایەن ئەو کەسانەوە ناکەن.

پەروەردەی ڕاسپێردراو و داخراو لەسەر بنەمای پێوەرە خۆدروستکردە کە دەبەسترێتەوە بە پێشینانی ئایینی، لە دنیای ئەمڕۆدا و بەپێی پێکهاتەی نوێکراوی تێکنۆلۆژی و پرۆسەی بەدیهاتنی خواستەکانی خەڵک لە جیهاندا جیاوازە. ناکرێت بە بوونی تێکنۆلۆژی و سۆشیال میدیا لە سەردەمی ئێستادا و کاریگەرییەک کە لەسەر ناخی نەوەی گەشەسەندووی ئێستادا هەیەتی، وەک قوتابخانەکانی سەردەمی پێشوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و چاوەڕوانی هەمان ئەو لێکچوون و ئەنجامانە بکرێت. تۆتالیتاریزمی دەسەڵاتداری ئێران کە کاربەدەستە ئایینیە توندڕەوەکان بەدوای بەرفراوانکردنی هەرچی زیاتریدا دەگەڕێن، ئەو تایبەتمەندییانەی نییە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی نەوەی ئێستا دابین بکات، بەڵام بۆچی حکوومەتێک کە بانگەشەی لەنێوبردنی ئەوانیتری بە مووشەکی خاڵپێک هەیە، چۆنە کە بە کۆبوونەوەی چەند کیژ و کوڕێک ئاوا لەرزە دەکەوێتە گیانی و دەتۆقێ؟ وەڵامەکە ڕوونە: کۆنترۆڵکردنی حەشیمەت بە پرەنسیپە خوازراوەکانی جۆری شیعیی ڕادیکاڵەوە ئیدی لەسەر نەوەی نوێ وەڵام ناداتەوە. سەرڕێژ و کلابوونی مەیلەکانی نەوەی نوێ دەبێت دەراویشتەیەکی گونجاوی بۆ ڕەچاو بکرێ کە هەمووکات خەمی بەرپرسانی بەشی پەروەردەی هەر وڵاتێکە و، ئەم مێتۆدە لە هەر جوغرافیایەکدا بەپێی تایبەتمەندییە جیاوازەکان ڕەچاو دەکرێت. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بڕیاردان لەسەر هەموو هەڵسوکەوتێک دەبێ بە تەشییە کۆنەکەی ئەوان بڕێسرێ و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و ئەوە سەرەتای دەسپێکی کێشەکەیە: نەوەی یاخی لەدژی فەرمانە ئیدئۆلۆژیکە کۆن و بێبنەماکانی دەسەڵات.

بە ڕوونی دیارە ئەو پەروەردە سواو و لەبەریەک هەڵتەکاوە لەلایەن «مەقامی عوزما خامنەیی»وە دادەڕێژرێ و فەرمان بە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام بەم جیاوازییە ئەم یاساگەلە کە منداڵی بەرپرسانی ڕێژیم ناگرێتەوە! بە واتایەکیتر ئەوە تەنیا خەڵکن کە دەبێ پێملی حەز و ویستی دیکتاتۆر بن و ئەگەر ڕۆژێک بێ و داوایەکی دیکەیان بێ، ئەوا دەبێ تێچووی قورسی ئەو لادانە بدەن. ترسی ڕێژیم لە نافەرمانی لەم بەشە و دواتر بڵاوبوونەوەی ئەم نافەرمانییە بۆ بەشەکانی دیکەی ژیانی خەڵکی ئێرانە. هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە لە سۆنگەی بەڕێوەبەریی نەشیاو و نالێهاتووی بەرپرسان و هاوکات سزا خۆسەپێنەکانی کە دیار و دەسکەوتی هەمان ڕێژیمنە بۆ ئێران، ژیان بۆتە مۆتەکەی تۆقێنەر و کامۆسکێکی ناخۆش بۆ خەڵک، بەڵام نیگەرانییەکانی ڕێژیم وادیارە شتێکی دیکەیە و تەنیا لە ڕواڵەتی خەڵکدا خۆی دەبینێتەوە.

بارەگای ڕێکخراوە مووچەخۆرەکانی وەک ئەمر بە چاکە و نەهی لە خراپە، کە پێکدێ لە ژمارەیەکی زۆر ئاڵقەلەگوێی ڕێژیم کە وەکوو ماشینی قورمیشکراو فەرمانەکانی دەسەڵات بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن، بەڵام هاوکات ئەو لاو و هەرزەکارانەی لەم بارودۆخە وەجان هاتوون و هەرجارە و بە جووڵەیەکی پێشبینینەکراو حەساوکتاوی «ویلایەتی موتڵەقەی فەقێ» تێکدەدەن و دەیدەن بەسەر یەکدا.

بە دڵنیاییەوە دیکتاتۆر قەت نایەوێ لە واتای ئەم شێعرەی حافز تێبگا کە دەڵێ:

**«تۆزی جەستەی منە وەک پەردە لەسەر ڕووی گیانم**
**خۆزگە بەو کاتە کە وا پەردە لەسەر ڕووم داخەم**

**بولبولێکی وەکوو من شیاوی نییە ئەو قەفەسە**
**دەچمە نێو جەننەتی گوڵزارێ مەلی ئەو باخەم»**